ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٩٦ ■ سێ شەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ _ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## لە یادی ١٢٣ ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌دا




ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ (٢٢ی ئاوریل) هاوکاتە لەگەڵ ١٢٣ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ڕۆژنامەی "کوردستان" لە قاهیرەی میسر. ئەو کارە مەزنەی لەسەر دەستی «میقداد میدحەت بەدرخان» کرا، بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی بزاوتی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌دا. لە هەموو ئەو ماوەیەدا ڕۆژنامەنووسی سەنگەری ڕۆشنگەری و بەگژداچوونەوەی دەسەڵات و داگیرکەرانی ناسنامەی کوردی و چەکی دەستی ڕووناکبیران و نووسەران بۆ بەرگری لە خەبات و مافەکانی نەتەوە بندەستەکەیان بووە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٢٣ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی‌دا وێڕای ڕێز و قەدرزانی لە خزمەت و ماندووبوونی هەموو ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە، پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لە سەرجەم تێکۆشەرانی ئەم بوارە دەکا و پێشوەچوونی هەرچی زیاتری ڕۆژنامەوانیی ئازاد و بەرپرسیار لە کۆمەڵگای کوردی‌دا بە ئاوات دەخوازێ.

### نەتەوەیی‌بوون

# شوناس‌خوازیی ڕوو لە گەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



## پرسی شوناس و هەوێتیی کوردی هەتا دێ تۆختر و بەرچاوتر دەبێ

دوکتور قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا دەڵێ نەسڵی من نەسڵی خودموختارییە، بەڵام ئێمە زەمانەتی ئەوە ناکەین نەسڵەکانی داهاتووی کورد بەوە قایل بن. تازەترین توێژینەوەیەکی ئاکادمیک لە پارێزگای سنەش ئاشکرای دەکا کە هەویتیی نەتەوەیی لە کوردستان پەرەی سەندووە.

لەم توێژینەوەیەدا باس لەوە کراوە کە لەلایەک بێکاری، هەژاری، پەرەنەسەندن، بێبەشی و هەڵاواردن لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا بەرهەست و پڕ دیارە و، لەلایەکی دیکەش کاردانەوەی گشتیی خەڵک بە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەری دەخا، کە پرسی شوناس و هەوێتیی کوردی هەتا دێ تۆختر و بەرچاوتر دەبێ و؛ لە بەرامبەردا ئینتیما و هۆگری و بەستراوەیی بە ناوەند لە کەمی دەدا.

ئەم توێژینەوەیە ئەمەشی بەدەستەوە داوە کە لە ئێستادا پێگەی شوناس‌خوازی، هەوێتی‌ویستی و ئارمانی خودموختاریی کورد لە پێگە و بەستێنی گوندەکانەوە هەڵکەندراوە و لە شاردا ڕەگی داکوتاوە. هەروەها سیاسەتی سەرکوت، ئێعدام، هێرشی نیزامی و میلیتاریزەکردنی کوردستان و ڕوانگەی ئەمنیەتی بە درێژایی مێژوو ئاکامی پێچەوانەی بووە. هاوکات سیاسەتی ئابووری و پرسی هەڵاواردنەکان کە نیزامی سیاسیی ناوەند بەسەر کوردستان‌دا سەپاندوویەتی، لەگەڵ سیاسەتی دان‌پێدانەنان بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان؛ هەستی قوربانی‌بوونی لە نێو کوردەکان‌دا بەهێزتر کردووە و ئەوانی پتر ڕەکێشی شوناس‌خوازی کردووە.

توێژینەوەکە کە پشتی بە زۆر دیمانە و فۆڕمی پرسیار بەستووە، دەڵێ کە نیزامی سیاسیی ناوەند لە کوردستان ڕەواییەتی نییە و ئاستی بەشداریی خەڵکی کوردستانی لە دوا هەڵبژاردنەکان‌دا وەک بەڵگە بۆ ئەو بابەتە بە نموونە هێناوەتەوە. هەروەها باس لەوە کراوە کە ڕێکاری حیزبی دێموکرات بۆ چارەسەری پرسی کورد کە لە چوارچێوەی دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»دا باس دەکا، لە ئێستادا بەهۆی چوونەسەریی وشیاریی گشتی و قووڵبوونەوەی هەوێتی‌ویستی و شوناس‌خوازیی پێگەی بەهێزی جارانی لەدەست داوە. نەوەی نوێی کورد ئەگەرچی بەشێکی ئێستاش خۆی بە «کوردی ئێرانی» دەزانێ، بەڵام «ئێرانی‌بوون» لای زۆرینە هۆگرییەکی جوغرافیاییە کە بەرهەمی پێکەوەژیانی زۆرەملێیە، نەک هۆگری مێژوویی، هەوێتی، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی.

توێژینەوەکە دەڵێ ڕەوتی گشتیی داخوازییەکان و تەنانەت دروشمی خۆپیشاندانەکانی سەرشەقامی ساڵانی ڕابردوو لە کوردستان بەرەو ئاراستەی «کوردستانی‌بوون» هەنگاوی ناوە و ئەگەرچی ئەم بابەتە لە فۆڕمی مێژوویی‌دا بۆ بنەما پەروەردەییەکانی حیزبە کوردییەکان دەگەڕێتەوە؛ بەڵام مەیلی تێپەڕین لەم ئەزموونە و هاوکات هەڵگرتنی لە ڕەوتی بزووتنەوەی شوناس‌خوازیی نوێ‌دا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ.

◆ سەروتار


## تاکە ڕێگا ئەوەیە: پشتی خەڵکی ڕاپەڕیو بگرن

**عەلی بداغی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای ساڵی نوێدا بەدوای قۆستنەوەی دوو دەرفەتدا دەگەڕێ. یەکەم ئەوە کە لە دەرەوە و لە پرسی وتووێژە نوێیە ئەتومییەکان‌دا بە هەڵگیرانی سزا ئابوورییەکان هەناسەیەکی بێتەوە بەر؛ دووهەم ئەوە کە لە نێوخۆی وڵات سێزدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماری جۆرێک مەهەندیسی بکا کە خەڵکێکی بەرچاو تێیدا بەشدار بن؛ هەتا لە ڕێگەی وێنە و دیمەنەکانی بەشداریی خەڵکەوە ئیدیعای ڕەواییەتی خەڵکی بکا.


شەش ساڵ لەوە پێش و لە بەرجامدا ئەم دەرفەتەی ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوویدا ویڵە بە ڕێژیم درا: سزا ئابوورییەکانی لەسەر هەڵگیران، بە سەدان میلیارد دۆلار پارەی بلۆکەکراوی بۆ ئازاد کرا، کۆسپەکانی بەردەم وەبەرهێنانی بیانی لە نێوخۆی وڵاتدا هەڵگیرا، ڕێگە بۆ فازێکی نوێ لە پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی خۆش کرا و بەگشتی کۆمەڵگەی جیهانی دەروەستییەکانی خۆی لەبەرامبەر ئێراندا بەدی هێنا. بەڵام ئێران لەبری ئەوە چیی کرد؟ لە یەک ڕستەدا: ئەوەی دەبوا بیکا نەیکرد و ئەوەی نەدەبوا بیکا کردی. دەبوا دەستی لە دوژمنایەتیی ئەمریکا و ئیسرائیل هەڵگرتبا کە ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢




٢

**کۆماری ئیسلامی دەبێ چەک بکرێ**




٣

**زۆر بە کورتی (لە ٣٥ ساڵەی مەرگی هێمن‌دا)**



٤

**ڕێژیم بەڕواڵەت بەهێز و لە هەناودا هڵۆڵ و کلۆڵ**



٥

**ڕەعیەتی سیاسی و هەڵبژاردن لە ئێران‌دا**



١١

**جوغرافیای لەدایکبوونی بەیت**

◆ درێژەی سەروتار

## تاکە ڕێگا ئەوەیە: پشتی خەڵکی ڕاپەڕیو بگرن

... کە هەڵی نەگرت. دەبوا بەرنامەی ئەتومی و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژی نابایە ئەولا، بەڵام وەلای نەنان. دەبوا وازی لە نانەوەی ئاژاوە و بشێوی و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی دراوسێی دوور و نیزیکیدا هێنابا کە نەیهێنا. دەبوا بە ئیمزاکردنی دوو کۆنڤانسیۆنەکەی پێوەندیدار بە سپیکردنەوەی دراو و بەگژداچوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان (FATF)، متمانەی کۆمەڵگەی جیهانی و هاوبەشە سیاسی و ئابوورییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابا، کەچی ئەوەشی نەکرد. دەبوا دراو و دۆلارە دەستکەوتووەکانی بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی وڵات و باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک خەرج کردبا، لەوەش خۆی بوارد. بەڵام پێچەوانە: بە پشتبەستن بە سەرچاوە داراییەکانی وڵات، کۆک و پۆشتەکردنی میلیشیاکانی بۆ شەڕی نیابەتیی پەرە پێدا. لە پیشەسازیی مووشەکیی ڕێگەپێنەدراوی خۆی بەردەوام بوو و ئەو مووشەکە پێشکەوتووانەی پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنێکی نێونەتەوەیی لە وڵاتێکی دیکەدا و لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی تاقی کردەوە. کردەوە تێرۆریستییەکانی لە خاکی ئورووپادا دەست پێکردەوە و ئاستی تاوان و جینایەتی گەیاندە ئەو جێیەی سیلە لە فڕۆکەی مەدەنی بگرێ و بە ڕۆژی ڕوون حاشاشی لێ بکا؛ هەتا ئەوەی بە بەڵگە قامک لە چاوی ڕۆ کرا و ناچار بوو بڵێ گرووپێکی سەرەڕۆ ئەم کەتنەی کردووە. کاتێکیش لە نێوخۆی وڵات خەڵک بۆ داواکردنی مافەکانیان و ناڕەزایەتی بە دۆخی هەبوو کە هەمووی دەرەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بوو، بەربووە گیانی ئەو خەڵکە. گرتووخانەکانی لە ئازادیخوازان ئاخنی. بە ئێعدامی چالاکان و سەپاندنی سزای زیندانی درێژخایەن بەرەوڕووی خەڵک بووەوە. کوشتارەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ دوو نموونەی ئەو خوێنڕشتن و جینایەتانەن کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە وەڵامی داوا مەدەنی و ڕەوا و دێموکراتیکەکانی خەڵکدا کردنی.

لەو دەرفەتەدا کە بەرجام بۆ کۆماری ئیسلامی خولقاندی، دەبوا سامانی زۆروزەوەندی وڵات بۆ خەڵکی وڵات خەرج کرابا کە نەکرا و درا بە حەماس و حوسی و حیزبوڵلا و گرووپە جیهادییەکانی دی. دەبوا واکسەنی دژەکۆرۆنا بۆ خەڵک دابین کرابا، کەچی سەودا بە گیانی خەڵک کرا. ئێران تەنیا وڵاتی دنیایە کە واکسەن بە پارە دەداتە خەڵکی وڵاتەکەی و لە ئێستادا واکسەن لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکاندا بە ٦٠ میلیون تمەن بە خەڵک دەفرۆشرێ؛ لەولاش شانازیی بەوەوە دەکەن کە ئۆرانیۆمیان بە خەستی سەتا ٦٠ (بۆ ئامانجی ئاشتیخوازانە!) پیتاندووە.

ئێستا کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا لەگەڵ دوو لایەن بەرەوڕوویە: خەڵک لە نێوخۆی وڵات و کۆمەڵگەی جیهانی.

هەڵوێستی خەڵک ڕوون و ئاشکرایە، ئەویش تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی. لەخۆڕا نییە لە بارودۆخی ئێستادا، لە ڕاستی ڕاستەوە هەتا چەپی چەپ دانیان بەوە دادەنێن کە کۆمەڵگە لە دۆخی شۆڕشدایە. بەناو ڕیفۆڕمخوازان لەو نێوەدا ڕایانوایە کە تاکە چارەسەری دەربازبوون لەو دۆخە هەڵبژاردنی «ئازاد»! و چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانی وڵاتە. بەڵام ئەمە خەیاڵی خاوە. نە هەڵبژاردن لەکۆماری ئیسلامیدا ئازاد بەڕێوە دەچێ و نە خەڵک جارێکی دیکە لەو کونەوە پێیانەوە دەدرێ.

سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ، پێشێلکرانی مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئێعدام، تێرۆری فیزیکیی ڕێبەران و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و سیاسەتی ئابووری و وەبەرهێنان کە قەیرانەکانی بێکاری و گرانیی ئێستای لێ کەوتووەتەوە، تەنیا بەشێک لەو جینایەت و کارەساتانەن کە هەم لە دەوڵەتی ڕیفۆڕمخوازەکان و هەم لە دەوڵەتی ئوسولگەراکاندا بەبێ جیاوازی کراون و بڕیاریان لەسەر دراوە. خەڵک ئیدی هەمووان دەزانن ڕیفۆڕمخواز و ئوسولگەرا دوو ڕووی یەک دراون و شاعیر گوتەنی هەردوو دەمی تیژی یەک مقەستن. خەڵک «کۆماری درۆ»یان زۆر باش ناسیوە و چیدی متمانەی پێ ناکەن. ئەو بەڵێن و درۆیانەی لە ڕۆژانی پێش «شۆڕش»ەوە دەرخواردی خەڵک دەدرێ و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. لە بەخۆڕاییکردنی بڕق و ئاو و هاتوچۆوە، هەتا دابینکردنی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەمووان و، هەتا دەگاتە گرێبەستی ٢٥ ساڵەی ڕێژیم لەگەڵ چین لەم دواییانەدا کە ڕێژیم ئیدیعا دەکا لە بەرژەوەندیی ئابووریی وڵاتدایە؛ کەچی ئامادە نین نێوەرۆکەکەی ئاشکرا بکەن کە نەکا درۆکانیان ئاشکرا بن، وەک بڵێی چینییەکان خۆییتر و مەحرەمتر بن! یان هەر ماوەیەک لەوە پێش خامنەیی گوتبووی ئامادە نابین لەگەڵ ئەمریکا بکەوینەوە وتووێژەوە و ئەمریکا هەم دەبێ سزاکانی سەر ئێران هەڵگرێ، هەم چەند هەزار میلیارد دۆلار زیان لە سۆنگەی هاتنەدەر لە بەرجام و سەپاندنەوەی گەمارۆکان بۆ ئێران ببژێرێ؛ کەچی ئێستا خوداخودایانە ئەمریکا باوەشی بەخێریان بۆ بکاتەوە و لەگەڵیان دابنیشن!

ئێستا کە ئەم ڕێژیمە هیچ ڕەواییەتێکی لە نێوخۆی وڵات و لەلایەن خەڵکەوە نییە و بەپێی فاکتەکان سەلماندنەکەشی ئاسان و بەڵگەنەویستە، دەبێ وڵاتانی خاوەن بڕیار لە گۆڕەپانی سیاسیی دنیا بۆیان دەرکەوتبێ کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ هەتا ئەم ڕێژیمە لەسەر کار بێ. بۆیە حەق نییە لەگەڵی بکەونە دانوستانێکەوە کە دیسانەکەش کڵاویان بچێتە سەر. پێش بەرجام هەموو توانای ئێران پیتاندنی ئۆرانیۆم بە خەستی سەتا ٢٠ بوو، بەڵام ئێستا ئۆرانیۆمی بە خەستیی سەروو سەتا ٦٠ هەیە و پیشەسازیی مووشەکی و چەکی کۆمەڵکوژیشی بە ڕادەیەکی بەرچاو پێش خستووە. بۆیە ئەگەر بەڵێنی ڕاگرتنی چالاکییە ئەتومییەکانیشی بدا هەر ماوەیەکە و دوای ئەوەی هەموو ئیمتیازەکانی وەرگرت و لە تەنگانە ڕەخسا، سەرلەنوێ تێ هەڵدەچێتەوە.

کۆمەڵگەی جیهانی حەق وایە دەنگی خەڵک ببیستێ و پشتی بگرێ، هەر ئەوەندە. خەڵک بۆخۆیان ئەم ڕێژیمە دەڕووخێنن.

# کۆماری ئیسلامی دەبێ چەک بکرێ



مستەفا مەولوودی

دوای ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە کۆشکی سپی پرسی دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بە واتایەکی دیکەی بووژانەوە و ڕزگارکردنی بەرجام! خراوەتەوە دەستووری کاری وڵاتانی گرێدراوی ئەم بابەتە. بۆ ئەو بەمەبەستە تا ئێستا چەند گەڕی وتووێژی ئاشکرا و نهێنیش لە ڤییەن، پێتەختی ئۆتریش بەڕێوە چووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سیاسەتی ڕەسمیی خۆیدا بەردەوام گوتویەتی کە کێشەکانی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوە نین کە لە بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی ئەم ڕێژیمەدا کورت بکرێنە. ئەم ڕێژیمە دژی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی و پێشێلکەری مافەکانیان و هۆکاری زۆربەی نائارامییەکانی ناوچەشە. پاڵپشتی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە کۆمەڵگەی جیهانیش کەمی بەڵگە لەسەری بەدەستەوە نییە، یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیە کە پێویستیە هەم لە دانوستانەکان و هەم لە پێوەندی و دیپلۆماسی لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدا لەبەرچاو بگیرێ. ئەم نووسینە ئاوڕێک لە بابەتی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەداتەوە.


سیاسەتی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕێژیمەدا یەک لەو پێناسە هەرە دیارانەیە کە ئەم ڕێژیمەی لە ئاستی دنیادا پێ دەناسرێتەوە. لە نێوخۆی وڵاتیشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەنگبێ یەکەم قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و تەنانەت لە دنیا بێ، لەبەر ئەوەی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ئێران بە تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوڕای نیزامیی حیزب لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ دەستی پێکرد. تێرۆرە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی حیزبی دێموکرات هەتا ئێستاش درێژەی هەیە کە دەکرێ تەقینەوەکەی شەوی یەڵدای بەردەم دەفتەری سیاسی لە شەوزستانی ١٣٩٥، تێرۆری قادر قادری، فەرماندەیەکی نیزامیی حیزب و هێرشی مووشەکی بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزب لە قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ تازەترینی ئەم نموونانە بن. هەروەها لە کارنامەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیدا ناوی دەیان ڕێبەری ئاستبەرز و سەدان کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەری ئەم حیزبە تۆمار کراوە کە بەرچاوترینیان تێرۆری دوو سکرتێری گشتیی حیزب، شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ئەم دوو ڕێبەرە بلیمەتە لە تێرۆرەکانی ڤییەن و بێرلینە.

ئەمەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو ماهییەت و مێژوویە کە هەیەتی لە هیچ بارودۆخێکدا دەست لە کار و کردەوەی تێرۆریستی هەڵ ناگرێ. تێرۆر لە تەنیشت ئێعدامەکان لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا بە مەبەستی لێدان لە دژبەرانی لای ئەوان کارێکی تابڵێی پیرۆزە و شەرعییەت لە دەقە ئایینییەکانیش وەردەگرێ. بۆیە لە هیچ بڕگەیەکی زەمەنی و لە هیچ بارودۆخێکدا وەلای نانێن، مەگەر ئەوەی لە ژێر گوشارەکاندا کەم ببنەوە یان فۆڕم و شێوەی تێرۆرەکان بگۆڕدرێن.

جیا لەوەش ئەزموون نیشانی داوە کە حکومەتە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان لەکاتی تەنگانەدا پاشەکشەیان کردووە و دەیکەن. بەتایبەت هەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی خومەینیدا بە خواردنەوەی جامی ژەهر و ئەوەی خامنەیی بە ”نەرمشی قارەمانانە“ ناوی دەبا، نموونەی ڕوون لە ڕەفتاری ئەو ڕێژیمەیە کە لە پێناو پاراستنی نیزام و دەسەڵاتەکەیان کەم و زۆر ناچار بە پاشەکشە دەبن.

بۆیە بەڵگەنەویستە کە کۆماری ئیسلامی واز لە تێرۆر ناهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سیاسەتە ناتوانێ دەسکەوتێکی بۆ ڕێژیم هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی وایە کە پرسی کورد، پرسێکی سیاسییە و پێویستە لە ڕێگای دیالۆگ و وتووێژەوە چارەسەر بکرێ و مێژووی خەباتی کوردیش نیشانی داوە کە ئەم نەتەوەیە هەتا گەیشتن بە مافە دێموکراتی و ڕەواکانی خۆی دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرێ.

مێژووی تێرۆر بە مانای چەمکە سیاسییەکەی ئێستا لە ئێران گرێدراوی ڕێکخراوی فیداییانی ئیسلامە کە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە لایەن موجتەبا نەواب سەفەوییەوە دامەزرا. ئەم گرووپە لانیکەم دوو سەرۆکوەزیرانی ئێران (ڕەزمئارا و حەسەنعەلی مەنسوور) و چەند کاربەدەستێکی پایەبەرزی ڕێژیمی شا (بۆ نموونە عەبدولحوسێن هەژیر، وەزیری دەربار)ـی تێرۆر کرد. دیارە مەبەست لەو نووسینە ناساندنی تاقمی فیداییانی ئیسلام نییە، بەڵکوو دەرخستنی گرێدراویی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە بەو گرووپەیە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران خۆمەینی فیداییانی ئیسلام بە ڕۆڵەی فیداکار و دڵسۆزی میللەت ناو دەبا. خامەنەیی دەڵێ لەبەر خۆشەویستی نەوابی سەفەوی ڕووی کردۆتە سیاسەت، هاشمی ڕەفسەنجانی دەڵێ ئەو دەمانچەی حەسەنعەلی مەنسووری پێ تێرۆر کراوە من بۆ فەخرئارایم دابین کردوە. کەسانی دیاری وەک مەهدەوی کەنی و خەڵخاڵی جینایەتکار ئەندامی تاقمی ”فیداییانی ئیسلام“ی تێرۆریست بوون. ئەوە پێشینەی بەشێک لە کاربەدەستانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە کە ئێمە شارەزاییمان لە سەریان هەیە. جیا لەوەش بیرکردنەوەی ئەوانە بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ترس و تۆقاندن لە نێوخۆی وڵات بۆ بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و جیا لەوانە لە زۆر ڕێگەی دیکە کەڵکیان وەرگرتوە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئیرادەی گەلانی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆری وەک: سنووردار کردنی ئازادییە گشتی و تاکە کەسییەکان، سەرکوتی گەلان و ئازادیخوازانی ڕاپەڕیو، بەربەست کردنی ئازادییەکان بە هەموو شێوەیەک لە ڕێگای گرتن، زیندان و ئەشکەنجە کردن و ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوان و شۆڕشگێرانی گەلانی مافخواز لە ئێران بە تایبەت لە ڕێگای تێرۆر و ڕەشەکوژی. سیاسەتێک کە تا ئێستاش بەردەوامە و لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتیش لە ڕێگەی دەستوپێوەندییە ئێرانی و بیانییەکانی وەک حیزبوڵڵای لوبنان لەسەری سووره.



ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆری بە چەکێکی پێویست و گرینگ بۆ حەزف و لەنێوبردنی نەیارانی خۆی زانیوە. ئەم ڕێژیمە بۆ لێدانی دژبەرانی خۆی بەتایبەت لە نێو هێزە پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری لە چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بەکار هێناوە. هەوڵدان و پیلانداڕشتن بەمەبەستی زەربەوەشاندنی فیزیکی لە حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییە مخالف و جیابیرەکان کە بە ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوە، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە.

بە سەرنجدان بەو فەکتانە ڕوونە کە تێرۆر، فەلسەفە و ماهییەتی ئەو ڕێژیمەیە، ئەو ڕێژیمە بێ تێرۆر و سەرکوت و زەبروزەنگ ناتوانێ درێژە بە حاکمییەتی خۆی بدات. وەک باس کرا کارنامەی تێرۆریستیی ڕەشی کۆماری ئیسلامی بۆ کەس شاراوە نییە. ئەم ڕێژیمە هەم تێرۆری دەوڵەتی کردوە و هەم نێودەوڵەتی. سەدان چالاکیی سیاسیی ناوبەدەرەوەی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی تێرۆر کردووە، ئەویش نەک هەر لە نێوخۆی وڵات، بەڵکوو لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی و پێشکەوتوودا. هەر بۆ ئاماژە پێکردن جیا لە تێرۆرەکانی نێوخۆی ئێران و قەتڵە زەنجیرەییەکان لە نیوخۆی وڵاتی ئێراندا، لە عێراق لەسەر ئەندامانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لە دەرەوەی وڵات لە ئورووپا شاپوور بەختیار، شەهریار شەفیق، غوڵامعەلی ئووەیسی، دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری ئازەر، فەرەیدوون فەڕووخزاد، عەبدولڕەحمان بروومەند، کازم ڕەجەوی، ڕەزا موزلوومان، بیژەن فازڵی و ڕەزا فازڵی، عەلی ئەکبەر تەباتەبایی، دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نموونەی دیاری کارنامەی تێرۆریستیی ئەو حکوومەتەن.

جیا لەوە کۆماری ئیسلامی لە پشتی زۆر تێرۆر و کردەوەی تێرۆریستی بووە کە بەرژەوەندیی لایەنە نەیارەکانی ئەم ڕێژیمەی کردووەتە ئامانج. بۆ نموونە: تەقینەوەی ئامیا لە ئارژانتین لە هاوینی ١٩٩٤؛ زنجیرە تەقینەوەکانی ساڵی ٢٠١٢ی بانکوک لە تایلەند؛ پیلانی تێرۆری ”عادڵ ئەلجوبەیر“، وەزیری دەرەوەی عەڕەبستان لە واشنگتۆن کە لێیان ئاشکرا بوو، تەقینەوەی ”دێهلی“ لە هیند لە ساڵی ٢٠١٢؛ کردەوەی تێرۆریستی لە ”کێنیا“ لە ساڵی ٢٠١٢ و زۆر کردەوەی تێرۆریستی لە بەحرەین“ و ... . هەر بە پێی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆماری ئیسلامی لە چل ساڵی ڕابردوودا ٣٦٠ تێرۆری ئامانجداری لە زیاتر لە چل وڵاتی دنیا ئەنجام داوە کە ئەو تێرۆرانە لە ڕێگای سپای قودس، باڵی دەرەوەی سنوورەکان سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی، وەزارەتی ئیتلاعات و حیزبوڵڵای لوبنان بە وەکالەت و کەسانی سەر بە ئێران جێبەجێ کراون.

ئاماری تێرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە بزووتنەوەی کورد زیاتر لەو ئامارە گشتییەشن. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لە ٤٠٠ کەس لە تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی کوردی داوەتە بەر پەلاماری تێرۆریستی کە حیزبی دێموکرات بە تەنیا زیاتر لە ٣٠٠ کادر و پێشمەرگە و ئەندامی لێ تێرۆر کراوە.

بینیشمان کە لە بڕیاری مێژوویی دادگای بێرلین (مێکۆنووس) لە بەهاری ١٩٩٧دا بەڕوونی پەردە لەسەر ئەوە لادرا کە هەموو تێرۆرەکان لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەت پێکهاتوو لە ڕێبەری باڵا، سەرۆککۆمار، وەزیری دەرەوە، وەزیری ئیتلاعات و فەرماندەری سپای قودس (باڵی دەرەوەی سنوورەکانی سپای پاسداران)ەوە بڕیاریان لەسەر دراوە.

بۆیە هیوادارین وڵاتان بە تایبەت وڵاتانی ئورووپایی لەو مادەیەدا سیاسەت و کردەوەی تێرۆریستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان باشتر بۆ دەرکەوتبێ و ئەگەر هەروا هەڵسەوکەوت و ساتوسەودای لەگەڵ بکەن، سەیر نییە کۆماری ئیسلامی بۆ ئامانجی ڕەش و سەپاندنی زیاتری دەسەڵاتی شوومی خۆی بەرژەوەندی ئەوانیش واتە ئورووپاییەکان وە مەترسی بخا، هەر بۆیە پێویستە پێشی ئەم ڕێژیمە بگیردرێ و بەربەستی جیددی بۆ کردەوە تێرۆریستییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دابندرێ.

پێویستە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی پشتی بگیردرێ و بێگومان ئەگەر وڵاتانی زلهێز و شوێندانەری دنیا دەنگی مافخوازیی گەلانی ئێران ببیستن و ڕێزیان بۆ بڕیار و پەسندکراو و پرەنسیپە جیهانداگرەکانی خۆیان هەبێ؛ کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لە تەڕاتێنەکانی بەردەوام بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کە قوربانیی سەرەکیی تیرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بۆ لە قاودانی ماهییەتی ئەو ڕێژیمە ئامادەیە هاوکاریی هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکی بەشەردۆست بکا و لەپێناو وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تێرۆری، تێرۆرکراون لە دەرەوە بە تایبەت ئەو تێرۆرانەی پێوەندییان هەیە بە تێکۆشەرانی کورد و ئەندامانی حیزبی دێموکرات وەک تێرۆری دوکتور قاسملوو و سەدان کردەوەی تێرۆریستی دیکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان تێدەکۆشێ.

# ڕۆژی لەدایک بوونی پێشەوا بکەین بە ڕۆژی هاوپێوەندیی نەتەوەیی



عومەر باڵەکی



یازدەی بانەمەری ساڵی ١٢٧٩ی هەتاوی (١٩٠٠م)، واتا ١٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە بنەماڵەی قازی عەلی لە شاری سابلاغ (مەهاباد)کوڕێک لەدایک دەبێ و بە محەممەد ناودێر دەکرێ. محەممەد لە باوەشی بنەماڵەیەکی خوێندەوار و دەستڕۆیشتوو، و پێگەیشتووی ئەو سەردەمدا گەورە دەبێ و گەشە دەکا و فێری بە خوێندن و خوێندنەوە دەبێ. لەتەمەنی لاوەتیدا تێکەڵ بە کاروباری دادوەری و قەزاوەت دەبێ و لەو ڕێگایەوە زیاتر ئاشنا بە دەرد و بەشمەینەتیی گەلەکەی دەبێ و دەبینین دواتر بیروهزری دەبێ بە ئیلهام و سەرچاوەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد و لە ڕەوتی کار و تێکۆشانی نەتەوەییدا بەحەق نازناوی پێشەوای گەلی پێ دەدرێ . پێشەوا لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە لای باوکی کە قازیی شاری سابلاغ بوو، وەبەر خوێندن دەنرێ و بەپێی هەلومەرجی ئەوکات بۆ درێژەدانی خوێندن دەچێتە خانەقای شێخی بورهان و لە حوجرەی فەقێیان دەمێنێتەوە و لەو سەردەمەدایە ژیری و بلیمەتیی پێشەوا بۆ دەوروبەرەکەی دەر دەکەوێ. تەنانەت لەگەڵ ئەوەدا کە تەمەنی لەو خوێندکارە دینییانەی لەگەڵیان دەخوێند کەمتر بوو، بەڵام لە بەر تواناکانی وەک سەرپەرستی خۆیان هەڵیانبژاردووە.

پێشەوا هەم بە هۆی ژینگەی بنەماڵەیی و هەم ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەری ڕوویان دابوو، بەتایبەتی دوای مەرگی باوکی کە ئەرکی دادوەری لە مەحکەمەی شاری کەوتبووە سەر شان، ببوو بە مرۆڤێکی لە کڵ دەرهاتوو، واتا کەسایەتیی پێشەوا بە چەشنێک پوختە ببوو کە کردار و گوفتاری کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە دادەنا. ئەو کەسایەتییە ئەوکاتە بە باشی خۆی دەردەخا کە ڕێبەریی کۆمەڵەی ژێکاف داوای لێ دەکەن بێتە نێو ئەو ڕێکخراوەیە، نەک تەنیا وەک ئەندام بەڵکوو وەک پێویستیی ڕێکخراوەیی. چونکە ڕێبەریی ژێکاف بەپێی هەلومەرجی ئەوکاتی کۆمەڵگەی کوردستان هەستیان بەوە کردبوو کە بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە دەوری ژێکاف کۆ ببنەوە، پێویستیان بەوە بوو کە کەسایەتییەکی وەک پێشەوا ڕێبەریی ئەو ڕێکخراوە وەئەستۆ بگرێ.

> **پێشەوا لەپێناو باوەڕەکانیدا مەرگی سەربەرزانەی هەڵبژارد و گیانی بەخشی بە ئامانجەکانی گەلی کورد، لە حاڵێکدا ئەگەر بیویستبا زۆر ڕێگا هەبوو بۆ ئەوە بتوانێ گیانی خۆی و تەنانەت برا و ئامۆزاکەی لە مردن ڕزگار بکا. هەربۆیەشە خەڵکی کورد دوای هەرسهێنانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدرانی پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بیر و ڕێبازی پێشەوا و حیزبی دێموکراتیان بەر نەداوە و لەو ڕێگایەدا بێوەچان خەباتیان کردووە**

پێشەوا بە هۆی خوێندنەوەی مێژووی جووڵانەوەکانی کورد و گەلانی دیکە و ڕووداوەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد بە تەواوی هەستی بەوە کردبوو کە گەلی کورد کاتێک ڕزگار دەبێ کە دەروازەکانی زانستی سەردەمی بە ڕوودا بکرێتەوە و بۆ ئەو کارەش پێویست بوو ڕادەی خوێندەواری و تێگەیشتوویی لە کۆمەڵگەدا گەشە بکا. بۆیە هەم لەسەردەمی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە فکری دامەزراندن و کردنەوەی قوتابخانەدا بووە بۆ ئەوە منداڵان و تەنانەت گەورەساڵانیش تێیدا بخوێنن و بە چرای زانست پەروەردە بن و ڕێگای بەختەوەریی خۆیان و ژیان بدۆزنەوە. تەنانەت لەو بابەتەدا مەهاباد و ناوچەی موکریان بە هۆی بڕیارێکی گرینگی پێشەوا هەنگاوێک لە پێش ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بوون، کە ئەویش ئیجباریکردنی خوێندنی کچ وکوڕ کە تەمەنیان گەیشتۆتە قۆناخی خوێندن و، تەنانەت ڕادەگەیەندرێ کە دایک و باوکی سەرپێچیکار لەو بڕیارە بەرەوڕووی سزا دەبنەوە. مەرج و بنەمایەکی دیکە لە پێویستییەکانی سەرکەوتن کە پێشەوا هەستی پێ کردبوو ئەوە بوو کە گەل دەبێ یەکگرتوو بێ، بە واتایەکی دی کلیلی سەرکەوتنی لە یەکگرتوویی نەتەوەیی دا بەدی دەکرد و بۆ ئەو مەبەستەش بە هەموو تواناکانی خۆیەوە کاری بۆ دەکرد. ئەو بابەتە لە وتاری پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندان)دا ئاوا ڕەنگی داوەتەوە: "... لە پێش هەموو شتێکدا ئیختیلاف و دووبەرەکیی عەشایەری کە بە دەسیسە و حیلەبازیی ئیستعمارچی و دیکتاتۆران بۆ ئیستیثمار و خواردن و کرووساندنەوەی ئەو میللەتە بە قەولی خۆیان (تفرقه بینداز و حکومت کن) دەبەینی خستبوون و تا ئەندازەیەک ئەو ئاورە بڵێسەی سەندبوو، برای دایک و بابی لە یەک بەزاندبوو؛ لە گۆڕێ هەڵگیرا، نێوی عەشیرەت و تەوایف و هەرچی ئەسبابی ئەو نیفاق و پەرش‌وبڵاوییە بوو فڕێ درا و عموومەن لەژێر عینوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان تێکرا بەرەو ئامانجی ئازادی کەوتنە ڕێ."

پێشەوا لەگەڵ ئەوەدا ناسیۆنالیست بوو و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوە بوو کە نەتەوەی کورد چارەنووسی بە دەستی خۆیەوە بێت، بەڵام ناسیۆنالیستێکی بەرچاوتەنگ نەبوو، بەڵکوو باوەڕی تەواوی بە پێکەوەژیانی گەلان هەبوو، و ئەوە لە قسە و نووسینی هەموو ئەو کەسانەدا دەردەکەوێ کە ئەوکات لە نزیکەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان و شێوەی هەڵسوکەوتی مەئموورەکانی کۆمار و شەخسی پێشەوایان بینیوە. پێشەوا کەسێکی ئاشتیخواز بوو. لە ماوەی حوکمرانیی کۆماری کوردستان وەک سەرکۆمار و کەسی یەکەم و بڕیاربەدەست، هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ناکۆکییەکان لەگەڵ فیرقەی میللیی ئازەربایجان و تەنانەت حکوومەتی تاران لە ڕێگای ئاشتییانە و لەسەر مێزی وتووێژ و دانوستان چارەسەر بکا.


پێشەوا ڕێبەرێکی کرداری و نوێخواز و نەریتشکێن بووە، و هەموو کات هەوڵی دەدا لە خۆی و بنەماڵەکەیەوە دەست پێ بکا؛ بە تایبەتی ئەو کردارانەی پێوەندییان بە شکاندنی کۆمەڵێک سوننەتی کۆمەڵگەوە هەبووە. پێشەوا خۆی دەستپێشخەریی دەکرد بۆ ئەوە خەڵکی دیکەش بە دوایدا بین و ئەو شێوە ڕەفتارە جۆرێک لە متمانەی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمی بە پێشەوا دروست کردبوو. لە هەمان کاتدا پێشەوا باوەڕی تەواوی بە دێموکراسی هەبووە و لە قسە و وتارەکانیدا بە ڕوونی ئیشارە بە باوەڕمەند بوونی بە دێموکراسی دەکا و ئەوە خۆی شتێکی دەگمەنە. بۆ؟ چونکە ٧٥ ساڵ لەوە پێش پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان پێکهاتەیەکی بە تەواوی عەشیرەیی و سوننەتی بوون دەسەڵاتدارەتیی لە دەوڵەت و حکوومەتدا پاشایەتی بووە بە واتایەکی دیکە چەمکی دێموکراسی بە گشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەک جێ نەکەوتبوو بەڵکوو شتێکی نامۆ بوو. بەڵام ئەمە بۆ پێشەوا نامۆ نەبوو، چونکی باش تێگەیشتبوو کە لە هەر وڵاتێکدا بەبێ بوونی حکومەتێکی دێموکراتیک کۆمەڵگە ناتوانی بە ئازادی و سەربەستی بگا و ئەوە لە وتارەکەی ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستاندا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ: "... دیارە مەوفەقییەتی ئێمە سەراسەر لە عەینی مەرامی دێموکراسی و لە نەتیجەی فەعالییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پشتیوانیی عالەمی دێموکراتە.... ئەوڕۆ لە نمایندەگانی تەواوی نەواحی ونوقاتی کوردستان بێڕیعایەتی تەبەقات ئەعەم لە ئاغا و ڕەعیەت و گەورە و بچووک کۆ بوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان هاواری دێموکراسی دەکەن و بە ڕێی دێموکراتدا دەڕۆن و ئەوە قودرەت و قووەتی دێموکرات نیشان دەدا."

پێشەوا کەسایەتییەک بوو کە وەفادار بە بەڵێن و پەیمانەکانی بوو. ڕۆژی ئیعلانی کۆمار لە مەیدانی چوارچرا بەڵێنی دا بە خەڵکی کوردستان و سوێندی خوارد کە هەتا دواهەناسەی ژیانی بە ئامانجەکانی گەلی کورد وەفادار بێ و بەپێی بەڵگەکان و قسەی دۆست و دوژمن کاتێک لە زیندانی شادا لەگەڵ برا و ئامۆزاکەی (سەیفی قازی و سەدری قازی) دەستبەسەر بوو و لە دادگای نیزامیدا دادگای دەکرا، ئەو پەیمان و بەڵێن و سوێندەی هەر لەبیر بوو و پێی وەفادار مایەوە. ئەو بۆ یەک چرکەش لە دیفاعکردن لە ماف و ئامانجەکانی گەلی کورددا تووشی دوودڵی و دڵەڕاوکێ نەبوو و لەو ڕێیەدا مەرگی سەربەرزانەی هەڵبژارد و گیانی بەخشی بە ئامانجەکانی گەلی کورد لە حاڵێکدا ئەگەر بیویستبا زۆر ڕێگا هەبوو بۆ ئەوە بتوانێ گیانی خۆی و تەنانەت برا و ئامۆزاکەی لە مردن ڕزگار بکا. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی کوردستانیش دوای هەرسهێنانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدرانی پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بیر و ڕێبازی پێشەوا و حیزبی دێموکراتیان بەر نەداوە و لەو ڕێگایەدا بێوەچان خەباتیان کردووە و شەهیدیان داوە و تووشی کارەساتیماڵوێرانکەر بوون. بەڵام نەترساون و ئازایانە ئەو ڕێگایەیان درێژە پێ داوە. بۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە پێشەوا لەو سەردەمدا نوێنگەی ئیرادەی بەرزی نەتەوەیەکی بەشمەینەت بوو، بۆیە ئێستاش لە مێژووی نەتەوەی کورددا لە ڕیزی هەرە پێشەوە و بە خۆشەویستترین ڕێبەر و سەرکردەی نەتەوەیی دادەنرێ.

لە کۆتاییدا پیرۆز بێ ١٢٠ساڵەی لەدایک بوونی پێشەوا و بەو هیوایە کە ئامانج و ئاواتەکانی پێشەوا بێنە دی و ڕۆژی لەدایک بوونی بکرێ بە ڕۆژی هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان، چونکە پێشەوا بۆ کورد ژیا و بۆ کورد گیانی بەخت کرد.

***

## زۆر بە کورتی



عەبدوڵڵا حەسەنزادە

ئەم ڕۆژانە یادی سەد ساڵەی لەدایکبوون و ٣٥ساڵەی کۆچی دوایی هێمن*، گەورەشاعیر و -ئەگەر کەس لێم تووڕە نەبێ- سەردەستەی شاعیرانی شێعری کلاسیک لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەم لاوە، دەکرێتەوە. نووسەران و شاعیران و بەگشتی ئۆگرانی شێعری هێمن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر لە هێمنی شاعیر و هێمنی «سەوداسەری ئازادی» دواون و دەست و دەم و چاوی هەموویان خۆش بێ. بەداخەوە ئەم یادە لەحاڵێکدا نوێ بۆتەوە کە ئەمن بە هۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڕۆناوە لە ماڵەکەی خۆم دەستبەسەرم. بۆیە بەڕاستی نووسینی بابەتێکی شیاوی هێمن بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا بۆ من زۆر دژوارە. بەوحاڵە هەر پێم حەیف بوو هیچ نەنووسم، چونکە هەرچی بنووسم -وەک دەڵێن- لە هیچێ چاکترە.

هەر وەک هەمووان بەهەق گوتیان هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هێمن (بە شێعر و پەخشانەوە) دەگەڵ ئەوەی کاری بەنرخی لەسەر کراوە- بەتایبەتی لەلایەن مامۆستا دوکتۆر عوسمان دەشتییەوە- هێشتا زۆری دیکەی بەبەرەوە ماوە. کەوایە لەم بارودۆخەمدا ئەمن تەنیا ئاوڕ لە دووسێ چەمکی کارەکانی هێمن دەدەمەوە:

- ئاشکرایە هێمن نە یەکەم شاعیر و نە یەکەم کەسە کە هەستیان بە گرنگی و بایەخی خوێندن و خوێندەواری و هەر لەوکاتەدا بەجێمانی نەتەوەی کورد لەو بارەیەوە کردووە، بەڵام دیوانی هێمن پڕە لەو بابەتە و ئەویش بە چ مێتۆدێکی جوان و شیرین! بڕوانن چەند جوان بەرگری لە ئازادی و یەکسانیی ژن و پیاو و پێویستیی هەوڵدان بۆ فێربوون پێکەوە ئاوێتە دەکا کە دەڵێ:

**«دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە**
**چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە»**

یان بە چ شێوەیەکی حەکیمانە و کۆمەڵناسانە ڕوو دەکاتە کچی کورد و دەڵێ:

**«دەکا گیرۆدەتر پیرانی دڵتەڕ ئەو کچە کوردەی**
**بچێتە مەکتەب و بسکی بە مۆدی تازە هەڵپاچێ»**

- شاعیری فارس دەڵێ:

**«اگر آن ترک شیرازی بدست آرد دل ما را**
**به خال هندوش بخشم سمرقند و بخارا را»**

فۆلکلۆری کوردی لە خۆرهەڵات دەڵێ:

**«وەک بەختەکەی من ڕەشە خاڵەکەی سەر ڕوومەتی**
**بە سابڵاغێ پێک نایە، موکوریانە قیمەتی»**

لە فۆلکلۆری باشووری کوردستانیش گوێمان لێ دەبێ کە دەڵێ:
بۆ ماچێکت هەرزانە هەولێر و سلێمانی و کۆ

کەچی هێمن وەردەسووڕێ و ڕوو بە شەنگەبێریی گراویی خۆی دەڵێ:

**«شەنگەبێری گراویی خۆم، وێنووسی جەماڵ و جوانی**
**ئێستێش پاڵێنێ وەک جاران لە شوان و مێگەل دەڕوانی؟**
**وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لە تۆ ئازیزتر**
**نەمدەدا بە تەختی شاهی دەنا بەردەبێری شوانی**

ئەمە بۆ گراوییەکەی، ئێستا هێمنی ئاشقی ژن و جوانی لەگەڵ دەربڕینی ئەوپەڕی وەفا و سۆز و خۆشەویستی بۆ شەریکە ژیانەکەیدا چ دەڵێ:

**بەڵێ، سەختە و یەکجار سەختە دووری لە ژن، نامرادی**
**بەڵام لە ژن خۆشەویستتر لەلای من ئەتۆی ئازادی!»**

- بەڵام لەلای من شابەیتی هەموو شێعرەکان و شاکاری هەموو کارەکانی هێمن چوارینەیەکە کە ئەوەندەی ئاگام لێیە تا ئێستا کەس باسیشی نەکردوە. خۆزگە هەمووان بە تایبەتی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کورد ئەو چوارینەیەیان لەبەر دەبوو، پەیامەکەیان دەبیست و نێوەرۆکەکەیان دەکردە سەرمەشقی ژیانی خەباتگێڕانەی خۆیان:

**«زۆری نەماوە بێتە بەر نەمامی هەوڵ و خەباتم**
**لە داگیرکەر پاک بێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم**
**چەک دادەنێم، گۆچانەکەی جارانم هەڵدەگرمەوە**
**تۆ هەر بێری بە و من هەر شوان فریشتەی تاسەو ئاواتم!»**

بەڕاستی ئەگەر پەیامی ئەم چوارینەیە بیسترابایە و بەدڵ سپێرابایە خەڵکی کوردستان ئەو هەموو ململانەیە لەسەر دابەش‌کردنی (دەسکەوتی خەبات) یان باشتر بڵێین خێروبێری ئەم نیشتمانە خێرنەدیوەیان دەبینی؟

لە کەموکوڕییەکان داوای لێبووردن لە خوێنەران و یادی نەمری هێمن دەکەم و دەڵێم: کۆڕۆنا خەجاڵەت بێ کە خەجاڵەتی ئازیزانی کردم.

***

* بۆیە هیچ عینوانێکی بۆ دانانێم، چونکە خانی و جزیری و نالی و مەحوی و گۆران و هەژار و هێمن و ... زۆر لەوە بەرزترن بە لەقەب و عینوان گەورە بکرێن.



# ئامرازی سەرکوت لەپێناو مانەوەی زیاتردا



دیاکۆ دانا

ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش نەیویستووە بۆ چارەسەری پرسی کورد و نەتەوەکانی دی لە ئێران‌دا تێبکۆشێ، بەڵام چ ئێستا و چ لە داهاتوودا پرسی کورد ئی ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، بەمەبەستی نەهێشتنی جیابیران و بیروبۆچوونی جیاواز و سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی "شیعەی دوازدە ئیمامی" سەرکوتی کردە ئامرازی سەرەکی بۆ خوڵقاندنی کەشی ترس و دڵەڕاوکێ و هەروەها کەپکردنی هەر دەنگێکی نارازی کە پرسیار بخاتە سەر سیستەمەکەی. نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی دەوڵەتانی تۆتالیتێر و پاوانخوازی سەدەی بیستەمە کە بە کەلکوەرگرتن لە دەزگای سەرکوت جینایەت و کارەساتی بێوێنەیان خوڵقاندووە. وەکوو ڕێکخراوی "ئێس، ئێس" سەر بە ئاڵمانی سەردەمی نازی، ڕێکخراوەی "چێکا" سەر بە یەکیەتیی سۆڤیەت پێشوو یان "خێمرە سوورەکان"ی سەردەمی پۆل پۆت لە کامبووج و... کە بە کوشتنی میلیۆنان کەس مێژوویەکی دڵتەزێنیان تۆمار کرد. کۆماری ئیسلامییش بە هەمان شێوە لە ماوەی ئەو چل و سێ ساڵەدا، لە هیچ جینایەت، ئەشکنجە و کوشتارێک درێغی نەکردووە.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا کۆڵەکەی سەپاندنی دەسەڵاتی ڕێژیم بووە. ئەم ڕەوتە بە سەرکوت و قەدەغەکردنی چالاکی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە دەستی پێکرد کە لە سەرەتاوە بە ناسینی کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوون مل بۆ دەسەڵاتەکەی ڕاکێشن، یان ئەو هێز و لایەنانەی ئەگەرچی لە سەرەتای شۆڕشدا لەگەڵ ڕێژیم بوون، بەڵام پاش ئەوەی ناوکی سەرەکی ڕێژیم هەموو دەسەڵاتەکانی بە تەواوی جێگر کرد، هەموویانی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران وەدەرنا و، بە پشتبەستن بە سیاسەتی ئێعدام، ئەشکنجە، زیندانی و بێ سەروشوێن کردن لەگەڵیان ئامبازی نەیاران و ڕەخنەگرانی بۆوە. ئێستاش پاش چوار دەیە کەشی داخراوی سیاسی و میلیتاریستی لە خزمەت بەردەوامیی ئەم سیاسەتەیە.

سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی نارازیی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان کە لەگەڵ ئەودا هاوڕا نین، ڕوویەکی دیکە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامییە. هەروەک چۆن لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ دا، بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان دەستی کرد بە جینایەتێک کە هەتا ئێستاش بە شێوازی جۆراوجۆر هەر درێژەی هەیە. ئەم سەرکوتە نەتەوەکانی دیکەی وەک بەلووچ و عەرەبیش دەگرێتەوە. تێرۆری ڕێبەرانی سیاسی، ئێلیت و بژاردە سیاسی و فەرهەنگییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات بەشێکی دیکە لە ڕوزوومەی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامین.

سەرکوتکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵک، ڕوویەکی دیکەی سەرکوتکارییەکانی ڕێژیمە کە لەوەشدا ئەوەندەی بۆی کراوە خوێنی ڕشتووە و لاوی لە بەند خستووە کە سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکانی "کوی دانشگاه" لە ساڵی ١٣٧٨، نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨، نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨ چەند نموونەیەکی ئەم ڕەوتەن.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ساڵانە ئەو ڕێژیمە لە لایەن ڕێکخراوە و دەوڵەتانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە مەحکووم دەکرێ، بەڵام ڕێژیم بێ ئەوەی گوێی بەو مەحکومکردن و گوشارانە ببزوێ -وەک چۆن هەر ئەم حەوتوویە 8 کاربەدەست و سێ دەزگای بەڕێوەبەریی ئەم ڕێژیمە لە سۆنگەی سەرکوتی خەڵک لە خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ەوە لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە سزا دران- لە سیاسەتی سەرکوت، ئەشکەنجە، زیندانی کردن و... بەردەوام بووە. هۆکارێکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ڕێژیمە مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا و هێژمۆنیی ئیدئۆلۆژیکیی خۆی تەنیا تەک ڕەهەندیکردنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی سەرکوت، کۆمەڵکوژی، نەهێشتن و لادانی جیابیران و دەنگە نارازییەکاندا دەبینێ و، هەتا باری گرانتر بێ و پتر خۆی لە تەنگانەدا ببینێ، ئەوەندە پتر بە لای سەرکوتدا دەشکێتەوە.

سیاسەتی سەرکوت لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامییدا وەک زۆربەی پرۆژە حکوومەتییەکان دابەشکاریی بۆ کراوە. بەشی زانیاری (ئیتلاعاتی) لەو بازنەیەدا دەوری سەرەکی لە دەستنیشان کردن و ناساندنی خەڵکی نارازی و دژبەرانی ڕێژیمی هەیە کە زۆر جار بەر لەوەی خۆپیشاندانێک بکرێ یان کردەوەیەکی نارەزایەتی و دژبەرانە ڕوو بدا، چالاکان و هەڵسووراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە دەگرێ و دەسبەسەریان دەکا. بەپێی چارتی سازمانیی ڕێژیم پتر لە ١٦ ناوەندی زانیاری (ئیتلاعاتی) لە ئێران بە جیاوازیی کار و قورساییان خەریکی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سەرکوتن کە وەزارەتی ئیتلاعات، ئیتلاعاتی سپای پاسداران، ئیتلاعاتی هێزە ئینتیزامییەکان و ئیتلاعاتی دەزگای قەزایی دیارترینیانن.

بەشی عەمەلیاتیی سەرکوت کە هەم هێزە ئینتیزامییەکان، گاڕدی دژی شۆڕش، بەسیج، سپا، ئەڕتەش و بەشە نیزامییەکانی دیکەی ئۆرگانیزمی ڕێژیم دەگرنەوە، سەرچاوەت ماڵی و ئیمکاناتێکی یەکجار زۆریان بەدەستە.

دەزگای داد کە بڕیار لەسەر پەروەندە سیاسییەکان -کە لە ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا دروست دەکرێن- دەدا، لە تەنیشت بەشی میدیا و دەزگای پڕوپاگندەی ڕێژیم بە بودجەی دیار و نادیاری بێحسێبەوە دوو قۆڵی دیکەی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامین.

***

# کۆماری ئیسلامیی بەڕواڵەت بەهێز و لە هەناودا هلۆڵ و کلۆڵ



مستەفا شەڵماشی

ئەگەر بە پڕوپاگاندا و بلۆفلێدانەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بێ، ئەو ڕێژیمە بە یەکێک لە گەورەترین زلهێزەکان، لانیکەم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بە حیساب دێ. لە لایەک بەرنامەی درێژخایەن و ستراتیژیکی چەکی ئەتۆمی و ئێنرژیی ئەتۆمی بەدەستەوەیە کە سەدان میلیارد دۆلار لە سەرمایەی گەلانی ئێرانی تێدا بە فیڕۆ داوە و دنیای پێوە سەرگەرم کردووە و لە لایەکی دیکەوە بەرنامەی مووشەکیی زیرەک و درێژمەودای وەڕێ خستووە و لە ڕاستیشدا تا ئەو ڕاددەیە چووەتە پێش کە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نیگەران کردووە. سەرەڕای ئەوانەش هەرلە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە دەستی کردووە بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتە لاوازەکانی ناوچە و هەر لە عێڕاقەوە بگرە تا سووریە، لوبنان و یەمەن دەستە و تاقمی نیابەتیی تێدا پێکهێناون کە وەک ئاش سەرمایەی گەلانی ئێران هەڵدەمژن و بە هەزاران گیرفانی قووڵ بە دۆڵارەکانی بەدەستهاتوو لە نەوت و گازی گەلانی ئێران دەئاخنرێن.



جگە لەمانە بەرنامە نیزامییەکانی ڕێژیم هەم لە سپای پاسداران‌دا، هەم لە سپای قودس کە تایبەت بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی پێکهاتووە و هەروەها بەسیج و دامودەزگای سیخوڕی و تەنانەت دامودەزگای تەخریبی فەرهەنگیی گەلانی ناوچە، بە شێوەیەکی بەربڵاو کاریان لەسەر دەکرێ و بەشی هەرە سەرەکیی داهاتی ئێران لەو بەرنامانەدا خەرج دەکرێ.

لە نێوخۆی وڵاتدا هەیکەلی ڕوو بە دەرەوەی نیزام لەوەش بەهێزتر نیشان دەدرێ و هێزی ماسوولکەی ڕێژیم لە بەرامبەر خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران‌دا زۆر لەوەش بەهێزتر خۆی نیشان دەدا. نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵک بە کوشتاری بەکۆمەڵ وەڵام دەدرێنەوە و هەر دەنگێکی نارازی ڕووبەڕووی دڕندانەترین شکەنجە و زیندان و تەنانەت ئێعدام دەبێتەوە. ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی و چالاکانی مافی نەتەوەکانی ژێردەستەی ئێران و چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤی و ژینگەیی و چالاکانی ژنانی مافزەوتکراو و زوڵملێکراوی ئێران و چالاکانی بواری سینفی و بەکورتی هەر کەس و لایەنێک سەر ببزێوێ و داوای مافێک بکا، ڕێژیم بەوپەڕی دڕندەیی و توندوتیژییەوە دەجووڵێتەوە و هەوڵ دەدا هەر دەنگێکی مافخواز لە نوتفەدا خەفە بکا. لەبەرامبەر کاسبکارانی سەرسنوورەکان بە تایبەت لە کوردستان، ئەهواز و بەلوچستان بەوپەڕی دڕندەییەوە دەجووڵێتەوە و کۆڵبەرانی کورد و کاروانچیانی بەلوچ کە بۆ دابینکردنی نانی منداڵەکانیان شانیان وەبەر کارێکی ئاوا دژوار و پرمەترسی داوە، وەبەر دەستڕێژی گوللە دەدا ومەزلومانە دەیان کوژێ یا برینداریان دەکا. ڕێژیم لە هەمو ئەو جێگایانەی کە هاوکێشەی هێز بەلای دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەودایە و تا ئەو جێگایەی کە بەرامبەرەکەی لەخۆی لاوازترە، وەک هەیکەلێکی ترسێنەر دەردەکەوێ و زۆریش بەهێزتر لەوەی کە هەیە خۆی نیشان دەدا.

وەڵامی چالاکیی سیاسیی حیزب و ڕێکخراوە دژبەرەکانی خۆی بە تێرۆر و ئێعدام و ئەشکەنجە و هێرشی نیزامیی ڕێگا پێنەدراو دەداتەوە، هەر وەک چۆن لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتی نەگریسی خۆیدا بە دەیان ڕێبەر و کادر و پێشمەرگەی حیزب و ڕێکخراوە کوردی و ئێرانییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە تێرۆر کردووە. هەروەک چۆن لە بەرامبەر کۆبوونەوەی سیاسیی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا مووشەکی درێژمەودای زیرەکی بەکار هێناوە و چەندین کەس لە ڕۆڵە هەڵکەوتووەکانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر میزی لێکدانەوەی سیاسی و بەدەوری جێگای کۆبوونەوەدا، لە کادری ڕێبەری و پێشمەرگە لەخوێن‌دا شەلاڵ کردووە.

ڕێژیم لە عێڕاق، لە سووریە، لە لوبنان و لە یەمەن، بەدەیان گرووپی تیرۆریستیی پەروەردە کردووە و لە گیانی خەڵکی ئەو وڵاتانەی بەرداون. بە هەموو ئەو جینایەت و دەستێوەردان و تیرۆر و ئاژاوانەی کە لە نێوخۆی ئێران و لە دەرەوەی ئێران وەڕێی خستوون، شێرەبەفرینەیەکی لە خۆی درووست کردووە کە ئەگەر بە جوانی سەیری هەناوی داڕزاو و هەڵوەشاوی نەکرێ، حیسابی زلهێزێکی بۆ دەکرێ و لە زۆر بواردا باجی پێ دەدرێ، لەجیاتی ئەوەی کە بەربەرەکانی لەگەڵ بکرێ و هەوڵ بدرێ دەستی کورت بکرێتەوە. هەروەک چۆن بەداخەوە هەم لە لایەن وڵاتانی ئورووپاییەوە و هەم جاروبار لە لایەن ئەمریکاوە، باجی پێ دەدرێ و هێندەی دیکە بەرەو لەخۆبایی‌بوون هان دەدرێ.

بەڵام ئەو هەیکەلە و قەوارە ترسێنەرەی بەڕواڵەت نیشان دەدرێ، لە هەناودا بەتاڵ و داڕماوە. نیشانەکانی ئەو داڕمانەش ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەردەکەون. لەباری ئابوورییەوە ڕێژیم لەوپەڕی لاوازی و بێ‌بەرنامەیی دایە. نیزیکەی ٦٠% ی کۆمەڵانی خەلکی ئێران گەیشتوونە ژێر هێڵی هەژاری. هەر بەپێی ئامارەکانی خودی ڕێژیم زیاتر لە ٣٧% لە دەستەکانی کار و پسپۆڕی لە ئێران‌دا بێکارن. تەنانەت لەنێو ئەو کەسانەدا کە خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و خاوەن پسپۆڕین، زیاتر لە ٢٥%یان، یان بێکارن یا ڕوو لە کرێکاری و کۆڵبەری دەکەن. کۆمەڵگەی ئێران بەتەواوی شیرازەی تێک چووە و ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر لە ترازان و قەیرانی جۆراوجۆردا نوقم دەبێ. پیشەسازیی ئێران جگە لە هێندێک بواری وەک بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی کە نیزیکە ٣٠%ی داهاتی ئێرانی قووت داوە و تا ئێستا بچووکترین دەسکەوتیشی نەبووە و تەنیا بووەتە هۆی گەمارۆی ئابووری، زووربەی سەنعەتەکانی دیکە بەرەو نەمان چوون. تەنانەت لە هەندێک بواری گرینگدا کە ئێران پێیانەوە ناوبانگی جیهانی هەبوو، وەک نەوت، گاز، پستە، فەرش، زەعفەران و زۆر بەرهەمی هەناردەیی دیکە، وەزع لەوپەڕی خەراپی دایە. بارودۆخی ڕێژیم لە باری ئابوورییەوە گەیشتووەتە جێگایەک کە بچێ لەگەڵ چین گرێبەستی ٢٥ ساڵەی نابەرابەر و تەواو پێچەوانەی بەرژەوەندیی نیشتمانی ئیمزا بکا و هێندێک جێگا و بواری ئابووریی ستراتیژیک و گرنگ هەرزانفرۆش بکا.

لە باری ئیدۆلۆژیک و سیاسیشەوە ڕێژیم بەتەواوی شکستی خواردووە. لە ناردنەدەرەوەی شۆڕشەکەی‌دا بۆ وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیچ دەسکەوتێکی نەبووە. سەرەڕای حاتەمبەخشی بە داهاتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە و خەرجکردنی سەدان میلیارد دۆلار بۆ کڕینی هەوادار لەو وڵاتانە دا، تەنانەت کۆمەڵانی خەڵکی شیعەش لە باشووری عێڕاق و لوبنان و جێگای دیکە خۆپیشاندان لە دژی دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە وڵاتەکەیان‌دا دەکەن. لەنێو ئێرانیش‌دا ڕێژیم لە بارودۆخێک‌دایە کە ئەگەر ئێستا هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێ شک لەوەدا نییە کە سەتا ١٠%ی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی دەگەڵدا نییە. لە باری برەوپێدانی مەڕام و بۆ چوونە مەزهەبییەکانیشیەوە نەک تەنیا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو زبرێکی قورس و گەورەشی لەو مەڕامە داوە کە شەو و ڕۆژ دەهۆڵی بۆ دەکوتێ و بەپێی بۆچوونی زۆربەی پسپۆڕان، کۆمەڵگەی ئێران لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا، ساڵ لە دوای ساڵ زۆرتر لە دین و مەزهەب دوور کەوتووەتەوە و ئێستا شیمانە دەکرێ کە ئەگەر ترسی ئەشکەنجە و ئازاری کاربەدەستانی ڕێژیمی لەسەر نەبێ، کۆمەڵگەی ئێران لاییک‌ترین کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ.

لە باری نیزامی و ئەمنییەتیشەوە ڕێژیم سەرکەوتنێکی بەرچاوی نەبووە. ڕاستە لەبەرامبەر کۆمەلانی خەڵکی بێچەک و بێدەسەڵات‌دا زۆر ماسوولکەی لەخۆی نیشان داوە و بە کوشتار و ئێعدام و ئازار و ئەشکەنجە توانیویەتی ترسێک لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا دروست بکا -کە دیارە ئەو ترسەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر شکاوە- بەڵام لە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنە دەرەکییەکانی‌دا کە بە دەستی خۆی کردوونیە دوژمن، هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە. ڕێژیم کە بەپێی ستراتیژییەکی درێژخایەن نیازی هەبووە دوژمنایەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ هەمو نەیارانی خۆی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی ئێران و لە ڕێگای پێکهێنانی گرووپ و تاقمی چەکدار و تێرۆریستییەوە شەڕی نیابەتتیان پێ بکا و بە قەولی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دوژمنانی فەرزیی خۆی تێک بشکێنێ، سەرەڕای بە فیڕۆدانی سەرمایە و کادرێکی نیزامیی زۆری خۆی، هیچ دەسکەوتێکی بەرچاوی نەبووە. تەنانەت نەیتوانیوە شەڕ لە نێوجەرگەی خۆیشی‌دا دوور بکاتەوە. چونکە تا ئێستا چ لە ناوچەدا و چ لە نێوجەرگەی دەسەڵاتی خۆی‌دا زەبری زۆر گەورەی خواردووە، بێ‌ئەوەی بتوانێ تۆڵە بکاتەوە و تەنانەت دڵی کەسوکاری کوژراوەکانی خۆیشی ڕازی بکا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی خۆی، لە باری هێزی ئەمنییەتی و زانیاری پاراستنیشەوە لە تاقیکردنەوە دەر نەچووە و نەیتوانیوە ئەمنییەتی مۆرە ئەمنیەتی و پسپۆڕی و ناوەندە ستراتیژییەکانی خۆی دابین بکا.

لە ماوەیەکی کورتی زەمەنی‌دا لە پسپۆڕەکانی زانستی فیزیکی ئەتۆمی کەسانی وەک مستەفا ئەحمەدی ڕەوشەن، مەجید شەهریاری، مەسعود عەلی‌محەممەدی، داریووش ڕەزایی‌نژاد، حەسەن تێهرانی موقەدم و موحسین فەخریزادە لە نێوجەرگەی دەسەڵاتی ڕێژیم‌دا کوژراون. هەروەها تەقینەوەی عەمباری مووشەکی لە تاران و کوژرانی حەسەن تێهرانی موقدم کە بە دامەزرێنەری بەرنامەی مووشەکیی ڕێژیم ناوی دەبرا لە گەڵ ١٧ کەسی دی، یان کوژرانی کەسی دووەمی ئەلقاعیدە (عەبدوڵلا ئەحمەد) کە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی خۆی پەنای بۆ ڕێژیم

درێژە بۆ لاپەڕەی ٥

# ڕەعیەتی سیاسی و هەڵبژاردن لە ئێران‌دا



ڕەحمان سەلیمی

٢٨ی جۆزەردانی ئەوساڵ هەڵبژاردنی دەوری سێزدەهەمی سەرۆککۆماری و هاوکات هەڵبژاردنی شووڕای شار و گوندەکان لە ئێران بەڕێوە دەچێ. هەرچەند ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە وەک هەموو هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا ناتوانێ دەورێکی گرینگی لەسەر چارەنووسی خەڵک هەبێ، بەڵام هەڵبژاردن وەک دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە زۆر ڕووەوە شایانی لێوردبوونەوەیە. لەوانەیە گرینگترین پرسیار لەو پەیوەندییەدا کە دەبێ لە خۆمانی بکەین ئەوە بێ کە لە بنەڕەت‌دا ئامانج لە هەڵبژاردن یان فەلسەفەی هەڵبژاردن چییە و ئایا دەکرێ لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسیی ئیدئۆلۆژیک و تەواویەتخوازدا هەڵبژاردنێک بە مانای ڕاستەقینەی خۆی ئەنجام بدرێ؟ ئایا هەڵبژاردن کردەیەکی کاتییە کە بە دەنگدان دەست پێ دەکا و کۆتایی دێ یان پرۆسەیەکی بەردەوامی بەشداریی سیاسیی تاکەکانی کۆمەڵگەیە؟

هەڵبژاردن وەک باشترین ڕێگای دەستاودەست کردنی دەسەڵات و بەشداریی هاووڵاتی لە پرسە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان‌دا، تەنیا لە دەنگدان‌دا کورت نابێتەوە، بەڵکوو دەنگدان قۆناغێکە لە قۆناغەکانی بەشداری لە هەڵبژاردن. لە بەر ئەوەی هەڵبژاردن پرۆسەی بەرپرسیارکردنی هاووڵاتییە لە چارەنووسی خۆی لە هەموو بوارەکان‌دا. واتە ئەوە هەڵبژاردنە شارۆمەندی مۆدێڕن لە ڕەعیەتی سیاسیی پێش مۆدێڕن جیا دەکاتەوە. شارۆمەندی مۆدێڕن ئەندامی کۆمەڵگەیە کە شوێن پەنجەی بە هەموو چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دیارە. بە شێوەیەک کە چەقی هەموو گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی کۆمەڵگە لە تاکی هاووڵاتییەوە سەرچاوە دەگرێ و لەوێوە بەرەو دامەزراوە گشتییەکان ئاراستە دەکرێ. بە واتایەکی دیکە دەسەڵات بە هەموو دامەزراوە دەوڵەتی و مەدەنییەکانیەوە نە تەنیا ڕەوایيەتی خۆی لە هاووڵاتییەوە وەر دەگرێ، بەڵکوو بەرهەمی کۆی ئیرادەی هاووڵاتیانە کە لە ڕێڕەوێکی دێموکڕاتیکدا لەدایک دەبێ و گەشە دەکاو بەرەو ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگە هەنگاو دەنێ. لێرەوەیە ئیرادەی دامەزراوەکانی دەسەڵات لە دەرەوەی ئیرادەی هاووڵاتی‌دا وێنا ناکرێ و بەرەوپێش ناڕوا. بە دەرهاویشتنی ئیرادەی سیاسیی هەر هاووڵاتییەک لە پرۆسەی سیاسی‌دا، هەنگاوێک لە دیکتاتۆری و تەواوییەتخوازی نزیک دەبینەوە و دامەزراوەی دەسەڵاتی سیاسی لە بیاقی گشتی جیا دەکەینەوە. لەو حاڵەتەدا هەڵبژاردن دەبێتە ئۆرگانیزمێکی زیندوو کە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان‌دا دووبارە دەبێتەوە و خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان‌دا بە شێوەیەک دەگونجێنێ کە وڵامدەری نوێترین پێداویستییەکانی هاووڵاتیان بێ.

بەڵام ڕەعیەتی سیاسی بریتییە لە تاکێک کە بەدەرە لە بەرپرسیاریەتی لە ئاست پرسەکانی کۆمەڵگەدا و وەک مۆرەیەک بە دەست نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدارەوە دەجووڵێنرێ و ئیرادەی خۆی تەسلیمی دەکا. لێرەدا پەیوەندیی تاکەکان بە یەکترەوە و هەروەها بە سیستەمی سیاسییەوە پەیوەندییەکی میکانیکی و نازیندوویە، هەر بۆیە هەموو گۆڕانکارییەکان لە لایەن فەرمانڕەواوە دێنە گۆڕێ، بێ ئەوەی تاکەکان هیچ باندۆرێکیان لەسەری هەبێ. لە وەها کۆمەڵێک‌دا ئازادیی ڕادەربڕین و هەڵبژاردن و مافی مەدەنی و سیاسی، نە پێویستە و نە لە لایەن تاکەکانەوە داوای دەکرێ. ڕەزامەندیی لە دۆخی ئارایی ورده دەبێتە کولتووری زاڵ و ئەوەش بە مانای بەردەوام بوونی سیستەمی سیاسییە.

لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی جێکەوتوو و سەقامگیردا درزی نێوان بڕیاردەرانی سیاسی و هاووڵاتیان بە لانیکەمی خۆی دەگا و هەر بڕیارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە دەردەچێ دەرەنجامی داواکارییەکان و پێویستییەکانی هاووڵاتیان و کۆمەڵگەیە. واتە شانسی جێبەجێ‌کردنی بڕیارەکان بەندە بە پشتیوانیی کۆی هاووڵاتیانەوە کە بە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و لە هەمان کات‌دا "هۆ" و "هۆکاری"دا تێ‌دەپەڕی. هۆکاری دەرکردنی هەر بڕیارێک، پێداویستییە ڕاستەوخۆکانی هاووڵاتیانە کە لە ڕێگای نوێنەرە ڕاستەوخۆکانیانەوە دەردەچێ. ڕازی گەشەسەندنی دیمۆکڕاسی، پتەوبوونی ئەو پەیوەندییە دوولایەنەیە کە لە کاناڵی میدیا و شەقام و سەرەنجام هەڵبژاردنەکانەوە دەستەبەر دەکرێ.

کاتێک هاووڵاتی دەچێتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، سەرەتا کارنامەی سیاسیی بەربژێرەکان تاوتوێ دەکا و لە ڕابردوو و ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتییان دەکۆڵێتەوە، پاشان لە ڕێگەی ئامرازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەرامبەر بەڵێن و پلانەکانیان پابەندیان دەکا و بە ڕایەڵەکانی وشیاریی کۆمەڵایەتی و سازە مەدنییەکان دەیانبەستێتەوە و ئەوجار دەنگیان پێ دەدا. ئەوە قۆناغی سەرەتای بەشداریی سیاسیی هاووڵاتییە بەر لە دەستنیشان‌کردنی نوێنەرانی خۆی لە دامەزراوە گشتییەکان‌دا. لە قۆناغی دواتردا پاشخانی بانگەشە و بەڵێنەکان دەکاتە ئاڵقەیەکی گوشاری بەهێز بۆ بەرگرتن لە لادان لەو بەرنامانەی کە لە پێناوی‌دا دەنگی پێداون. لە سیستەمێکی دیمۆکڕاتیک و بەرپرسیاردا، ئەو ئامرازانە بە ڕادەیەک بەهێزن کە هەر لادانێکی نوێنەری هەڵبژێردراو، بەرەوڕووی کاردانەوەی گەورەی کۆمەڵگەی دەکاتەوە و تێچوویەکی گەورەی بەدواوە دەبێ، بە ڕادەیەک کە ژیانی سیاسی نوێنەر بەندە بەو متمانەیە کە لە ماوەی نوێنەرایەتی‌دا بۆ دەنگدەرانی دەسەلمێنێ.



هەڵبژاردن وەک بەشێک لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەی هاووڵاتی‌تەوەردا بەهێزترین ڕایەڵەی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتی سیاسییە. بەڵام ئەگەر بێتوو هەڵبژاردن لە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان‌دا کورت بکرێتەوە، ئەوا تەنیا شانۆیەکە بۆ شاردنەوەی کەم‌وکوورییەکانی دەوڵەتی نابەرپرسیارو تەواوییەتخواز، کە بە زەبری ڕاگەیاندنی مۆنۆپۆڵ‌کراو و گوشار و ترس و تۆقاندن هەوڵ دەدا ڕەعیەتی سیاسی بۆ بەرەوپێش‌بردنی ئامانجەکانی نوخبەیەکی سیاسیی دیاریکراو وەگەڕ بخا.

**هەڵبژاردن وەک باشترین ڕێگای دەستاودەست کردنی دەسەڵات و بەشداریی هاووڵاتی لە پرسە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان‌دا، تەنیا لە دەنگدان‌دا کورت نابێتەوە، بەڵکوو دەنگدان قۆناغێکە لە قۆناغەکانی بەشداری لە هەڵبژاردن. لە بەر ئەوەی هەڵبژاردن پرۆسەی بەرپرسیارکردنی هاووڵاتییە لە چارەنووسی خۆی لە هەموو بوارەکان‌دا. واتە ئەوە هەڵبژاردنە شارۆمەندی مۆدێڕن لە ڕەعیەتی سیاسیی پێش مۆدێڕن جیا دەکاتەوە**

ئەوەی لە زیاتر لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە ئێران‌دا بە ناوی هەڵبژاردن بەڕێوە چووە هیچ کام لە ستانداردەکانی هەڵبژاردنی تێدا ڕەچاو نەکراوە و بە هیچ پێوەرێک ناچێتە چوارچێوەی هەڵبژاردن بەو پێناسەیەی لە سەردەمی مۆدێڕن و بەتایبەت لە دوای ڕێنسانس لە ئورووپا هاتۆتە ئاراوە. بە کورتی دەتوانین بەو خاڵانەی خوارەوە لە نێوان هەڵبژاردنی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەی هاووڵاتی‌تەوەر و هەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا جیاوازی بکەین:


– بەربەستەکانی بەردەم گەشەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک میدیا و ڕێکخستنە پیشەیی و سیاسی و کولتوورییەکان وای‌کردووە ئاستی وشیاریی کۆمەڵگە لە ئاست ماف و پێداویستییەکانی نزم بێ و هەڵبژاردن لە هەموو قۆناغەکانی‌دا بەتاڵ بێ لە هەر چەشنە پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان دەنگدەر و بەربژێر یان نوێنەردا. دەنگدەر دەبێتە ئامرازێک وەک هەموو ئامرازەکانی‌تر کە نوخبەی سیاسیی فەرمانڕەوا بۆ بەردەوام بوون بە دەسەڵاتەکەی و پتەوکردنی پێگەکەی کەڵکی لێ وەردەگرێ، واتە دەنگدەر میکانیزم و دەزگای ڕەوایی‌دانە بە دۆخی ئارایی.

– بەرتەسک‌کردنەوەی لەڕادەبەدەری خۆپاڵاوتن لە ڕێگای پەسندنەکردنی شیاویەتیی بەربژێرەکان لە لایەن ئەنجومەنی چاوەدێری وەک سازەیەکی ئیدئۆلۆژیک و بەستراوە بە نوخبەی سیاسیی فەرمانڕەوا، هەڵبژاردنی لە نێوەڕۆکی خۆی بەتاڵ کردووەتەوە و لە ئێران‌دا بە کردەوە دانان و دیاری‌کردن، جێگەی هەڵبژاردنی گرتووەتەوە و ئەوەش متمانەی خەڵکی بە هەڵبژاردنەکان بۆ نزمترین ئاست دابەزاندووە. نەمانی ئەو متمانەیە بێ‌هیوایی و خەمساردیی جەماوەری بە نیسبەت چارەنووسی خۆی و کۆمەڵگەکەی لێ کەوتووەتەوە.

– دامەزراوە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی‌دا تەنانەت لە کاناڵی هەڵبژاردنێکی چەشنی کۆماری ئیسلامیش‌دا تێ‌ناپەڕن و ڕاستەوخۆ یان وەک ڕێبەری ڕێژیم کە خۆی وەک نوێنەری خودا لەسەر زەوی دەناسێنێ و یان بە دیاری‌کردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێن بەبێ ئەوەی هیچ مەشرووعیەتێکی جەماوەرییان هەبێ. تاکە پێوەر بۆ ئەو دیاری‌کردنانە پەیڕەوی بێ ئەملاوئەولا لە ڕێبەر و ئیدئۆلۆژیی وەلی فەقیهـ لێرەدا بە ڕوونی چەمکی ڕەعیەتی سیاسی جێگای چەمکی هاووڵاتی دەگرێتەوە.

هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێران‌دا کە وەک سیاسیترین هەڵبژاردن ناسراوە کە کەمتر لە دوو مانگی تر بەڕێوە دەچێ. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ساردوسڕبوونی بێ‌وێنەی کەشی هەڵبژاردنە لەنێو جەماوەردا. هۆکارەکانی ئەو ساردییە زۆرن، بەڵام گرینگترین هۆکار بێ‌هیوایی گشتییە لە ئاستی ئێران‌دا بە هەردوو باڵی ناسراوی دەسەڵات لە ئێران‌دا. ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی دەیەی حەفتا و هەشتادا خەڵک لە نێوان باڵی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز و باڵی بناژۆخوازدا جیاوازییان دەکرد و هیوای باشتربوونی دۆخەکەیان هەبوو، لە ئێستادا ئەو سنوورانە بە تەواوی کاڵ بوونەتەوە و ڕووی ڕاستەقینەی هەردوک باڵەکە ئاشکرا بووە. لە لایەکی دیکەوە پەرەگرتنی ئاستی پەیوەندییەکان و دەسڕاگەیشتن بە زانیارییەکان، کاریگەریی گەورەی لەسەر بردنەسەری ئاستی وشیاریی تاکەکان هەیە و خەڵک چیتر ئامادە نین وەک ڕەعیەتی سیاسی ببنە ئامرازی مەشرووعیەتی نێوخۆیی و دەرەکیی ڕێژیم. ئەگەر ئەو پیش فەرزە قەبووڵ کەین کە دۆخی شۆڕش یەکسانە بە دۆخی بەرەنگاربوونەوەی کۆی سیستەمی سیاسی، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی ئێران بەرەو دۆخی شۆڕش و ڕەت‌کردنەوەی کۆماری ئیسلامی هەنگاو دەنێ.

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک لوقمان مێهفەڕ




زۆر بەداخەوە بەرەبەیانی ئەمڕۆ شەممە، ٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی (١٠ی ئاپریلی ٢٠٢١ی ز) کاک لوقمان مێهفەر، تێکۆشەری دێرین و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشیی کۆرۆنا، لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

کاک لوقمان مێهفەر تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە تێکۆشانی سیاسیی خۆی لە تەمەنی ١٥ ساڵی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتەوە دەست پێکرد. دواتر لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەکەی لە بندەستیدا جێی گرت و لە ماوەی دەیان ساڵ خەباتی بێوچاندا زۆر بەرپرسایەتیی سیاسی و نیزامیی گرینگی کەوتە سەر شان.

کاک لوقمان لە کۆنگرەی ٩ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەولاوە وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزب ئەرک و بەرپرسایەتیی گرینگی لەئەستۆ بووە و دوایین بەرپرسایەتیی بەڕێزیان ئەندامەتیی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کاک لوقمان بە خەسارێک بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و وێڕای دەربڕینی بەداخبوونی خۆی، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری بەڕێزیان و هاوسەنگەرانی دەکا و هیوا دەخوازێ ڕوحی ئەم تێکۆشەرە دێرین و نەسرەوتووە بە وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی شاد بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی**

درێژەی:

## کۆماری ئیسلامیی بەڕواڵەت بەهێز و لە هەناودا هڵۆڵ و کلۆڵ

بردبوو لە نێوەڕاستی تاران‌دا. جگە لەوانە هێرشی سایبەری بۆ سەر (نیروگای بوشێهر) کرا و زیانێکی زۆری لێ‌درا. سەنعەتەکانی پێترۆشیمیی بووعەلی سینا ئاوری تێ‌بەردرا و زیانێکی زۆری بەرکەوت، هێرشی سایبەری کرایە سەر شیرکەتی ئێرتیباتات و زیانی زۆری بەرکەوت، لە شیرکەتی (ماکسار)دا تەقینەوە ڕووی دا و خەسارێکی زۆری بەجێ هێشت. لە ناوەندیی ئەتۆمیی (نەتەنز) دا چەند جار تەقینەوە بووە، کە تازەترینیان لەم ڕۆژانەی دواییدا بوو کە هەر بە قسەی کاربەدەستانی ڕێژیم سەدان سێنتریفوج لە کار کەوت. لە هەمووشیان گرینگتر دزینی چەند تۆن بەڵگەنامە و دێکیومێنتی پرۆژەی ستراتیژیکی ئەتۆمیی ڕێژیم بوو لە لایەن ئیسڕائیلەوە کە زانیاریی زۆر گەورەی ئەمنییەتیی تێدابوو. هەروەها لە دەرەوەی ئێران جگە لە دەیان زەبری قورس کە ئیسڕائیل لە سووریە، لوبنان و عێراق لە هێزەکانی داون و، کەسێکی گرینگی وەک قاسم سولەیمانی بە وردی تاقیب کرا و زانیاریی وردی لەسەر پەیدا کرا و بە هاسانی کوژرا، بێ ئەوەی ڕێژیم بتوانێ کارێکی لەدەست بێت.

هەموو ئەو زەڕبە ئەمنییەتیانە کە لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی ڕێژیم‌دا و لە دەرەوەی ئێران لە پەیکەری لەرزۆکی ئەو ڕێژیمە دراون، بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ڕێژیم چ لە باری زانیاریی ئەمنییەتی و چ لە باری پاراستنی نەهێنیەکانی‌دا، شکستی خواردووە. گومان لەوەدا نییە کە بۆشایی ئەمنییەتی لە کۆماری ئیسلامیی‌دا زۆر گەورەیە و ڕێژیم زۆر لەوە لاوازترە کە خۆی نیشان دەدا. ئەگەر وا نەبا دەبوو جارێک بتوانێ لە بەرامبەر هێرشێکی ئیسڕائیل‌دا، بەتایبەت ئەو هێرشانەی کە ئیسرائیل بۆخۆی بە ئاشکرا باسی کردوون چ لە سووریە و عێراق و چە لە نێوجەرگەی نیزامەکەی دا، وەڵام بداتەوە و تۆڵە بکاتەوە. ئەگەر ڕێژیم وەک ئیددیعا دەکا بەهێز بوایە، دەبوو هەڕەشە و گوڕەشەکانی خۆی سەبارەت بە تۆڵەکردنەوەی خوێنی قاسم سولەیمانی جێ‌بەجێ بکا.

بەڵام هیچ یەک لە بانگەشەکانی ئەو ڕێژیمە ڕاست نین و لە هیچ بوارێک‌دا ئەو ڕێژیمە ئەو هێزەی نییە کە بانگەشەی لەسەر دەکا. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو هەیکەلەی لە خۆی پێشان دەدا شێرەبەفرینەیە و بە تیشکێکی هەتاوی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵک دەتوێتەوە. کۆماری ئیسلامی تەنیا بەڕواڵەت بەهێزە و لە هەناودا هڵۆڵ و کلۆڵە.

***

# دانوستانی وڵاتان لەگەڵ ئێران و ئەرکی ئێمە

شاهۆ مەتین



بینیمان کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری ئەمریکا لە بارودۆخە هەرە قەیراناوییەکەی ئێران و لە ساتەوەختە هەرە ناسک و ئاڵۆزەکە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە لە بەرژەوەندیی دێموکراتەکان شکایەوە.

بایدێن وەک لیدەرێکی دێموکراتەکانی ئەمریکا کە نیو سەدەیە لەنێو کایەی سیاسەتی ئەم وڵاتەدا و لە پۆستی جۆراوجۆری حیزبی و حکوومەتیدا سیاسەت دەکا، خاوەن هەویەتی و مانیفێستێکی تایبەت بە خۆیەتی. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی حیزبی دێموکراتەکان لە ئەمریکا، وەک ئەسڵێکی ئەساسی لە پاڕادایمێکی زاڵدا بایەخدان بە مافی مرۆڤ، پاراستنی ئازادی، بایەخدان بە کاری مەدەنی، ئاشتی و هەوڵی گەشەی وڵاتانی لە حاڵی گەشە لە سیاسەتی دەرەوەیاندا بە درێژایی مێژوو هەم بۆتە وێژمانی ئەم حیزبە و هەمیش کارکردی نێودەڵەتییان؛ کە بەپێی ئەندێشەی "هێمۆلتۆنیسم" ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەیان دادەڕێژن. پڕیزێدێنت بایدێن وەک جێبەجێکاری ئەم ستراتیژە لە ماوەی سەرۆکایەتییدا و هەم وەک کەسێتیی خۆی ئەم بایەخانە لە هزریدا نهادینە بوون و بوونەتە خوو و ڕەوشت و کاریان پێ دەکا.

جۆ بایدێن لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا یەکێک لەو بەڵێنانەی بە لایەنگرانی لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوایی خۆی دابووی، گەڕانەوە بۆ "بەرجام" و ڕێککەوتنی پێشوو لەنێو ئێران و وڵاتانی ١+٥ بوو، بەڵام بە شێوەیەکی پڕگیرتر، کە بەدەر لە پڕۆگرامی ئەتومیی ئێران، دۆسیەی مووشەکە دوورهاوێژ و دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش لەخۆ بگرێ.

لە سەر ئەم ئەساسە دەبینین کە لە مانگی ئاداردا، بایدێن ستراتیژی کاتیی کابینەکەی ڕوو بە دنیا ڕاگەیاند کە بە ڕوونی پێداگریی لەسەر دوو خاڵ دەکرد: یەکەمیان پابەندبوون بە بەهاکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و؛ دووهەمیان بەگژداچوونەوەی مەترسی و هەڕەشەکان کە چەکی ناوکی و تێرۆریزم دروستی دەکەن؛ کە هەردووک بابەتی گرینگ لە سیستمی نێودەوڵەتین.

بایدێن لە دوکترینی خۆیدا گەڕانەوە بۆ بەرجام بۆ سەرکەوتن و سەقامگیرکردنی دێموکراسی لە وڵاتان و پێشگرتن لە مەترسیی تێرۆر و چەکی ناوکی دەناسێنێ و، وەک ئاڵتێرناتیڤێک گەڕانەوە و پێوەندیگرتن بە جیهان لەسەر ئەساسی "دیپلۆماسیی کارا" و بە تایبەت نەتەوە، دەوڵەت و ڕێکخراوە دێموکراتییەکان دەکا بە پشتیوانیی ستراتیژییەکەی بۆ ئەم قۆناغە لە بەجێگەیاندنی بەرپرسیارەتییەکەی. لەم نێوەدا کورد وەک گەلێکی مافخوراو، بەڵام مافخواز و بڕوامەند بە دێموکراسی لە ئاست پێگە و توانای خۆی دەتوانێ شوێندانەریی پۆزەتیفی بۆ کارکردی ئەمریکا لە ڕەهەندی بە دێموکراسیکردنی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستان و پێشگرتن لە هزر و دامەزراوەی توندئاژۆیانە لە ناوچەدا هەبێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە زیاتر لە چوار دەیەیە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆی بە سەرکوت و زەبر و زەنگ بە سەر گەلانی ئێراندا سەپاندووە، کایەی خۆی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکادا کردووە و لەگەڵ ئیدارەی کۆشکی سپی چ کۆماری یا دێموکرات بەڕێوەی ببەن مامەڵەی جیاواز و تایبەت بە خۆی بووە. لەهەر حاڵدا سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا ئەوە بووە کە یارمەتی بە دێموکراسیی نێوخۆیی لە ئێراندا بکا و لە ڕێگەی گوشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامی یارمەتیدەری تێپەڕینی ئێران بەرەو دێموکراسی و سەقامگیریی ئاشتی و ئارامی لە ناوچە و ڕەگەڵخستنی ئێران لەگەڵ گلۆباڵیزمی نوێ بێت. بەڵام لەوبەر ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو باوەڕەدان کە مانەوەی ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیان تەنیا بەندە بە دروستکردنی دوژمنی وەهمی، نانەوەی ئاژاوە و شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیی لە وڵاتانی ناوچە، پشتیوانیی تیرۆریزم لە ئاستی جیهانی و لە بواری نێوخۆییشدا کپ و بێدەنگکردنی دەنگی ئازادیخوازی، برەودان بە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوە نافارسەکان و میلیتاریزەکردنی سیاسەت و ئیدارەی وڵات.

بۆیە ڕوونە لە ئەگەری سازان و ڕێککەوتنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر پرسی ئەتومی و مووشەکییەکەی کە بایەخی ئەساسیان بۆ بایدێن و تیمەکەی هەیە، بەڵام دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران هەروا بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە. پاش چوار دەیە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئەمەش بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە کە کۆماری ئیسلامی هەموو کاتێک کە گوشاری دەرەکیی زۆری لەسەر بووە، پاشەکشەی کردووە و "نەرمیی قارەمانانە"ی نواندووە، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا و لە هەمبەر ویست و داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئامادەی یەک هەنگاو پاشەکشە نییە و کۆشتارەکەی خەزەڵوەری پار و بەفرانباری دووساڵ پێش بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییە.

لەو بارودۆخەدا کە دێموکراتەکان ئیدارەی کۆشکی سپی دەکەن و لە سیاسەتی دەرەوەیاندا باس لە کارکردن لەپێناو پاراستنی مافی مرۆڤ، دابینکردنی ئازادی و بەدیهێنانی دێموکراسی دەکەن، پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی سێکۆلار و دێموکراتی ئێران و بە تایبەت کورد کە باوەڕی قووڵیان بەم پرەنسیپانە هەیە و زیان و خەسارێکی زۆریان لەدەست کۆماری ئیسلامی چاشتووە؛ لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی "هاوبەندی" پێک بێنن. هاوکات لەگەڵ دروستکردنی ئەم هاوپێوەندییە لە دەرەوە، لە نێوخۆش پێکەوە بە شێوەیەکی مەدەنیانە و یەکگرتووانە بە وەڕێخستنی ناڕەزایەتیی گشتی و مووددیرییەتی ئەم ناڕەزایەتییانە سەرنج و بە پشتیوانیی ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و وڵاتانی ئازادیخواز بۆ خەباتی ڕەوا و مافخوازانەیان دژی کۆماری ئیسلامی ڕابکێشن.

لە لایەکیتر پاش چوونەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام و سەپاندنی گوشار و گەمارۆی هەرە زۆر بە سەر سێکتەرەکانی ئابووری، نیزامی و دیپلۆماسیی ڕێژیمی تاران، کۆماری ئیسلامییش وەک دەوڵەتێکی ڕانیتێری کە سەدا ٩٠ی داهاتی لە نەوت وەدەست دەکەوێ و هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدارەتیی بەستراوە بە نەوتە، تووشی ڕاوەستاویی ئیدارەدانی وڵات هاتووە و ڕۆژ نییە لە شەقام و شوێنە گشتییەکانی شارەکانی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر دروشمی نەمان و ڕووخانی ڕژیم بەرز نەبێتەوە. هۆمێد بە باشتربوونی دۆخی ئابووریی وڵاتیش دوور لە چاوەڕوانییە، چونکی باڵانسی هێز و بارودۆخ لە کۆشکی سپی، کۆنگرە و سەنای ئەمریکا بەمجۆرەش نییە کە دەوڵەتی بایدێن بیەوێ و بتوانێ بەشێکی زۆر لە گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی سووک بکا؛ چونکی بایدێن ڕا و بۆچوونی دژبەرانی سیاسەتی خۆی لە نێوخۆی ئەمریکادا بەلاوە گرینگە.

ڕێککەوتنە ستراتیژیکەکەی نێوان ئێران و چین و هەروەها ڕێژیمی حقووقیی دەریای خەزەر و پێداگری و گوشاری ڕووسیە لەسەر ئێران بۆ بەڕەسمی ناسینی

ئەوە دەسەلمێنێ کە لە ئەساسدا ئێستا دوو وڵاتی ڕووسیە و چین بەهۆی کۆنترۆڵکردنی جومگە هەستیارەکانی وڵاتی ئێران لە ڕووی ئابووری، سیاسی، نیزامی و تێکنۆلۆژییەوە جارێکی تر مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ئێرانیان بۆ دواوە گەڕاندۆتەوە. واتە ئەمجارەیان لەبری پاشاکان، ئەوە مەلاکانن لە سۆنگەی نابەرپرسیارێتی، نەشیاوی، گەندەڵی و ... وڵاتیان هەڕاج کردووە.

لەو بارودۆخەدا خەڵک کە ئامادەن تێچووی هەرچەشنە ناڕەزایەتییەک بدەن، ئۆپۆزیسیۆنی گۆڕانخواز و دێموکرات نابێ هەل و دەرفەت لەدەست بدەن. یەکیەتیی بەکردەوەی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ڕێبەریی جووڵانەوە ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا بگرێتە دەست. کۆمەڵگەی ئێستای ئێران ئاوس بە ڕووداو و پێشهاتە چارەنووسسازەکانە و کات کاتی شکاندنی هەیمەنەی ڕێژیم و دەزگای سەرکوت و زەبروزەنگەیەکەتی.

## لە خاکەلێوەی ئەمساڵدا

# کوژران و بریندار بوونی ١٢ کۆڵبەر، دەسبەسەرکرانی ٤٠ کەس و ئێعدامی ٩ بەندکراو

لەم مانگەدا لانیکەم ١٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆ، یان بەربوونەوە لە شاخ بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون. لەو ١٢ کاسبکارە ٨ کەسیان بریندار بوون و ٤ کۆڵبەریش کوژراون یان گیانیان لە دەست داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی ٢٥ی خاکەلێوە هێزە چەکدارەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری گوندی "مولیک"ی ماکۆیان دا و دەستڕێژیان لە کەسێک بە ناوی "ئەحمەد ئارسەن" کرد و کوشتیان. هەروەها ڕۆژی هەینی ٢٧ی خاکەلێوەش هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە گەڕەکێکی شارۆچکەی ڕەبەت چەند کەسیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە کە لە ئاکامدا کەسێک بە ناوی "خالید ڕەسووڵی" کوژرا و کەسێکیش بە ناوی "ئیبراهیم عەلی" بە توندی بریندار بوو.

کوژران و برینداربوونی ١٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە مانگی سەرەتای ساڵی نوێ لەحاڵێکدایە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردووشدا ٢٢٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما کوژرابوون یان بریندار ببوون. بەپێی ڕاپۆرتی "چاونیوز" لەو ٢٢٦ قوربانییەی دەستی غەدر و تاوان ٨٠ کەسیان کوژرابوون و ١٤٦ کەسیش بریندار بوون. هەروەها ٧ شوانکارە و چۆداریش لە ناوچە سنوورییەکان بەئانقەست لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە درابوونە بەر دەستڕێژ و گیانیان لێ ئەستێندرابوو.

لە یەکەم مانگی بەهاری ئەم ساڵدا هەروەها ٩ زیندانیی کورد ئێعدام کراون. "چاونیوز" ڕایگەیاندووە کە ئەم ٩ کەسە بە تۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر لەدار دراون.

ئێعدامکرانی ئەو ٩ بەندکراوە لە خاکەلێوەی ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە دەزگای قەزایی ڕێژیم لە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)دا لانیکەم ٤٩ بەندکراوی لەدار دابوو کە چوار کەس لەوان بەندیی سیاسی بوون.

هەروەها ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا لانیکەم ٤٠ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتی یان هاوکاریکردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی "چاونیوز" لەو ٤٠ کەسە چەند کەسێکیان دوای قۆناغی لێپێچینەوە بە دانانی بارمتە هەتا کاتی دادگایی و حوکمدرانیان ئازاد کراون و ١٣ کەس لەوان دادگایی و سزای لە یەک هەتا ٢٦ ساڵ سەرجەم (١٠٧ ساڵ و ٦ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە ١ی خاکەلێوە بەندکراوێکی کورد بە ناوی "شەهاب دەروون پەروەر" تەمەن ٣٥ ساڵ و خەڵکی شائاباد لە بەندیخانەی ناوەندیی ئەو شارە بە هۆی خوێنبەربوونی گەدە و پیرانەگیشتنی پزیشکییەوە گیانی لە دەست دا.

دەسبەسەرکرانی لانیکەم ٣٩ کەس لە مانگی سەرەتای ساڵی نوێ لە حاڵێکدایە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (١٣٩٩)شدا هەرنەبێ ٦٤٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیرابوون. لەو ٦٤٠ کەسە لانیکەم ١٨٩ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ تا سزای درێژخایەنی ٢٥ ساڵ زیندان و تەنانەت سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو. هەروەها لەو بەندکراوانە سێ کەسیان بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو و حوکمی ئێعدامی دوو بەندکراوی سیاسیی کوردیش لە دادگای تێهەڵچوونەوەدا پشتڕاست کرابۆوە. هەروەها دوو بەندکراوی سیاسیی کوردیش لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرابوو.

خۆکوژی، هەر وەکوو هەمیشە دیاردەی تراژیکی کوردستانە بوو. لە مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا لانیکەم زیاتر لە ٢٥ کەس خۆیان کوشتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ١٢ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە.

"چاونیوز" پێشتر و لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی (تایبەت بە ١٣٩٩) ڕایگەیاندبوو کە لە ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ١٥٣ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوشتنیان دابوو، هەوڵەکانیان سەرکەوتوو ببوو و کۆتاییان بە ژیانیان هێنابوو. لەنێو ئەو کەسانەدا کەم تەمەنترینیان کچ و کوڕێکی ١٢ ساڵ و بەتەمەنترینیان ژنێکی تەمەن ٦٠ ساڵ بوو.

IKHRC
Iranian Kurdistan Human Rights Center
ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# وانەکانی ساڵێک لەگەڵ کۆرۆنا

## (دژە ڤایرۆس بۆ دنیا)

**(۲-۲)**



و: کەماڵ حەسەنپوور



یوڤال نوح هەراری – فایناننشاڵ تایمز

### کام شت گرینگە؟

ساڵی کۆرۆنا سنووردارییەکی گرینگتری دەسەڵاتی زانستی و تەکنەلۆژیکی ئێمەشی ئاشکرا کردووە. زانست ناتوانێ جێگرەوەی سیاسەت بێ. کاتێک ئێمە بڕیار لەسەر سیاسەت دەدەین، دەبێ گەلێک بەرژەوەندیی و بایەخ لەبەرچاو بگرین و، چونکە هیچ ڕێگایەکی زانستیی بۆ بڕیاردان لەسەر گرینگتربوونی کام بەرژەوەندیی و بایەخ لەبەر دەستدا نییە، هیچ ڕێگایەکی زانستیی نییە کە بڕیار بدا ئێمە دەبێ چی بکەین.

بۆ وێنە، کاتێک بڕیار دەدەین ئاخۆ هەموو شوێنێک داخرێن یا نا، ئەو پرسیارە بەس نییە: "ئەگەر داخستنی گشتی نەسەپێنین چەند کەس تووشی کۆڤید-۱۹ دەبن؟" دەبێ پرسیار بکەین: "ئەگەر داخستنی گشتی بسەپێنین چەند کەس تووشی خەمۆکی دەبن؟ چەند کەس بەهۆی نەبوونی خۆراکی بووژێنەر، ئازار دەبینن؟ چەند کەس ناتوانن بچن بۆ قوتابخانە و کارەکانیان لەکیس دەدەن؟ چەند کەس لە لایەن هاوژینەکانیانەوە لێیان دەدرێ یان دەکوژرێن؟"

تەنانەت ئەگەر سەرجەم زانیارییەکان دروست و جێگای متمانە بن، هەمیشە دەبێ پرسیار بکەین: "چ شتێک گرینگە؟ کێ بڕیار دەدا؟ کام شت گرینگە؟ چۆن ژمارەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەین؟" ئەوە زۆرتر کارێکی سیاسییە تا زانستی. ئەوە سیاسەتوانانن کە دەبێ لایەنە پزیشکی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هاوسەنگ و سیاسەتێکی گشتگر ڕەچاو بکەن.

بە هەمان شێوە ئەندازیاران پلاتفۆرمی دیجیتاڵی نوێ دروست دەکەن کە یارمەتیمان دەکا لەکاتی داخستنی گشتی کارەکانمان بکەین و، ئامرازی چاودێریکردن بەرهەم دێنن تا بتوانین زنجیرەی گیرۆدەبوونەکان لێک بپچڕین. بەڵام بە دیجیتاڵکردن و چاودێریکردن، سەروەریی کەسایەتیی ئێمە دەخەنە مەترسییەوە و دەروازەی سەرهەڵدانی ڕێژیمی سەرەڕۆی پێشووتر نەبینراو دەکەنەوە. لە ۲۰۲۰، چاودێریکردنی گشتی ڕەواتر و هەروەها ئاساییتر بوو. بەربەرەکانی لەگەڵ پەتایەکە گرینگە، بەڵام لەوانەیە لە پرۆسەکەدا ئازادیی خۆمان لەنێو بەرین؟ ئەوە لەجیات ئەندازیاران، کاری سیاسەتوانانە کە لەنێوان چاودێریی بەکەڵک و مۆتەکەی ڕێژیمی سەرەڕۆ هاوسەنگیی دروست بیننەوە.

سێ ڕێسای سەرەتایی تا ڕادەیەکی زۆر لە دیکتاتۆریی دیجیتاڵی دەمانپارێزن، تەنانەت لە کاتی پەتا. یەکەم، هەرکات زانیاریی لەسەر خەڵک کۆ دەکەیتەوە، بە تایبەتی لەمەڕ ئەوەی کە لە نێو جەستەی ئەواندا چ دەگوزەرێ، ئەو زانیارییانە دەبێ یارمەتیدەری ئەو خەڵکە بن نەوەک بۆ دەستکاریکردن، کۆنترۆڵکردن و زەرەر پێگەیاندنیان. پزیشکی تایبەتیی من ئاگاداری گەلێک زانیاریی لە ڕادەبەدەری تاکەکەسیی منە. ئەو نابێ ئەو زانیارییە بە هیچ کۆمپانیا یان حیزبی سیاسی بفرۆشێ. ئەوە دەبێ هەموو شێوە "دەسەڵاتی چاودێریی بە هۆی پەتا" بگرێتە خۆ کە ئێمە کەڵکیان لێ وەردەگرین.

دووهەم، چاودێریی دەبێ هەمیشە دوو لایەنە بێ. ئەگەر چاودێریی هەمیشە لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە بێ، دەبێتە هۆی سەرەڕۆیی. کەوابوو، هەرکات چاودێریی بەسەر تاکەکانەوە زیاد بکرێ، دەبێ لە هەمان کاتدا چاوێریی بەسەر دەوڵەت و کۆمپانیا زەبەلاحەکانیشەوە زیاد بکرێ. بۆ وێنە، لە قەیرانی هەنووکەییدا دەوڵەتان پارەیەکی لەڕادەبەدەر بڵاو دەکەنەوە. پرۆسەی تەرخانکردنی پشتگیریی دارایی دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێ. وەک شارۆمەند، دەمهەوێ بە هاسانی ببینم کێ چی پێ دەدرێ و، کێ بڕیار دەدا دراوەکە بەرەو کوێ دەچێ. دەمەوێ دڵنیا بم کە دراوەکە دەدرێتە و ئەو بیزنسانە کە بەڕاستی پێویستیان پێیەتی نەوەک کۆمپانیای زەبەلاح کە خاوەنەکانیان هەڤاڵی وەزیرانن. ئەگەر دەوڵەت بڵێ دامەزراندنی سیستەمێکی ئەوتۆی چاودێریی لە هەڕەتی پەتادا دژوارە، بڕوای پێ مەکەن. ئەگەر نەکرێ چاودێریی بکەی چی دەکەی، چاودێریکردنی دەوڵەت کارێکی زۆر ئاڵۆز نییە.

سێهەم، هەرگیز مەهێڵە ڕێژەیەکی بەرچاو زانیاریی لە تاکە شوێنێکدا کۆ بێتەوە. نە لەکاتی پەتاکەدا و، نە کاتێک کە کۆتایی هات. قۆرخکردنی زانیاریی نوسخەی دیکتاتۆرییەتە. کەوابوو ئەگەر زانیاریی بایۆمەتری خەڵک کۆ دەکەینەوە تا پێش بە پەتاکە بگرین، ئەو کارە دەبێ لەجیات پۆلیس، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکی بێلایەنی تەندروستییەوە بەڕێوە بچێ. و دەبێ زانیارییە کۆکراوەکە لە شوێنی کۆکردنەوەی زانیاریی وەزیرانی دەوڵەت و کۆمپانیا مەزنەکان جیا بکرێتەوە. ڕاستە، ئەوە دەبێتە هۆی زیدەبوون و ناکاریگەری، بەڵام ناکاریگەریی خەسڵەتێکە، هەڵە نییە. دەتهەوێ پێش بە سەرهەڵدانی سەرەڕۆیی دیجیتاڵ بگری؟ لانیکەم شتەکان کەمێک ناکاریگەر ڕاگرە.

### لەمەڕ سیاسەتوانانەوە

سەرکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیکییە تاقانەکانی ۲۰۲۰، قەیرانی کۆڤید-۱۹یان چارەسەر نەکرد. ئەوان پەتاکەیان لە کارەساتێکی سروشتییەوە کردە دووڕێیانێکی سیاسی. کاتێک تاعوونە ڕەشە بە میلیۆنان خەڵکی کوشت، هیچ کەس چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لە پاشاکان و ئیمپراتورەکان نەبوو. نزیکەی یەک لەسەر سێی سەرجەم خەڵکی ئینگلیز لە یەکەم شەپۆلی تاعونە ڕەشەدا مردن، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی لە دەسەڵاتکەوتنی شا ئێدواردی سێهەم. شتێکی ئاشکرا بوو کە ئەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانە تا پێش بە پەتاکە بگرن، بۆیە هیچ کەس تاوانی ئەو شکستەیان نەخستە ئەستۆی ئەوانەوە.

بەڵام ئەورۆ مرۆڤایەتی ئامرازی زانستیی بۆ وەستاندنی پەتای کۆڤید-۱۹ بەدەستەوەن. چەند وڵات، لە ڤییەتنام تا ئۆستراليا، سەلماندیان کە تەنانەت بێ پێکوتە، ئامرازەکانی بەردەست دەتوانن پێش بە پەتاکە بگرن. ئەگەرچی ئەو ئامرازانە نرخێکی مەزنی ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە. ئێمە دەتوانین ڤایرۆسەکە شکست بدەین، بەڵام دڵنیا نین کە ئامادەین نرخی سەرکەوتن بدەین. بۆیە دەسکەوتە زانستیەکان بەرپرسیارییەکی گەلێک بەرچاویان خستۆتە سەر شانی سیاسەتوانان.

بەداخەوە بەشێکی زۆر لە سیاسەتوانان لەو بەرپرسیارییەدا شکستیان هێناوە. بۆ وێنە، سەرۆک کۆمارە پۆپۆلیستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و برازیل ئاستی هەڕەشەکەیان بەکەم گرت، گوێیان نەدایە پسپۆڕان و لەجیاتان باسی تیۆریی پیلانیان کرد. ئەوان پلانێکی هەڵسوکەوتی فیدراڵیی باشیان دانەڕشت و هەوڵەکانی دەوڵەت و شارەوانییەکانیان بۆ وەستاندنی پەتاکە بە لاڕێدا برد. نەزانی و هەست بە بەرپرسایەتینەکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ترامپ و بۆلسۆنارۆ بوونە هۆی کوژرانی سەدان هەزار کەس کە دەکرا پێشی پێ بگیردرێ.

لە بریتانیا، وێدەچی دەوڵەت لە سەرەتاکان زۆرتر سەرقاڵی برێکزیت بوو تا کۆڤید-۱۹. لەبەر سیاسەتە خۆ تەریکخستنەکانی بەڕێوەبەرایەتیی جانسۆن، لە پاراستنی بریتانیا لە بەرانبەر تەنیا شتێک کە بەڕاستی گرینگ بوو، شکستی هێنا: ڤایرۆسەکە. وڵاتی من ئیسرائیل بە هەمان شێوە لە سیاسەتی خراپ، ئازاری چەشت. هەر وەک تایوان، نیوزیلەند و قوبرس، ئیسرائیل بە کردەوە "وڵاتێکی دوورگەییە"، بە سنووری داخراوەوە کە تەنیا یەک دەروازەی سەرەکیی هەیە، فڕۆکەخانەی بن گۆریۆن.

بەڵام، لە ترۆپکی پەتاکەدا دەوڵەتی نەتانیاهوو ڕێگای بە مسافیران دا تا بێ قەرەنتیەکران یان تەنانەت پشکنینی ڕێکوپێک، بێنە ژوورەوە و تەنانەت سیاسەتەکانی داخستنی گشتیی خۆیشی پاشگوێ خست.

لە ئاکامدا هەر دوو ئیسرائیل و بریتانیا پێشڕەوی کوتانی خەڵک بە پێکوتە بوون، بەڵام لێکدانەوە هەڵەکەی سەرەتاکان لەسەریان زۆر گران کەوت. لە بریتانیا، پەتاکە بۆتە هۆی کوژرانی ۱۲۰۰۰۰ کەس کە پلەی شەشەمی ڕێژەی مامناوەندیی کوژراوانی دنیای پێ بەخشیوە. لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل خاوەنی حەوتەمین ڕێژەی مامناوەندیی گیرۆدە بوونە و بۆ بەرپەرچدانەوە، پەنای بۆ "گۆڕینەوەی زانیاریی پێکوتە" لەگەڵ کۆمپانیای ئەمریکایی فایزەر برد. فایزەر ڕەزامەندیی دەربڕی ڕێژەی پێویست پێکوتە بۆ سەرجەم دانیشتووانی ئیسرائیل، لە بەرانبەر ڕێژەیەکی بەرچاوی زانیاری دابین بکا، کە بووە هۆی نیگەرانیی لەمەڕ پاراستنی سەروەریی کەسایەتی و قۆرخکردنی زانیاری و نیشانی دا لە ئێستادا زانیاری لەسەر شارۆمەندان یەکێک لە بەنرخترین سامانەکانی دەوڵەتە.

لە کاتێکدا کە هێندێک وڵات زۆر باشتر جووڵانەوە، مرۆڤایەتی بە گشتی تا ئێستا لە کۆنترۆڵکردنی پەتاکە، یان داڕشتنی پلانێکی جیهانی بۆ زاڵبوون بەسەر ڤایرۆسەکەدا شکستی هێناوە. مانگە سەرەتاییەکانی ۲۰۲۰ وەک تەماشای بەریەککەوتنێک بە شێوەی سلۆ مۆشن بوو. ئامرازی پەیوەندیگرتنی سەردەمیانە هەلی بۆ خەڵکی سەرانسەری دنیا ڕەخساند تا کاتی ڕووداوەکان ببینن لە ووهان چ دەگوزەرێ، پاشان لە ئیتالیا، ئەوسا لە وڵاتی زیاتر، بەڵام هیچ ڕێبەرییەکی جیهانی سەری هەڵنەدا تا پێش بە نوقمبوونی دنیا لە کارەساتەکەدا بگرێ. ئامرازەکان لەبەر دەستدا بوون، بەڵام زۆر جار ژیریی سیاسەتوانان بوونی نەبوو.

### خەڵکی بیانی فریا کەوتن

هۆیەک بۆ کەلێنی نێوان سەرکەوتنی زانستی و شکستی سیاسی ئەوەیە کە زانایانی سەرانسەری جیهان هاوکاریی یەکتریان کرد، لە کاتێکدا کە سیاسەتوانان مشتومڕیان بوو. لەژێر سترێس و نادڵنیاییەکی زۆرەوە، زانایانی سەرانسەری دنیا بە ئازادی زانیارییان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە و پشتیان بە دەسکەوت و تێگەیشتنی یەکتر دەبەست. پرۆژەی زانستیی گەلێک گرینگ لە لایەن تیمە نێونەتەوەییەکانەوە بەڕێوە چوون. بۆ وێنە، یەکێک لە توێژینەوە سەرەکییەکان لەبارەی کاریگەریی داخستنە گشتییەکان لە لایەن نۆ ئەنستیتۆوە بەڕێوە چوو، یەکیان لە بریتانیا، سێ لە چین و پێنج لە وڵاتە یەکگرتووەکان.

بە پێچەوانە سیاسەتوانان لە دروستکردنی هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی دژی ڤایرۆسەکە و ساغ بوونەوە لەسەر پلانێکی جیهانیی شکستیان هێنا. دوو دەسەڵاتە زەبەلاحەکانی دنیا، وڵاتە یەکگرتووەکان و چین، یەکتریان بە شاردنەوەی زانیاریی ژینەکی، بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و تیۆریی پیلان و تەنانەت بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکە بە ئانقەست، تاوانبار کرد. ژمارەیەکی زۆر وڵاتی دیکە بە ئاشکرا لە مەڕ بڵاوبوونەوەی پەتاکە درۆیان کرد یان زانیارییان ڕانەگەیاند.

نەبوونی هاوکاریی جیهانیی نە تەنیا لە شەڕی زانیارییدا دەر دەکەوێ بەڵکوو تەنانەت زۆرتر لە ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە کەمایەسیی کەرەستەی دەرمانیدا. لە کاتێکدا کە دۆخی هاوکاری و دڵفراوانی بینراون، هیچ هەوڵێکی جیدی بۆ کەڵک لێوەرگرتنی هاوبەش لە سامانە بەردەستەکان، کاریگەرکردنی بەرهەمهێنانی جیهانی و دڵنیابوون لە بڵاوکردنەوەی دادوەرانەی کەرەستەکان نەدراوە. بە تایبەتی "ناسیۆنالیزمی پێکوتەیی" شێوەیەکی نوێ لە نایەکسانیی جیهانیی لە نێوان وەڵاتانی خاوەن توانایی واکسینەکردنی دانیشتووان و وڵاتانێک کە ناتوانن دروست کرد.

جێگای مەراقە ببینی کە زۆر کەس لە ڕاستییەکی ساکار لەبارەی پەتا تێناگەن: تا ئەوکاتە ڤایرۆسەکە لە هەر شوێنێک بڵاو بێتەوە، هیچ وڵاتێک بە تەواوی ئەمین نییە. وای دانێ ئیسرائیل و بریتانیا لە نەهێشتنی ڤایرۆسەکە لەنێو سنوورەکانیاندا سەرکەوتن، بەڵام بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسەکە لە نێو میلیۆنان خەڵکی هیندوستان، برازیل یان ئەفریقای باشوور درێژەی هەیە. شێوەیەکی گۆڕاو لە ڤایرۆسەکە لە شارێکی دووری برازیل لەوانەیە ببێتە هۆی ناکاریگەریی پێکوتە و ببێتە هۆی شەپۆلێکی نوێی گیرۆدە بوون.

لە دۆخی تەنگەتاوی هەنووکەییدا، وێدەچێ خۆنەویستی دژی بەرەژەوەندیی نەتەوەیی نەبێ. بەڵام ئێستا هاوکاریی جیهانیی خۆنەویستی نییە، بەڵکوو پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی شتێکی بنەڕەتییە.

### دژە ڤایرۆس بۆ دنیا

گفتوگۆکان لەمەڕ ئەوەی لە ۲۰۲۰ ڕووی دا تا چەند ساڵ درێژەی دەبێ. بەڵام خەڵکی گشت لایەنە سیاسییەکان دەبێ لانیکەم لەسەر سێ وانە هاوڕا بن. یەکەم، ئێمە پێویستیمان بە پاراستنی ژێرخانی دیجیتاڵیمان هەیە. ئەو لە ماوەی ئەو پەتایەدا ڕزگاریدەرمان بووە، بەڵام بەو زووانە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی کارەساتێکی تەنانەت خراپتر.

دووهەم، هەر وڵاتێک دەبێ زۆرتر سامان بۆ سیستەمی تەندروستی گشتیی خۆی تەرخان بکا. وێدەچێ ئەوە شتێکی ئاشکرا بێ، بەڵام سیاسەتوانان و دەنگدەران هێندێک جار ئاشکراترین وانەکان پاشگوێ دەخەن.

سێهەم، دەبێ سیستەمی چاودێریی بەهێزی جیهانیی دامەزرێنین و پێش بە پەتایان بگرین. لە شەڕی کەونارای نێوان مرۆڤ و زیندەوەری نەخۆشکار، هێڵی بەرەی شەڕ لە جەستەی هەر مرۆڤێک تێپەڕ دەبێ. ئەگەر ئەو هێڵە لە هەر شوێنێکی ئەو هەسارەیە بشکێ، سەرجەم ئێمە دەخاتە مەترسییەوە. تەنانەت دەوڵەمەندترین خەڵکی پێشکەوتووترین وڵات ناچارە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی هەژارترین خەڵکی گەشە نەکردووترین وڵات بکا. ئەگەر ڤایرۆسێکی دیکە لە شەمشەمە کوێرەوە لە گوندێکی هەژاری دارستانێکی دوور باز داتە مرۆڤ، دوای چەند ڕۆژ ئەو ڤایرۆسە لە شەقامی واڵ ستریت دەسووڕێتەوە.

چوارچێوەی سیستەمێکی دژە پەتای جیهانی هەر ئێستا بە شێوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و چەند دامەزراوەی دیکە بوونی هەیە. بەڵام بودجەکانی تەرخانکراو بۆ ئەو سیستەمە کەمە و، هیچ توانایەکی سیاسی نییە. پێویستە ئێمە کەمێک دەسەڵاتی سیاسی و پارەیەکی گەلێک زۆرتری پێ بدەین تا بە تەواوی وابەستەی هەوەسی سیاستەوانی خۆویست نەبن. وەک پێشدا ئاماژەی پێ کرا، پێم وانییە پسپۆڕی هەڵنەبژێردراو ئەرکی بڕیاردان لەسەر شێوەی هەڵسوکەوتیان بەدەستەوە بێ. ئەوە دەبێ لەدەست سیاسەتوانان‌دا بمێنێتەوە. بەڵام شێوەیەک لە دامەزراوەی سەربەخۆی تەندروستی جیهانیی پلاتفۆرمێکی دڵخوازە بۆ ئامادەکردنی زانیاریی پزیشکیی، چاودێریی مەترسییەکان، وشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی توێژینەوە و گەشەپێدان.

زۆر کەس لەوە دەترسن کە کۆڤید-۱۹ دەستپێکی شەپۆلی نوێی پەتایان بێ. بەڵام ئەگەر وانەکانی سەرەوە جێبەجێ بکرێن، شۆکی کۆڤید-۱۹ لەوانەیە بە کردەوە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی پەتا. مرۆڤایەتی ناتوانێ پێش بە زیندەوەری نەخۆشکار بگرێ. ئەوە پرۆسەیەکی گەشەکردنی سروشتییە کە میلیاردها ساڵە درێژەی هەبووە و وێدەچێ لە داهاتووشدا درێژەی هەبێ. بەڵام ئەورۆ مرۆڤ زانیاریی و کەرەستەی پێویستی بۆ بەرگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشکاری نوێ و بوونیان بە پەتا لەبەر دەستدایە.

ئەگەر کۆڤید-۱۹ لەگەڵ ئەوەشدا لە ۲۰۲۱ درێژە بە بڵاو بوونەوە بدا و بە میلیۆنان مرۆڤ بکوژێ، یان ئەگەر تەنانەت پەتایەکی کوشندەتر لە ۲۰۳۰ بەرەوڕووی مرۆڤ ببێتەوە، ئەو نە کارەساتێکی کۆنترۆڵنەکراو دەبێ و نە سزایەک لە لایەن خوداوە. ئەو شکستێکی مرۆڤ و بە واتایەکی دروستتر، شکستێکی سیاسییە.

***

# ئاسۆ و دەرەنجامی چوار دەیە ناکۆکیی ئیدۆلۆژیک

**یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ناکۆکیی نێوان مەلا شیعەکانی ئێران و ئیسرائیل شکستی نیزامیی وڵاتانی ئیسلامی لە ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەدا بوو. ڕێبەرانی ڕێژیم کە بانگەشەی گەڕاندنەوەی شکۆ و سەروەریی ئیسلامییان دەکرد، پێویستییان بە داتاشینی ئەم دوژمنایەتییە لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو. بەتایبەت کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێستاش نان و پیواز لەو ژێستگرتنە بە دژی ئیسرائیل دەخۆن و ئەم ڕواڵەتە بۆ مانەوەی ڕێژیمەکەیان بە پرسێکی ستراتیژیک و کارێکی پێویست دەزانن.**



ئامانج زیبایی

پتر لە چوار دەیە لە پچڕانی پێوەندیی ڕەسمیی نێوان ئێران و ئیسرائیل تێدەپەڕێ. سەرەڕای ناکۆکیی ئیدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵام لە جەنگەی شەڕی عێراقدا ئێران توانی لە ڕێگەی ئیسرائیلەوە دەستی بە زۆر تەقەمەنی و کەرەستەی شەڕ ڕابگا. بەڵام شەڕی زارەکیی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەر بەردەوام بووە. بەڵام لە ئێستادا ناکۆکی و دژایەتیی دوو وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیسرائیل ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لە گرژیی زیاتر کردووە بە شێوەیەک کە لە شێوازی شەڕی نیابەتی ڕا گۆردراوە بۆ شەڕی نیوەڕاستەوخۆ. ماوەیەکە ئەم دوو وڵاتە دوای کردوە سەربازی و سیخۆڕییەکانیان بەرامبەر بەیەکتری بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرپرسایەتیی عەمەلیاتەکان دژی یەکتری وەئەستۆ دەگرن و لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و لە میدیا و ڕاگەیاندن‌دا تەتەڵە و شرۆڤەیان دەکەن.

مێژووی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکان‌دا دەمودەست باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە تاران داگیر کرا و شوێنەکەی درا بە فەلستینییەکان. ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە پێش شۆڕشی ٥٧، ئێران لە دوای وڵاتی تورکیە دووهەم وڵاتی زۆرینە موسڵمان بوو کە دانی بە بوونی وڵاتی ئیسرائیل داهێنا و ئەم وڵاتەی بەفەرمی ناسیبوو.



کۆماری ئیسلامیی ئێران کە سواری شەپۆلی ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و خەڵکی فەلەستین بووە، کێشەکانی نێوان ئەم دوو لایەنەی لە بەرژەوەندیی خۆی‌دا شکاندووەتەوە و بە دراوی نەوت و بەنرخی برسی‌کردنی خەڵکی ئێران و بۆ مەرامە ئیدۆلۆژییەکانی مودیرییەت کردووە. لە پێش و پاش شۆڕشی ٥٧ـ یش‌دا بابەتی نیزیکیی ئێران و ئیسرائیل و دەمگۆی هاوکاریی مووساد و ساواک کە لەلایەن مەزهەبییەکانەوە پەرەی پێ دەدرا، لە هەڵخراندنی هەستی ئایینی و دژەئیسرائیلی‌دا دەورێکی زۆری هەبوو. بۆیە کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتە سەر کار، پێشتر تۆوی ڕق و کینی نێوان ئەم دوو وڵاتە -ئیسرائیل و ئاخوندە تازە بە دەسەڵاتگەیشتووەکانی ئێران- چێندرابوو. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ئەم ناکۆکییەی نێوان مەلا شیعەکانی ئێران و ئیسرائیل شکستی نیزامیی وڵاتانی ئیسلامی لە ئیسرائیل لە شەری شەش ڕۆژەدا بوو. ڕێبەرانی ڕێژیم کە بانگەشەی گەڕاندنەوەی شکۆ و سەروەریی ئیسلامییان دەکرد، پێویستییان بە داتاشینی ئەم دوژمنایەتییە لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو. بەتایبەت کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێستاش نان و پیواز لەو ژێستگرتنە بە دژی ئیسرائیل دەخۆن و ئەم ڕواڵەتە بۆ مانەوەی ڕێژیمەکەیان بە پرسێکی ستراتیژیک و کارێکی پێویست دەزانن.

لە دوای تێکچوونی سۆڤیەت و شەری کەنداو ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە -کە ئێران باری ئیدۆلۆژیکی پێداوە- پتر پەرەیان سەند. بۆ نموونە لە دوای بەهاری عەرەبی و لاوازیی وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی عێراق و میسر مەیدان بۆ سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی پتر ئاوەڵا بوو و ڕێژیمی ئێران بە گرتنەبەری توندتری سیاسەتی هیلالی شیعی، بوون و حزووری هێزەکانی خۆی گەیاندە سنووری ئیسرائیل و ئەمەش هۆکاری هەرە سەرەکی بوو بۆ قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە. پشتیوانیی دارایی و لۆجیستیکی و سەربازیی ئێران بە گرووپە چەکدارەکانی دژبەری ئیسرائیل لەوان حیزبوڵڵا، حەماس و جەهادی ئیسلامی و ... و هێرش‌کردنە سەر باڵیۆزخانەی ئیسرائیل و ناوەند جوولەکەکانی ئارژانتین (آمیا) و پەرەپێدان بە بەرنامە ناوکییەکانی ئێران و هەڕەشەکردنی یەک لە دوای یەکی بەرپرسانی حکوومی و سەربازیی ئێران بۆ سرینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان ئەم هۆکارانە بوون کە وای لە ئیسرائیل کردووە لە بەرامبەر ئێران‌دا پەرچەکرداری کاریگەر و شوێندانەری هەبێ. لەم پێوەندییەش‌دا دەزگای هەواڵگریی ئەم وڵاتە (مووساد) ڕۆڵی سەرەکیی لە پرۆژە عەمەلیاتییەکانی ئیسرائیل‌دا گێراوە و هەتا ئێستا لە مەیدانی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا سەرکەوتوو بووە و کار گەیوەتە جێگەیەک کە بڵێن ئیسرائیل لە ڕەگی مل بە کۆماری ئیسلامی و بنکە سەربازی و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی نیزیکترە. لەخۆڕا نییە کە "ئیبراهیم عەزیزی"، ئەندامی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی نیشتمانیی مەجلیس لە کۆبوونەوەدا گازندە لەوە دەکا کە چۆن دەکرێ بکەری کردەوە تێکدەرییەکەی نەتەنز دوای عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بە ڕۆژی ڕوون و بە فڕۆکە لە ڕێگەی ئاسمانەوە ئێران بەجێ بێڵێ! بۆیە بەگشتی ئیسرائیل توانیویەتی ئامانجەکانی خۆی چ لە نێو ئێران و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتەدا بپێکێ و گورزی کوشندەی لە هێزە نیزامییەکانی ئێران داوە. وەک کوشتنی زانایان (بەرپرسان)ی ئەتومی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران. مووساد جگە لە کوشتن و لە مەیدان وەدەرنانی کاربەدەستانی گرینگ و خاوەن بەرپرسایەتیی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی دیکەی ڕێژیم، چەندین جار بنکە ئەتومی و مووشەکی و ناوەندە هەستیارە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی لە ڕێگای شەڕی نەرمی تێکنۆلۆژی و ناردنی ویروس -کە بە ناوبانگترینیان ئەکستاکسنێت بوو- کردووەتە ئامانج و بەم شێوەیەش توانیویەتی چەندین ناوەندی پێترۆشیمیی ئەم وڵاتە پەک بخا؛ بە جۆرێک کە تەنیا لە شەش مانگی دووهەمی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا ١٥ جار ئەم جۆرە هێرشانەی کردووەتە سەریان. لە بەرامبەردا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش وەک هەمیشە بە درۆ و بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی ئەم کردەوانەیان وەک پێشهات و ڕووداوێکی نەخوازراو ناو بردووە و تەنانەت سەرەتا حاشایان لە تەقینەوەکانی نەتەنزیش دەکرد و ئەم ڕووداوەیان بۆ تەقینەوەی وێستگەیەکی گازی ئەو بنکەیە دەگەڕاندەوە. کە دوایە لە ڕووی ئەو وێنە و دیمەنانەی مانگە دەستکردەکان تۆماری کردبوون ڕوون بۆوە کە پارچین و نەتەنز بە توندی کراونەتە ئامانجی دەزگای هەواڵگری و سەربازیی مووساد و زەرەو و زیانێکی بەرچاو بەر ئەم شوێنانە دراوە و تازەترین کردەوەش لە ڕۆژی بەناو وزەی ناوکیی ئێران و هەر لە نەتەنز بوو کە لاوازیی هێزە ئەمنیەتی و زانیارییەکانی ئێرانی بەرامبەر بە مووساد بە تەواوی دەرخست.

ئەم کردەوانە هەتا ماوەیەک لەمەوپێش زۆرتر بە شێوەی نهێنی بەڕێوە دەچوون، بەڵام وادیارە کە ئەم قۆناغەش کۆتایی پێ هاتبێ و هەر دووک لایەن بە ئاشکرا باس لە چالاکییەکانی خۆیان بەرامبەر بە یەکتری دەکەن. بەمیدیایی‌کردنی دەست‌بەسەرداگرتن و بردنەدەرێی کۆمەڵێکی زۆر بەڵگە و CD و دیکۆمێنتی زۆر نهێنی تایبەت بە بەرنامە ناوکییەکانی ئێران -کە زیاتر لە ٥٥٠٠٠ لاپەرە و ٦٠٠٠٠ فایلی دیجیتالی و ١٨٣ CD بوون- و ئاشکراکردنی لەلایەن بێنیامین نەتانیاهوو سەرەتای ئەو فازە بوو.

لە دوای تەقینەوەکەی جاری دووهەمی نەتەنزیش کەم‌تاکورتێک ئەم بابەتە دەبیندرێ و هەست پێ دەکرێ و تەنانەت جۆبایدێن بە شێوەیەکی فەرمی داوای لە ئیسرائیل کرد کە خۆی ببوێرێ لەم باس و خواسە.

خاڵی گرینگ و جێی هەڵوێستە لەسەر بابەتی بەڕاگەیاندن کردن و وەئەستۆگرتنی لە لایەن بەرپرسانی باڵای وڵاتی ئیسرائیل بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئامریکا، ئیسرائیل گریمانەی ئەوەی دەکرد ئەگەر کۆماری‌خوازەکان دەنگ نەهێننەوە بارودۆخ و هاوسەنگییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێک دەچن و هەلومەرجەکە بۆ ئیسرائیل دژوارتر دەبێ؛ بۆیە ئەم وڵاتە دوو ستراتێژیی نوێی خستە بەرنامەی کاریی خۆیەوە.

یەکەم، دەستی کرد بە گەشتێکی دیپلۆماسی بۆ وڵاتانی دەوروبەری ئێران و سازکردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵیان و هەموو ئەم وڵاتانە بە تایبەت وڵاتانی عەرەبیی لەم بابەتە گەیاند کە ئەگەر ئامریکا و ئێران لەسەر بەرنامەی ناوکی ڕێک بکەون ئەوە سەروەری و سەقامگیرییان دەکەوێتە مەترسییەوە و ئێران بۆتە ئاڵقەی پێوەندیی نێوان ئیسرائیل و دنیای عەرەب.

دووهەم، دێموکراتەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی خۆیان‌دا باسی گەڕانەوەی ئامریکایان دەکرد بۆ بەرجام. ئیسرائیل دەیزانی کە گەڕانەوەی ئامریکا بۆ بەرجام و هەڵگیرانی سزا ئابوورییەکانی سەر کۆماری ئیسلامی و دەستکەوتنی داراییە بلۆکەکراوەکانی ڕێژیم ئێران دەخاتە مەوقعییەتێکی دیکە و مەترسییەکانی سەر ئیسرائیل لەسۆنگەی دەستکراوەیی ئێرانەوە پتر دەبن. لەلایەکی دیکەوە گرووپ و میلیشیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی گیانێکی دیکەیان دێتەوە بەر و پتر دەبنەوە مەترسی بۆ سەر ئەم وڵاتە.

مووساد بە چالاکییەکانی دەیهەوێ شوێن لەسەر دانوستانەکانی ڤییەن دابنێ. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ساڵی ١٣٩٤ و دوو مانگ دوای بەرجام خامنەیی لە لێدوانێک‌دا بە ئاشکرا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئیسرائیل ٢٥ ساڵی داهاتوو بە خۆیەوە نابینێ و لەسەر عەرزی ناهێڵن. بۆیە ئیسرائیل بە وەئەستۆگرتنی چالاکییەکانی مووساد لە بنەڕەت‌دا بە تەمایە کە کۆسپێک بخاتە سەر ئەم ڕێککەوتنە، یان ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بە کاردانەوەیەکی ئەوتۆ بکا کە دێموکراتەکانی ئەمریکا و هاوبەشە سیاسییەکانی پتر و باشتر نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامیی بۆ دەرکەوێ و بەوە بەربەستێکی زۆر جیدی بۆ بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی ڕێژیمی ئێران دروست بکات.

لە ئێستادا گریمانەی ئەوە لەئارادایە کە سپای پاسداران لەژێر گوشاری بناژۆخوازەکان لە تۆڵەی هێرشەکانی سەر نەتەنز و کوشتنی فەخری‌زادە و لە بەرەبەری ڕۆژی بەناو "قودس" دا کردەویەکی تۆڵەستێنانە بکا و بەوەش ڕەوتی دانوستانە ئەتومییەکان بە لایەکی دیکەدا بڕوا. لەگەڵ هەموو ئەوانەش‌دا وێ ناچێ لەدوای ڕێککەوتنی نوێی ئێران و وڵاتانی زلهێزی دنیاش ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕوو لە کەمی بکەن و ئەگەری هێرشی سەربازیی سنوورداری ئیسرائیل بۆ سەر چەند شوێنێکی لەپێشدا دیاری‌کراوی ناوکی و مووشەکیی ئێران هەروا لەئارادایە.

---

## هەگبەی شاخ و شۆڕش






برایم چووکەڵی

شەهید حوسێن شەمامی ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە شاری سەردەشت و لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا. ئەو ئەگەرچی هەتا سێهەمی ناوەندی خوێندبووی، بەڵام بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و فێربوون بوو. ئەو لە هەلومەرجی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران‌دا باش دەیزانی نەتەوەکەی لەوپەڕی ژێرچەپۆکی و مەینەتبەشی‌دا دەژی، بۆیە لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەکەی‌دا پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت ودەستی بە کار و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە کرد.

بە دەستپێکردنی پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستان، حوسێن شەمامی ئەرکی قورستری کەوتە سەر شان و لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی تەشکیلاتیی نێوشاری سەردەشت‌دا لیاقەت و لێوەشاوەیی زۆری لەخۆی نیشان دا. دوژمنانی ئازادیی نەتەوەی کورد، زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە هەستەکانی تەشکیلاتیی حیزب لە نێوشاردا بخەنە داو. بەڵام حەول و لێزانیی حوسێن پیلانەکانی دوژمنانی پووچەڵ کردەوە.

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگە و هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بۆ حیزب و نەتەوەکەی تەرخان بکا. بۆیە چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شان و زۆر زوو سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک و هاوسەنگەرەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەهۆی لێوەشاوەییەوە لە لایەن تەشکیلاتەوە وەک جێگری لک لە هێزی شەهید موعینی ئەوکات دیاری کرا. هاوڕێ حوسێن شەمامی ئازا، فیداکار و چاونەترس بوو، خاوەن بیروباوەڕی قووڵی شۆڕشگێڕانە بوو، لە زۆربەی شەڕەکانی ئەوکات وەک شەڕی نێوشاری سەردەشت، دووڕێیانی سەردەشت-مەهابادا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا و ئازایەتییەکی کەموێنەی لە خۆی نیشان دا. حوسێن شەمامی هەر لەو کاتەدا کە پێشمەرگەیەکی ئازا و کادرێکی سیاسیی پێگەیشتوو بوو، فەرماندەیەکی لێوەشاوەش بوو. هاوکات لە بردنەپێشی سیاسەت و ڕێبازی حیزب‌دا شارەزا بوو، هەر ئەو تایبەتمەندییانەی بوون بەهۆی ئەوەی دواتر لە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستان هەڵبژێردرا، پاشان کاتێک کۆمیتە شارستانی ڕەبەت و هێزی زمزیران پێکهات، شەهید حوسێن شەمامی وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەری یەکێک لە لکەکانی هێزی زمزیران دیاری کرا. ئەو سەرکەوتووانە قۆناغەکانی تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی خۆی بڕی و بوو بە ڕۆڵەیەکی نەبەز و کوڕی ڕۆژی تەنگانە. ئەو لە ئەرکە پێسپێردراوەکانی‌دا جیددی و هەڵسووڕ و ماندوویی‌نەناس بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی ڕەبەت ئازا و بەوەج و ورەبەخش بوو، چقڵی چاوی دوژمنان و خۆشەویستی خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشت بوو.

شەهید حوسێن شەمامی لە کاتی هێرشی دوژمن بۆ سەر کوردستان قورسترین مەسئولییەتی قەبووڵ کرد و ئازایانەش بەڕێوەی برد. ئەو لە تێکشکاندنی دەیان پەلاماری دوژمن‌دا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. شەڕەکانی نێوشاری ڕەبەت، جادەی سەردەشت – پیرانشار، واوان و زۆر شەڕی دیکە بۆ هەمیشە شاهیدی ئازایەتی و فیداکاریی حوسێن شەمامین.

ئەو لە بڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب‌دا، لە تەبلیغ‌کردنی هەڵوێستەکانی حیزب‌دا، لە هەڵسوکەوت و بەڕێوەبردنی ئەرکە تەشکیلاتییەکانی‌دا نموونەی کادرێکی چالاکی حیزب بوو. ئەونچ لەنێو خەڵک و چ لە نێو تەشکیلات‌دا خاوەن ڕێز و خۆشەویستی بوو، هەربۆیەش لەلایەن تەشکیلاتەوە وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو و کارامە بەرپرسایەتیی زیاتری پێ ئەسپێردرا.

لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە کاتێک‌دا سرووشت ڕەنگێکی تازە و نوێی بەخۆیەوە دەگرت و دار و دەوەن و لێڕەوارەکانی ناوچەی ڕەبەت لە خەوی چەند مانگەی زستان وەخەبەر دەهاتن و ڕوحێکی تازەیان وەبەر دەهات، دوژمنانی سوێندخواردووی نەتەوەی کورد بە هێزێکی یەکجار زۆرەوە هێرشیان هێنایە سەر گوندی «چوالان» لە ناوچەی ڕەبەت. تێکۆشەرانی دێموکرات ڕۆژی ١٥ی خاکەلێوە لە چەند شەڕگەدا بەرەنگاری هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ڕۆژی هەوڵ و هیممەت و ئازایەتی بوو، ڕۆژی دیفاع لە شەرەف و کەرامەتی نەتەوە بوو. بۆیە لە ڕۆژی یەکەمی شەڕدا سەلماندیان و بە داگیرکەرانیان نیشان دا کە کوردستان سەنگەری دیفاع لە ئازادییە. لەو شەڕەدا شەهید حوسێن فەرماندەریی بەشێکی زۆری لە شەڕگەکان دەکرد، ئەو سەنگەراوسەنگەری دەکرد و بۆ ساتێک وەستانی نەبوو، هیوا و ئۆمێد و وورەی بە هاوسەنگەرانی دەدا. ڕۆژەکانی ١٦ و١٧ی خاکەلێوەش شەڕ درێژەی هەبوو. لەو سێ ڕۆژەدا پێشمەرگە گیان‌لەسەردەستەکانی دێموکرات هەڵۆئاسا دەرسێکی لەبیرنەکراویان بە هێزی دوژمن دا کە ئێستاش خەڵک وەک نموونەی قارەمانەتی بۆ ڕۆڵەکانیان دەگێڕنەوە.

ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوە فەرماندە حوسێن شەمامی لە ئاکامی ئەو خۆڕاگری و بەربەرەکانییە کەموێنەیەدا لەگەڵ ٦ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی فەقێ عەوڵا محەممەدی، محەممەد شێخەیی، عەلی شەریف‌زادە، عومەر ڕەحمانی، برایم ئەحمەدی و محەممەد گەرۆری چوونە نێو ڕیزی پڕ لە شانازیی کاروانی شەهیدان و لە سەنگەری دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەیان‌دا سەریان دانا.

# ڕۆژنامەی «آتش»

## (ساغکردنەوەی لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

**جوتیار تۆفیق هەورامی**

مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پچڕپچڕی و بە ساغنەکراوەیی و تێکەڵوپێکەڵی ماوەتەوە. هەوڵ و ماندووبوونی هەندێک کەس نەبێت کە چەند گۆشە لەو مێژووەیان ڕوون کردووەتەوە، ئەوی دیکەی بە گومی و ناڕۆشنی و پەرش‌وبڵاوی ماوەتەوە، ئەوەش وای کردووە کە زۆربەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی لەبیر بچنەوە و گەلێک باس و ڕووداوی تێکەڵ ببن و بە ئاسانی ساغ نەبنەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا چەند کەسی لەخۆبووردوو، بە گەڕان و ماندووبوون و هەوڵ و کۆششی خۆیان، لە وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبەکانیاندا گەلێک باس و لایەنی ناڕۆشن و تێکەڵوپێکەڵی (مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان)یان نووسییەوە و ساغ کردەوە، لەوانە: ئەحمەدی شەریفی، محەممەد عەلی سوڵتانی، محەممەد سەمەدی، عەبدوڵڵا سەمەدی، بورهان ئەیازی، عومەر فاروقی و چەند کەسی دیکە.

ساڵی ١٩٦٣ ویلیام ئیگێڵتون، لە کتێبی «کۆمارە کوردییەکەی ١٩٤٦»دا لە پەرەگرافێکی کورتدا، ناوی «ئاگر»ی لە ڕیزی بڵاوکراوەکانی کۆماری کوردستاندا نووسیوە.(١)

پاشتر لە وەرگێڕانەکانی ئەو کتێبە بۆ زمانی عەرەبی و کوردی، هەروەها لە دەیان وتار و لێکۆڵینەوەدا، کە کتێبەکەی (ویلیام ئیگێڵتون) یان وەک سەرچاوە بەکارهێناوە، هەمان زانیاریی دووبارە کراوەتەوە. پاشان منیش و گەلێک کەسی دیکە شوێن هەمان هەڵە کەوتووین و دووبارەمان کردووەتەوە.(٢)

پاش گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری و تاوتوێکردنیان، گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە ڕۆژنامەی «آتش» ساڵی ١٩٤٦ لە تاران بە زمانی فارسی لەژێر چاودێریی دەوڵەتی ئێراندا و بە مەبەستی دژایەتیکردنی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان دەرکراوە و، بە هەڵە تێکەڵ بە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی کراوە.

دوکتۆر هاشم شیرازی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژنامەی «آتش»دا زنجیرە وتارێک دژی کۆماری کوردستان و ڕابەرەکانی بڵاو کراوەتەوە. لەو دەمانەدا، ڕۆژێک لە تاران سەدری قازی لە دوکتۆر هاشم شیرازیی پرسیوە: "نازانیت کێ ئەو وتارانە لە ڕۆژنامەی آتشدا دەنووسێ؟». دوکتۆر هاشم شیرازییش لە وەڵامدا گوتوویەتی: "وای بۆ دەچم کە ئەو وتارانە بە قەڵەمی مەحمود سەنائی بێت". پاشان دوکتۆر هاشم شیرازی چەند بەسەرهاتی گێڕاوەتەوە و تێیاندا باسی ئەوەی کردووە کە هەندێک کەسی خەڵکی مەهاباد کە دانیشتووی شاری تاران بوون، هەواڵ و زانیارییان بۆ "مەحمود سەنائی" کۆکردووەتەوە و ئەویش لە وتارەکانیدا ئەو هەواڵ و زانیارییانەی بە شێوازێک دارشتووە کە نێوەڕۆکەکەی لە دژی کۆماری کوردستان و ڕابەرەکانی بێت.(٣)

ساڵی ١٩٩٣ لە مامۆستا "محەممەد شاپەسەندی"م پرسی کە لە چەند کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەدا لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا ناوی "ئاگر"یش نووسراوە، ئایا گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەک بەو ناوەوە لەو سەردەمەدا دەرچووە؟

محەممەد شاپەسەندی کە یەکێک لە کارمەندە چالاک و کارامەکانی چاپخانەی کۆمار بوو، هەروەها گەلێک نووسینی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەودەمەدا بڵاوکردبووەوە، بە دڵنیاییەوە گوتی: لە مەهاباد و لە چاپخانەکەی کۆمار هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بە ناوی "ئاگر"ەوە دەرنەکراوە و ئەگەر بکرایە بێگومان ئاگادار دەبووم و هەروەک چۆن هەموو ئەوانی دیکەم لەبیرە، ئەویشم لەبیر دەبوو.(٤)

بۆ ئەوەی ئەم باسە ڕۆشن بێت، چەند ڕوونکردنەوە دەربارەی ڕۆژنامەی «آتش» و ئەو هەلومەرجەی کە تێیدا دەرکراوە، دەنووسم.

- ڕۆژنامەی "آتش" ڕۆژنامەیەکی سیاسی و خەبەریی هەفتانە بووە، لە شاری تاران بە زمانی فارسی لەلایەن "سەید مەهدی میر ئەشرافی"یەوە دەرکراوە. لە تەنیشت ناوی ڕۆژنامەکە نووسراوە: "آتش ـ صاحب امتیاز و مدیر: سید مهدی اشرافی». یەکەم ژمارەی لە ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (١٩٤٦/٤/١٩)دا دەرچووە. چەند جارێک وەستاوە و پاشان بە ستاف و شێوازێکی دیکەوە سەری هەڵداوەتەوە. کەسانی وەک "محمود سەنایی" و "نوسرەتوڵڵای موعینیان" بە وتار و بابەتی جۆراوجۆر هاوکاریی ڕۆژنامەکەیان کردووە. لە زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی "آتش"دا هەواڵ و باسی تایبەت بە کورد و کوردستان و شاری مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی ژێر سایەی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بە وێنەوە بڵاوکراونەتەوە. بەشی زۆری هەواڵ و باسەکان بەجۆرێک داڕێژراون و بڵاو کراونەتەوە کە لە نێوەڕۆکدا دژی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بوون.

- سەید مەهدی میرئەشرافی (١٩١١ ـ ١٩٧٩) کەسێکی ئاڵۆز و ناجێگیر و ئاژاوەچی بووە. تەنانەت لای کەسە نزیکەکانیشی خۆشەویست نەبووە. لە دانشگای ئەفسەری خوێندوویەتی و بووەتە «سەروان». دواتر وازی لە سوپا هێناوە و بە ڕۆژنامەنووسییەوە خەریک بووە. لە چەند خولێکی پەرلەمانی ئێراندا بووەتە ئەندام پەرلەمان. پاشان بە کاری جۆراوجۆرەوە خەریک بووە. لە گەلێک وتار و کتێبدا ناوی براوە و بەسەرهات و ڕووداووی سەیری لێ گێڕراوەتەوە. تەنانەت باسی ئەوە کراوە کە کاری بۆ دەزگای (سی ئای ئەی) کردووە. لەپاش ڕووخانی ڕێژێمی شا دەستگیر کراوە. لە دێسامبەری ١٩٧٩دا لە ئیسفەهان ئیعدام کراوە.

- مەحمود سەنائی «محمود ثنائی» (١٩٢٤ ـ ١٩٨٢) شاعیر و نووسەر و نازناوی "شهر آشوب" بووە. لە ئیسفەهان لەدایک بووە. پاشانماڵیان بۆ شاری ورمێ گواستووەتەوە و لەوێ خراوەتە بەر خوێندن. دواتر لە تاران درێژەی بە خوێندن داوە و بووەتە مامۆستا. چەند ساڵێک بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد مامۆستا بووە و خۆی لە بنەماڵەی قازی نزیک کردووەتەوە. پاشان چووەتە تاران و لە دەرکردنی ڕۆژنامەی "آتش"دا هاوکاریی "سەید مەهدی میر ئەشرافی"ی کردووە.(٥)

- لە ژمارە ٦٨ی ڕۆژنامەی «آتش»دا کە لە ڕۆژی (پێنجشەممە ١٢ی دی ١٣٢٥ – ١٩٤٧/١/٣)دا دەرکراوە، لە یەکەم لاپەڕەیدا وێنەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بڵاوکراوەتەوە. لە وێنەکەدا سەرهەنگ بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، حەمە حوسێن سەیفی قازی، مەلا مستەفا و کۆمەڵێک فەرماندە و کەسی دیکە هەن. لەژێر وێنەکەدا نووسراوە: «عدەای از افسران کردستان خودمختار در وسط ملا مصطفی بارزانی که اکنون در تهران زندانی است و دولت عراق تقاضای استرداد او را نموده است دیده میشود».

- لە ژمارە ١٠٤ی ڕۆژنامەی "آتش"دا کە لە ڕۆژی (سێشەممە ٢٩ی بهمن ١٣٢٥ – ١٩٤٧/١/١٩) دا دەرکراوە، چەند هەواڵ و وتار و بابەت لە دژی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بڵاو کراونەتەوە. لە یەکەم لاپەڕەیدا وێنەیەکی قازی محەممەد دەبینرێ کە لەژێریدا نووسراوە: "قاضی محمد رئیس حکومت خودمختار کردستان"، لە خوارتریش هەمان ئەو وێنەیەی کە لە ژمارە ٦٨دا بڵاوکراوەتەوە، لەم ژمارەیەشدا دانراوە.

- لە ژمارە ١٣٤ی ڕۆژنامەی "آتش"دا کە لە ڕۆژی (سێشەممە ١١ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ – ١٩٤٧/٤/١)دا دەرکراوە، هەواڵی لەسێدارەدرانی قازی محەممەد و سەدری قازی و محەممەد حوسێنی سەیفی قازی لەگەڵ وێنەیەکی قازی محەممەد دا بڵاوکراوەتەوە. هەواڵەکە وەک خۆی دەنووسمەوە: "قاضی محمد، صدر قاضی و سیف قاضی در ساعت ٥ صبح دیروز اعدام گردیدند. تلگراف خبرنگار ما از مهاباد: آتش ـ تهران ـ سه نفر خائن مشهور قاضی محمد و صدر قاضی و محمد حسین سیف قاضی کە در دادگاە زمان جنگ بریاست سرکار سرهنگ پارسی‌تبار محاکمه شده بودند در ساعت ٥ صبح ٢٥/١/١٠ بدار مجازات آویخته شدند. آتش– ضمن سلسله مقالات (حزب کومله کمونیست کردستان چگونه بوجود آمد) مفصلا اعمال خائنانه این سه مرد در روزنامه آتش منتشر گردید و انتشار آن مقالات کمک بسیاری به روشن شدن اسرار نمود باید دانست که مجازات خائن غیر از این نباید باشد."


مصدق-رضوی-شایگان-سنجابی-معظمی وسایر همدستان او
باید محاکمه و مجازات شوند
٢٦ ساعت است که فریادهای زنده‌باد شاه تهران را میلرزاند
آتش
آقای لاورنتیف سفیر جمهوریساز تسلیت
عرض میکنیم

**سەرنج!**

**یەکەم**/ ئەوە کە لە هەواڵەکەدا نووسراوە: (٢٥/١/١٠) هەڵەیە، مێژووەکە بەم جۆرە ڕاستە (١٣٢٦/١/١٠) کە دەکاتە (١٩٤٧/٣/٣٠).

**دووەم**/ لە هەواڵەکەدا نووسراوە کە لە ژمارەکانی پێشووی ڕۆژنامەی "آتش"دا زنجیرە وتارێک لەژێر ناوی (حیزبی کۆمەڵەی کۆمونیستی کوردستان چۆن هاتە کایەوە). بێگومان ئەگەر ژمارەکانی پێشووی ڕۆژنامەی "آتش" پەیدا بکرێ، بەتایبەت ئەو ژمارانەی کە ئەو زنجیرە وتارەیان تیادا بڵاو کراوەتەوە، لەلایەک گرنگە کە بزانین چی لە نێوەڕۆکەکەیدا نووسراوە و چ جۆرە بەڵگە و وێنەیەکی لەگەڵ دانراوە، وەکووتریش ڕۆشنتر دەردەکەوێ کە ئەو ڕۆژنامەیە چەند دوژمنانە دەربارەی کورد و کوردستان و کۆماری کوردستانی نووسیوە.

***

**پەراوێزەکان:**

[1] William Eagleton Jr, The Kurdish Republic of 1946, Oxford University Press, London, 1963, P.101

[2] خۆم لە چەند وتار و لێکۆڵینەوەمدا کەوتوومەتە هەڵەوە و نووسیومە کە ساڵی ١٩٤٦ ڕۆژنامەیەک بەناوی «ئاگر»ەوە لە مەهاباد بە کوردی دەرکراوە. [بڕوانە: جوتیار تۆفیق، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بێسەرو شوێن، کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە، ژمارە ١٥٩٩، پێنجشەممە ١٩٩٨/٤/٢٣، ل١٠]، هەروەها [سۆران (جوتیار تۆفیق هەورامی)، تیشکێک بۆ سەر گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان، چوارچرا، گۆڤار ـ سلێمانی، ژ١، ئازاری ١٩٩٧، ل١١]. هەروەها [جوتیار تۆفیق، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا ١٩٠٨ ـ ١٩٨٨، ل٣٦].

[٣] خاطرات دکتر هاشم شیرازی از فعالان سیاسی کردستان، به کوشش: هاشم سلیمی، تهران، انتشارات توکلی، ١٣٧٩، ص١٣٠ ـ ١٣٤.

- دوکتۆر هاشمی شیرازی لە ١٩١٩/٥/١دا لە مەهاباد لەدایک بووە. ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک. «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» و ناوە نهێنییەکەی «پرشنگ» بووە. لە مەهاباد و تاران خوێندوویەتی و بووەتە پزیشکی دان. ١٩٩٨/٧/١٥ لە تاران کۆچی دوایی کردووە و لە مەهاباد نێژراوە. بەشێک لە بیرەوەرییەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا بە فارسیی بڵاوکراوەتەوە. [خاطرات دکتر هاشم شیرازی از فعالان سیاسی کردستان، به کوشش: هاشم سلیمی، تهران، انتشارات توکلی، ١٣٧٩].

[٤] محەممەدی شاپەسەندی: تێکۆشەر، ڕووناکبیر، نووسەر، کەسێکی سادە و نەفس‌بەرز و لەخۆبووردوو بوو. پاییزی ساڵی ١٩٢٠ لە شاری مەهاباد لەدایکبووە. دایکی ناوی ئامینە ڕەحیمی و باوکی ناوی حەمە ساڵح کوڕی سەعید و بە «شاپەسەندی» ناسراوە. بە منداڵی خراوەتە بەر خوێندن و لە قوتابخانەی «سەعادەت» لە مەهاباد خوێندوویەتی. بە لاوی تێکەڵی جموجۆڵی سیاسی بووە. ئەندامێکی چالاک و کارامەی کۆمەڵەی ژ. ک. «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان» بووە. لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ.ک. و پاشتریش لە چاپخانەی کۆماری کوردستاندا ڕۆڵی دیاری هەبووە. چ بە نووسین و چ بە وەرگێڕان بەشداریی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا کردووە. پاشان چووەتە سلێمانی و ماوەیەک لە سیتەک بووە. دواتر بەشی زۆری ژیانی لە بەغداد بووە و لە بواری چاپدا کاری کردووە. لە چاپکردن و دیزاینکردنی دەیان کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیدا دەور و نەخشی بووە. پاشان لەگەڵ خێزانەکەی لە سلێمانی نیشتەجێ بوون. ڕۆژی یەک شەممە ٢٠٠٦/١/١٥ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا. بەشێک لە بیرەوەرییەکانی و هەندێک لە وتار و نووسینەکانی لەلایەن (بنکەی ژین)ەوە لە دووتوێی کتێبێکدا کۆکراونەتەوە. [بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسەندی، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، چاپخانەی شڤان.]

[٥] بۆ زانیاریی دەربارەی ڕۆژنامەی «اتش» و ژیاننامەی سەید مەهدی میر ئەشرافی و محمود ثنائی، سودم لەم دوو سایتە وەرگرتووە:

(www.rasekhoon.net)/(www.pajoohe.com)

---

دارسمە
دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# کوردایەتی کردنی بێ ژانەسەر

ڕووم لە خودی جەنابتە. تۆ کە ئەم ڕۆژنامەیەت گرتووەتە دەست و یان لە سەر شاشە لە ئینترنێت لێی ورد دەبیەوە و دەیخوێنیەوە. بە تۆ دەڵێم مەکە کەسم مەکە. مەکە دادە مەکە، مەکە کاکە مەکە. ئاخر بۆ ئاوا دەکەی؟ بۆ خۆت تووشی مەترسی دەکەی؟ بۆ خۆت تووشی تیرۆرکردن و تۆپباران و مووشەکباران دەکەی؟ بۆ مەگەر نازانی شێوازی زۆر ئاسان و بێ‌مەترسیی کوردایەتیکردن هەیە؟ باشە ئەدی بۆچی ڕووت کردووەتە ئەم کارە مەترسیدارە؟

ڕووی قسەم لە کوردانی ڕۆژهەڵاتە. کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێم. ئەوانەی لە ڕیزی حیزبی سیاسی و ڕێکخراوی مەدەنیدا چالاکن.

بۆچی وا دەکەن کەسی من بۆ؟ بۆچی خۆتان تووشی ئەم عەزاب و دەردەسەری و کوێرەوەرییە دەکەن؟ ئاخر بە ئێوە چی لێرە ناهێڵن کوردان بە ئازادی حیزبی سیاسییان هەبێ؟ بە ئێوە چی کارخانە و کارگە لە کوردستان دروست ناکەن؟ بە ئێوە چی خەڵکی کوردستان بۆ کار و بەڕێوەچوون دەڕۆنە کوورەخانە و خشت‌بڕین؟ بە ئێوە چی خەڵک لەسەر ئەم زەوی و زار و باخورەزانە دەکەونە سەر مین و دەمرن یان قاچیان لێ‌دەبێتەوە. بە ئێوە چی بەڕێوەبەری ئیدارەی شار و پارێزگاکانی کوردستان لە شیراز یان لە ئیسفەهانەوە دەهێنن؟ بە ئێوە چی بەڕێوەبەرانی هێزی ئەمنی و ئاسایش خەڵکی تەبرێزن؟ ئەوە نییە کاتێک ئیسفەهانییان دەڵێن "ئیسفەهان نیوەی جیهان"، تەورێزی وڵامیان دەدەنەوە و دەڵێن "بە مەرجێک تەورێز نەبێت؟" هەر بەڕاست بەئێوە چی چەکدارانی هێزی ئینتیزامی لە مەشهەد و شیراز و یەزدەوە دێن و لە دالاهۆ و ئاربابا و شاهۆ و قەندیل و کێلەشین و خواکورک تەقە لە کۆڵبەران دەکەن؟

بە وردی دەگەڵ تۆمە، تۆ کە ئەم دێڕانە دەخوێنیەوە. ئەگەر ڕاست دەکەی و حەزت لە کوردایەتییە، بڕۆ لە سەر دەستی شێخ موحسینی ڕەزایی تۆبە بکە و لە نوێوە دەست بە خەبات و کوردایەتی بکە. کوردایەتییەک نە لە سەری دەربەدەر دەبی و نە بەهۆیەوە تۆپباران و مووشەکباران دەکرێی و نە دەبێتە هۆی کوشتنت لە پەنا و پەسیوان. شێخ موحسین ئێستا کە لە بەرەبەری هەڵبژاردنێکی دیکەی سەرۆک‌کۆماریدایە و دیسان دەیەوێ وەک سێ‌چوار هەڵبژاردنی پێشوو بچێتە ڕیزی بەربژێران و ئەگەر دەنگی نەهێنایەوە پاشەوپاش بکشێتەوە و "قوون بداتەوە" سەر کورسیلەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵەی دەستنیشان‌کردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی. باشە بە تۆ چی ساڵانی بەرێ دەنگی نەهێناوەتەوە؟ با نەیهێنێتەوە. بە تۆچی شێخ موحسین دەڵێ لە بواری ئەمنییەوە قوونمان ئاوەڵایە؟ بە تۆ چی کاک شێخ موحسین دەڵێت ڕاستە ئیسرائیل بە هەزاران بەڵگەی نهێنیی سەبارەت بە چالاکیی ئەتۆمیی ئێران دزیوە؟ بە تۆ چی شێخ موحسین بابەت و نووسینی خەباتێگرانی کوردی "ژانەسەرنەخواز" لە ماڵپەڕە "ناک" و "تاب"ەکانی بڵاو دەکاتەوە؟

ئەتۆ کاڵەک خۆری یان بێستان‌ڕن؟ مەگەر ناتەوێ بێ‌دردیسەر کوردایەتی بکەی؟ ناتەوێ شانان هەڵتەکێنی و بڵێی کەس لە تۆ کوردتر نییە؟ ناتەوێ لە تیرۆر و ترس و تۆقاندن دوور بی؟ ئەگەر ئەمانە دەزانی بۆچی کەمێک لە ئامانجی سەرەکیی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ورد نابیەوە. بۆچی مەگەر نازانی هەناردەکردنی شۆڕش یان وەک فارسان دەڵێن "صدور انقلاب" ئامانجی سەرەکیی دەسەڵاتی ئێرانی دوای ڕووخانی دەستەڵاتی پاشایەتییە؟ بۆچی شۆڕشی ئیسلامی بۆ پارچەکانی دیکە کوردستان نانێری کە هاوزمانی تۆن بە بەردێک چەند کێلان ناشکێنی؟ کورد ناڵێ "بە بەردێک چەند چێشکە بکووژی". چونکە کێل شکاندن لە چێشکەکوشتن باشترە. تۆ پاش شکاندنی کێلی نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندانی نێژراوی بەهەشتی زەهرای تاران و وردوخاش‌کردنی گۆڕستانی نووسەران و هونەرمەندانی گڵکوی بوداق‌سوڵتانی مەهابادیش نەتزانی کێل‌شکاندن لە چۆلەکە کوشتن باشترە؟

تۆ ئەگەر حەزت لە کوردایەتییە دەتوانی بە بردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان لانیکەمەکەی بەم ئامانجانەی خوارەوە بگەی:

١- تاریفی خەباتی کوردانی پارچەکانی دیکە بە تایبەت هی تورکیە و سووریە یان وەک ئێوە دەڵێن هی باکوور و ڕۆژئاوا دەکەی و بەرچێڵەت بە شانازیکردن بە کوردایەتیەوە فوو دەدەی و فەخری کوردایەتی بە ئەملاوئەولا دەفرۆشییەوە.

٢- لە ماڵی خۆت دادەنیشی. یان مووچەیەکی باش بەم خەباتە وەردەگری و یان دەرفەتی باشت بۆ دۆزینەوەی کار و کاسبی دەست دەکەوێ.

٣- لە بەرانبەر مەترسیی ئەشکەنجە و تیرۆر و تۆپباراندا بە تەواوی بیمە دەکرێی.

تێبینیی یەکەم: ئەوەی سەبارەت بە باشووری کوردستان یان هەرێمی کوردستان دەیڵێی یان دەینووسی، پێویستە ناوی "هەرێمی کوردستان" لە وشەی "عێراق" دانەبڕێ و بنووسی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەگەر "هەرێم"ەکەی پێوەنەنێی باشتریش.

تێبینیی بن تێبینیی یەکەم: وەک نووسەر یان سیاسەتەانیش ئەگەر باس لە دۆخی نێوخۆی باشووری کوردستان بکەی، تەنیا مافی پشتگیریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئەوێت هەیە و دەبێ بەم حەشدومەشد و شتەش بڵێی "نیروهای مەردومی."

تێبینیی بن بن تێبینیی یەکەم: کاتێک خەریکی هەناردی شۆڕش بۆ باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانی، تەنیا ئاگات لە بەڕێز ئەسەد و حزبوڵڵا بێت. بەکەیفی خۆت ئەوانی دیکە بدە بەرێ.

تێبینیی بن هەموو تێبینییان: بە هیچ شێوەیەک باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەکە. لێرە بەرپرسانی نیزامی موقدەس بە کەڵک‌وەرگرتن لە "عطوفەت"ی ئیسلامی و بە دروستکردنی پەشیمانخانەی گەورە و مووشەک و فیشەک و میشەک و... لە خزمەت ئێرانییانی ئەسیل دان.

# هێمن؛ شاعیرێکی پرسیارساز

## (لە تاڵیادی کۆچی هێمن‌دا)

ڕێبوار قازی

قسەکردن لەسەر "مامۆستا هێمن" ئەوەندی بۆ منی خوێنەر جێگای دڵخۆشییە، هێندەش تاڵە. تا ئێستا زۆر بابەت لەسەر شێعری هێمن بە باش و خراپ نووسراون. لەو یادداشتەدا نە دەمەوێ ئاوڕ لە نووسراوەی نووسەران بدەمەوە و نە پێم باشە لەسەر سفرەی خەڵکی دی نانی خۆم بخۆم. دەمەوێ باسیک بورووژێنم کە دەکرێ لە شیکردنەوەی دۆخی ئێستای نووسین و ڕۆشنبیریی کوردیدا وەک پرسیارێک زەق بێتەوە.

هێمن یەکێک لە ناسراوترین شاعیرانی کوردی سەدەی بیستەمە، کە بە تایبەت پاش مەرگی، ئاوڕێکی زۆری لێدراوە. ئەوەی بە لای منەوە گرینگ و پرسیارسازە ئەوەیە کە بۆچی بەشێکی زۆر لە بەرهەمی ئەو شاعیرە بانگەوازی تەنیایی و خەمێکی قووڵە کە کەمتر بیستراوە و زیاتر دووپات کراوەتەوە. لەودیو وشە و بەیتە شێعرەکانی هێمنەوە، بە تایبەت ئەو بەرهەمانەی باسی بێ‌هیوایی و دابڕان و دووری و خەم و تەنیایی تێیان‌دا بە خەستی ڕەنگی داوەتەوە، سیمای دوو مرۆڤ خۆ نیشان خوێنەر دەدەن. یەکەمیان مرۆڤێک کە خەریکە لە دۆخی ناجێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەک دەدوێ و خەمی ئەو، خەمی هەموو ئەو کەسانەیە وەک ئەو بیر دەکەنەوە و بە دەردی کوردەوە چاراون. واتە خەریکە شاملوو گوتەنی "ژانی هاوبەشی هەمووان" لە قاو دەدا و دەیهەوێ لەو دەلاقەیەوە کارێک بکا بۆ ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگە و ببێتە پێگەیەک هەمووان هاواری بکەنێ و ئەو دەنگە دووپات بکەنەوە کە لە ژانی گشتی دەدوێ. مرۆڤی دووهەم کە لەپشت شێعری هێمنەوە خۆی دەردەخا و خوێنەر دەیبینێ شاعیرێکی تەنیا و وەڕەز لەو کۆمەڵگەیەی کە سەردەمێک جێی هاوار و بانگیان بووە.

پرسیار ئەوەیە چۆنە شاعیرێکی شۆڕشگێڕ لە سەردەمێک لە ژیانی‌دا دەگاتە ئەو ئاستەی نامۆ بێ لەو کەسانەی کە سەردەمیک نەتەنیا ناسیاوی بوون، بەڵکوو هاوولاتی و هاوسەنگەر و هاوڕێ و هاوژانی بوون.

ئەگەر لە باسی مرۆڤی یەکەمدا بمانهەوێ زیاتر وردبینەوە، کەسێک دەبینین لە جیگای منی بەکۆمەڵ دەدوێ و ئەو ژان و دەردەی ئەو هەستی پێ دەکا و دەتوانێ بیخاتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستیەوە، ژانی نەتەوەیەکی زوڵم‌لێکراوە. لەیەکەم شێعرەکانیەوە کە لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا نووسیونی ئەو دیاردەیە دەبینین.

**"گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردەم ئەمن**
**قەت لە دەست ئەو چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**
**گەر لە برسان و لەبەر بێ‌بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**
**نۆکەریی بێگانە ناکەم تا لەسەر عەردم ئەمن"**

لەو شیعرە دا "زنجیر و تەناف و دار و بەند"ێک کە هێمن دیهێنێتە گۆڕێ و لەبەر چاوی خوێنەری ڕوخساری دزێویان وەدەر دەخا، ئەو کەرەسانەن کە وێڕای ژانی بێگانەپەرستی و بێگانەترسی، هەموو کۆمەڵگەی کوردیان گەمارۆ داوە و ئەوە هەموو ئەو ویژدانە زیندووانەن هاوار دەکەن کە بۆ دەربازبوون لەو کەشە دەبێ ڕێگایەک بدۆزرێتەوە.

لە شێعری "بابردەڵە"دا دیسان "شاعیر/ مەل/نەتەوە" قسە دەکا. لەو تەمسیلەدا کە شاعیر خوڵقاندوویەتی، ئەو یەکێکی دیکە لە ژانە هاوبەشەکان دێنێتە گۆڕ؛ ئەویش دیلی و ژێردەستەیی کەسی لێزان و هەڵکەوتەیە کە لەو دەقەدا نموونە مەجازییەکەی بولبولە و نموونەی واقعییەکەی هێمنە و نموونە گشتییەکەی هەموو ئەوانەن کە لە دۆخی نالەباری ژێردەستەییدا، خەریکن بەردێک لەسەر بەردێک هەڵدەچنن و هەنگاویک بۆ بردنە پێشەوەی کاراونی ڕوو لە داهاتووی کورد هەڵدێننەوە. لە سەرەتا دا "بولبول" لەبەر ئازاری ژینی نالەباری و گیرۆدەیی قەفەس و هەموو بەربەستەکانی کۆمەڵگە، شین دەگێڕێ. تا مەلی ڕاستینی شێعرەکە لێی وەجواب دێ و تێی‌دەگەیەنێ کە کەسی هەڵکەوتە هەر هەڵکەوتەبوون و جیاوازبوونەکەی بەڵا و بەربەستێتی. واتە بەشێک لە کۆمەڵگە و بەشێک لە سیستەم، کە هەست بە زەق‌بوونەوەی کەسی وا دەکەن هەڵوێست دەگرن و لە ناوەندی خۆیان وەدەری دەنێن. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەم ئەو بەشەی کۆمەڵ کە خۆی بە دەست کایەکانی دەسەڵاتەوە داوە و هەم ئەو بەشەی دەسەڵات کە خەریکی کۆنتڕۆڵی جومگەکانی کولتووری و بزوێنەرە کۆمەڵایەتییەکانە، یان دەیبەستنەوە یان شاربەدەری دەکەن. بەڵام چون ئەوە دەردێکی گشتییە و پێویستی بە چالاکیی زیاترە، دەبێ تا دوژمن، من وەک دیاردەیەکی زیندوو دەبینێ، تەنیا هۆکاری زیندووبوونەکەم واتە خوێندن و ئاگایی بەخشیم بمینێ. ئەو باسە لە چەند بڕگەی شێعرەکەدا دەستنیشان دەکەم.

١

**"لەبەر ئازاری ژینی نالەباری**
**دەناڵێ بولبولی شەیدا بە زاری"**

٢

**"گوتم ئەی بولبولی خەمگینی دڵمەند**
**مەناڵێنە لەدەست داو و لە دەست بەند**
**هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە**
**هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تاڵە"**


٣

**"ئەگەر نەتبا ورینگە و دەنگی وا خۆش**
**بەرەڵلا بووی وەکوو ئەو ڕووڕەشە تۆش"**

٤

**"هەتا دوژمن نەگەوزێنێ دەخوێنم**
**دەخوێنم بۆ گەلی خۆم هەر دەخوێنم"**

لە شێعری "تووڕەیی"دا دیسان تابلۆیەکی وا دەبینین کە شاعیر باسی ئەوە دەکا کە بەروبووی تێگەیشتن و زانین...چ بوو بۆ من جگە لە کوێرەوەری، تا لە دواییدا دەڵێ "لەو وڵاتە کەسێک لە خەو ڕابی....بەشی چارەڕەشی و خەم و شێنە".



**ئەوەی لە زۆر دەقی هێمن‌دا بە ڕوونی دەردەکەوێ و بووەتە هۆی تووڕەیی و بێزاری و تەنیایی و خەمۆکیی شاعیر، شێوازی بیروباوەڕ و ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ کەسی هەڵکەوتەی کۆمەڵگەیە، ئەوەش تایبەتمەندی زۆر یەک لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانە و بۆ زانیاری زیاتر دەکرێ زۆر سەرچاوە بخوێندرێنەوە و یەک لەوان "کۆمەڵناسیی هەڵکەوتەکوژی"یە. کۆمەڵگەیەک کە تا ئێستاش کەشی کۆمەڵایەتیەکەی وای لێ‌نەهاتووە کەسی هەڵکەوتە و داهێنەر بزانێ کە "لە ناو بازاڕی ئەو ڕۆژەی ژیاندا بەرهەمی ئەو برەوی هەیە و دەچێ"**

لەو چەشنە نووسینە کە دەنگێکی نارەزایەتی دێ و دەنگەکە دەنگی گشتی و هاواری گشتییە، لە شێعری هێمن‌دا زۆرن و لەوە زیاتر بابەتەکە درێژ ناکەمەوە. بەڵام لە دوو شێعری "سازی ناساز" و "ئێوارەی پاییز"دا و هەڵبەت لە چەند دەقی دیکەشدا، ئەوەی دەدوێ مرۆڤی دووەمی باس‌کراوە. شاعیرێک کە تەرە و دوورخراوەی کۆمەڵگەکەی خۆشێتی. ئەگەر بمانەوێ لەسەر هۆکارەکانی بدوێین لەو کورتە نووسینەدا ناگونجێ و تەنیا ئاماژە بە خاڵێک دەکەم. ئەوەی لە زۆر دەقی هێمن‌دا بە ڕوونی دەردەکەوێ و بووەتە هۆی تووڕەیی و بێزاری و تەنیایی و خەمۆکیی شاعیر، شێوازی بیروباوەڕ و ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ کەسی هەڵکەوتەی کۆمەڵگەیە، ئەوەش تایبەتمەندی زۆر یەک لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانە و بۆ زانیاری زیاتر دەکرێ زۆر سەرچاوە بخوێندرێنەوە و یەک لەوان "کۆمەڵناسیی هەڵکەوتەکوژی"یە. کۆمەڵگەیەک کە تا ئێستاش کەشی کۆمەڵایەتیەکەی وای لێ‌نەهاتووە کەسی هەڵکەوتە و داهێنەر بزانێ کە "لە ناو بازاڕی ئەو ڕۆژەی ژیاندا بەرهەمی ئەو برەوی هەیە و دەچێ" ڕەنگە سەدان پاساو بۆوە بهێندرێتەوە کە هێمن خۆی گوتوویەتی من هیچم لە کۆمەڵگەکەم ناوێ و لە وڵامی "مامۆستا هەژار"دا ڕایگەیاندووە کە چمان لەو خەڵکە دەوێ؟ ئێمە بە ویستی خۆمان بووینەتە شاعیر. لە وڵامی ئەو نووسیانەدا دەبێ بگوترێ هێمنێک کە شێعر دەنووسێ ڕاستگۆیانەتر و بی پێچ و پەناتر دەدوێ و بە کورتی ترسی لە هەڵسەنگاندنی قسەکانی لە لایەن کۆمەڵگەوە نییە بۆیە لەوێدا دەڵێ:

**"لە ناو بازاڕی ئەمڕۆکەی ئەدەبدا شێعری تۆ هێمن**
**وەکوو پارەی چرووکە هیچ ڕەواجێکی نیە ناچێ"**

ئەو کاردانەوەیە پێشتریش لە شێعری شاعیراندا هەبووە. "میسباحودیوانی ئەدەب" دەیان ساڵ پێش ئەو دەڵێ:

**"پێوەم ئەدەب دەمێک لە ئەدەب خۆم کەنارە کەم**
**ئەز بەس کە بێ هونەرییە لە لای بێ هونەر هونەر"**

بەڵام ئەو هەستە لای هێمن تا ئاستی قووڵترین خەم و ڕادەی تەریک کەوتنەوە و تەنیایی ڕۆیشتووە. بۆ درێژەی ئەو باسە سووکەڵە ئاوڕێک لە "ئێوارەی پاییز" دەدەینەوە. "ئێوارەی پاییز" بە زۆر تیۆری و شێواز دەخوێندرێتەوە و شێعرێکە ئەوەندە لایەنی جوانیناسانە و مانایی تێدایە، کە هەم بە شێوەی دووبەیتی نوێ بخوێندرێتەوە و قسە لەسەر تەبایی نێوڕۆک و قالبەکەی بکرێ هەم لەسەر هەڵوێستی بۆ چینەکانی کۆمەڵگە لەنگەر بگیرێ و لە ڕوانگەیەی ڕیالیسمی سۆسیالیستییەوە چاوی لێ‌بکرێ و ... بەڵام ئەگەر مرۆڤ و بگێڕەوەی ئەو شێعرەش لە گۆشەنیگایەکەوە چاو لێ‌بکرێ و سەرنجی بدرێتێ، کەسێک دەبینین کە کەمترین هیوا و ترووسکایی بۆ درێژەدان بە ڕەوتێک کە گرتوویەتە بەر نابیندرێ. مرۆڤێک کە "جوانی دەرکەی لێ پێوە داوە" و ئاسەواری لەبەر چاوی نەماوە. بە چاوی خۆی باربەری ڕووت دەبێنێ کە چۆن ژان و نەداری لێ بەرهەم دێتەوە. هەموو سیمای جیهان-ژینگەی سیس بوون و خەریکی هەڵوەرینن و لە ڕاستەڕێی بەردەمی، دزێوییەکان ڕێزیان گرتووە. هێمن لێرەدا ئەو پادشای بێهیوایی و شکستەیە کە سەربازانی سەر شەقام دزێوین و ڕیزیان گرتووە و ئەو بە بەردەمیاندا تێ‌دەپەڕێ. بۆیە پرسیاری سەیر و وێرانکەر لە زەینیدا سەر هەڵدەدەن. ئەو پرسیارانەی دەتوانێ کۆمەڵگە بهەژێنێ. ئەگەر لێرەشدا لە ژان و دەرد دەدوێ و دیهەوێ بڕوا و لەگەڵیان سەر پێکەوە بنێ، ئەوە هەمان ژان و دەردی پێشوو نییە کە لەگەڵ کۆمەڵگەکەی تێیدا هاوبەش بوو. لێرەدا ژانی تەنیایی و برینی تاکەکەسیی خۆیەتی. لێرەدایە تەنانەت لە هەستەکانی ئینسانی دڕدۆنگە و دەپرسێ "چۆن بە ئێوارەی پاییزیش هی وا هەیە پێبکەنێ؟"

لە کۆتایی ئەو شێعرەیدا بە پێچەوانەی زۆر شێعری دیکەی، لە زمان خۆیەوە باسێک لە گەشبینی نییە. بۆیە ئەو پێی وایە "بەشی ئێمە، واتە کەسی ئەو، لە نێوچوونە". ئەوەی وڵام دەداتەوە "دوور بنواڕە ئاسۆ ڕوونە" کەسێکی دیکەیە کە دڵخۆشی دەکا، دەنا شاعیر خۆی تا سنووری هیوا بڕاوی فڕیوە.

لە شێعری "سازی ناساز"دا ئیتر ئەو ئاشنایەش وەلا دەنێ. لەو شێعرە دا مرۆڤێک دەدوێ کە لە هەموو دیاردەیەکی نەزۆک و بێ بەرهەمدا خۆ دەبینێتەوە. دەگاتە ئاستێک بوون و نەبوونی خۆشی لێ تێک دەچێ و گومانیان لێ دەکا. لە نیو ئەو گشتە هەستە تاڵ و وێرانەدا ڕوو لە خوێنەر، دڵدار، خەڵک، کۆمەڵگە دەڵێ:

**"چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم**
**خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم..."**

**هێمن کەسێکی پرسیارساز بوو. باس و پرسیارەکانی ئەو لەو بەشەی شیعرەکانیدا، ئێستاش لە جێگای خۆیاندا قورساییان هەیە و چاوەڕێی وڵامن. ئەو دۆخەی ئێستا لە فەزای گشتی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەبیندری، نە درەوشاوەترە لەو سەردەمەی هێمن باسی کردووە و نە کۆمەڵگە بە نیسبەت کەسانی هەڵکەوتەی خۆیەوە هەستیارترە. هەر ڕۆشنبیر و نووسەری نەتەوەی کوردە لە کایەی تازەی سیستەمدا، دەرخوارد کەسانی نەتەوی دەدرێ و ... ئایا کاتی ئەوە نییە دیسان وەک هێمن بپرسینەوە "کەوابوو ئاشنا بەشی ئێمە لە نێوچوونە"؟**

هێمن کەسێکی پرسیارساز بوو. باس و پرسیارەکانی ئەو لەو بەشەی شیعرەکانیدا، ئێستاش لە جێگای خۆیاندا قورساییان هەیە و چاوەڕێی وڵامن. ئەو دۆخەی ئێستا لە فەزای گشتی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەبیندری، نە درەوشاوەترە لەو سەردەمەی هێمن باسی کردووە و نە کۆمەڵگە بە نیسبەت کەسانی هەڵکەوتەی خۆیەوە هەستیارترە. هەر ڕۆشنبیر و نووسەری نەتەوەی کوردە لە کایەی تازەی سیستەمدا، دەرخوارد کەسانی نەتەوی دەدرێ و ... ئایا کاتی ئەوە نییە دیسان وەک هێمن بپرسینەوە "کەوابوو ئاشنا بەشی ئێمە لە نێوچوونە"؟

# ڕۆڵی ئافرەت لە گوتنەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکاندا

## (جوغرافیای لەدایکبوونی بەیت)



سابات حەمید

لە خوێندنەوە و تاوتوێکردنی بەیتەکاندا دەتوانین ئاوڕ لە ڕابردوومان بدەینەوە و تیشک بخەینە سەر کۆمەڵێک لایەنی شاراوەی ژیانی پێشینیانمان. لە ئاوێنەی بەیتەکاندا شێوازی ڕوانین و جیهانبینیی پێشینیان و هەڵسوکەوت و داب‌ونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان و میوانداری و لێبوردەیی و تۆڵەسەندنەوە و زۆر لایەنی دیکەی ژیانیان دەردەکەوێ.

ئەحمەدی بەحری پسپۆڕ و شارەزای بواری بەیت و فۆلکلۆر لە دیمانەی گۆڤاری خوێندکاریی "هەژێن" (ساڵی سێهەم ژمارە ٣)دا ئاوا باسی گرنگیی فۆلکلۆر دەکا: گەلێ شارەزا و لێزان، بە زمانی جۆربەجۆر و لە گەل و وڵاتی جۆربەجۆردا، لەسەر فۆلکلۆر دواون؛ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە فۆلکلۆر یەکێک لە گرینگترین و بەرچاوترینی ئەو دیاردانەیە کە لە ژیانی دووروودرێژی ئادەمیزاددا، بە ڕەنگ و شێوازی جۆربەجۆر ساز بووە. فۆلکلۆر هەروەک دیاردەکانی دیکەی فەرهەنگ لە ڕەنگدانەوەی پێوەندیی ئینسان و سروشت، ئینسان و ئینسان، ئینسان و خۆیدا هاتۆتە ئاراوە. ئەوەی فۆلکلۆر لە دیاردەکانی تری ئینسان جیا دەکاتەوە و بایەخی تایبەتیی پێ دەدا، خاوەنداره تایبەتییەکەیەتی. هەر ئەوەی کە خاوەنداری فۆلکلۆر خەڵکە، تۆ دەباتە نێو ئەقیانووسێک بابەتی ڕەنگاوڕەنگ بە پانتایی مێژوو. هەر لەو ڕووەوە گەڕان بە نێو فۆلکلۆردا هەرگیز ناتوانێ گەڕانێکی ئاسایی و کاتی و سەرپێیی بێ. بۆ؟ چونکە تۆ بە سەر ئەزموون و ئێحساسات و دڵەڕاوکە و خۆشیی ئادەمیزاددا دەکەوی کە سەدان و بگرە هەزاران ساڵە بە سەر یەکدا کەڵەکە بوونە لێک دڕاون و سواون و بەرەو ژیانی ئێستای ئێمە شۆڕابەیان بەرداوەتەوە. ئێمە ئەمڕۆ لە فۆلکلۆردا ئەوەی لێی دەگەڕێین "خۆمان"ین. ئەو "خۆ"یەی لە دنیای مۆدێرنی ئێستا سەیر لەگەڵ خۆی نامۆیە. بە دوای دوێنێ و پێرێی خۆمانەوەین، بە دوای ئەو دابڕانە گەورەیەی کە لەگەڵ سروشت و منداڵیماندا وەدی هاتووە. بە دوای ئەو بەشە لە ڕابردووی ونبووی خۆمانین کە مێژوو بە سەریدا قەڵەمبازی داوە؛ یان هەر ئەرک و کاری ئەو پاراستنی ئەمە نەبووە. لەسەر بەردەنووسەکان، لەسەر سواڵەت و دەفرە کۆنەکان، لە نێو وشە و دێڕی کتێبە مێژووییەکان لە کوێ ئەو بەشە ڕابردووە ون بووە وەک لە فۆلکلۆردا پارێزراوە بە جوانی و بە ڕوونی ماوەتەوە؟ لە بەراوردی مێژوو و فۆلکلۆردا، فۆلکلۆر ئەو گشت بابەتە ورد و نادیارانەن کە شان بە شانی مێژوو زەمانێکی دوور و درێژیان پێواوە و لەگەڵ خۆیان تام و بۆن و بەرامەی بەشە ونبووەکەیان بۆ ئەمڕۆی ئێمە پێیە.

بە داخەوە ئەدەبی نووسراوی کورد تەمەنێکی لەمێژینەی نییە و کورد مخابن زۆر درەنگتر لە خەڵک و دراوسێیەکانی خۆی دەستی داوەتە خوێندن و نووسین. ساوابوونی ئەدەبی نووسراوی هەر نەتەوەیەک، یەکێک لە هۆکارەکانی خەستتربوونەوە و گرنگبوونی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆرەکەیەتی. ئەوە بەو واتایە نییە هەر گەل و نەتەوەیەک ئەدەبی نووسراویان بەتەمەن و لەمێژینە بێت، ئەوا فۆلکلۆرەکەیان کەم بایەخترە. دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە هەر لەو دیمانەیەی لەگەڵ گۆڤاری هەژێن لەو بارەیەوە دەڵێ: هەرچی ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی کلاسیکی گەلێک بەهێزتر بێ، ئەدەبی فۆلکلۆریی ئەو گەلە کەشێکی کەمتری بۆ دەمێنێتەوە و بە پێچەوانە ئەگەر بە هێندێک هۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەناو گەلێکدا ئەدەبی نووسراو لاواز بێ یا پێشینەکەی زۆر کۆنی نەبێ، ئەوا ئەدەبی فۆلکلۆری ئەو گەلە زیاتر بەخۆیدا دێ و سەرنجی پێ دەدرێ.

### جوغرافیای لەدایکبوونی بەیت

بەشێک لە گۆرانییە کوردییەکان، تایبەتیی هەندێ ناوچەی دیارن. بۆ وێنە سیاچەمانە و هۆرە، لە ناوچەکانی هەورامان و بەشی کەلهوڕی کوردستاندا هەن و لەوێ لەدایک بوون و هەر لەوێش دەگوترێنەوە. سەبارەت بە حەیران و بەیتیش ڕای جۆراوجۆر هەیە. بۆ وێنە هەندێ کەس پێیان وایە حەیران تایبەتی دەشتی هەولێرە و بەیت لە موکریان لەدایک بووە و گەشەی کردووە و هەڵی داوە و پێ گەیوە. هۆمەر دزەیی لە کتێبی "هەوڵێک بۆ تێگەیشتنی حەیران"دا دەڵێت: ... جەمیلی عەلیاغای دزەیی کە یەکێک لە وەستا لێهاتووەکانی حەیران بووە، لە چاوپێکەوتنێکدا پێی گوتم، وڵاتی ڕەسەنی حەیران دزەییاتی و گەردیاتییە. ئیتر لەوێوە پەڕیوەتەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی سۆران و موکریان کە ئەوێ زیاتر مەڵبەند و سەرچاوەی بەیتی کوردین نەک حەیران.

پ.د. شوکریە ڕەسووڵ لە کتێبی "ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی"دا ئاوا باسی بەیت و جوغرافیای سەرهەڵدانەکەی دەکا: بەیت پەخشانێکی شێعرئامێزە و ڕیتمی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ وەسف یا بۆ بابەتێکی دڵداری و مێژوویی و لە ناوچەکانی موکریان، هەولێر، کۆیە، ڕەواندوز، حەریر و لە نێو کوردەکانی ڕۆژهەڵات بەیتی پێ دەگوترێ.

ئەو دابەشکردنە ناوچەییە زیاتر بەپێی ڕوانینی ئەمڕۆیی مرۆڤی کوردە لە جوگرافیا و ناوچەکانی کوردستان، بەبێ ئاوڕدانەوە لە ڕووداوە مێژووییەکان و ڕابردووی ئەو نەتەوەیە، کە سەردەمانێک شتێک بەناوی سنوور، وەک ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، لەنێوان بەشەکانیدا نەبووە و ئەوان بەبێ هیچ لەمپەرێکی سیاسی توانیویانە گەرمێن و کوێستانێ بکەن. ئەوەتا دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە ڕایەکی جیاواز لەوەی هەیە و دەڵێ: "ئەو کەسانەی ئەم پرسیارەیان ئاوها گەڵاڵە کردووە، پێشگریمانەیان ئەوە بووە لە سەردەمی پێشووش‌دا دەشتی هەولێر و موکریان لە دوو جوغڕافیای سیاسیی جودادا بوون. با زۆر دوور نەڕۆین هەر دەوری سەدەیەک لەمەوبەر ئەو خێڵە کوردە کۆچەرانەی زستانان لە دەشتی هەولێر ژیاون، لە وەرزی خێڵ بەرەوژوو دا بەرە بەرە لە ڕێگای قەندیلی مامەکۆییان و سپی‌ڕێزی خەیلانییان و ڕەندۆڵی زەرزایان بۆ لای ناوچەکانی ناوەندی‌تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکشاون."

بەو پێیە، ئەگەر ئەمڕۆ، ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەر کامە و لە ڕووی کۆمەڵێک دابونەریتەوە لێک جیاوازن، ئەوە هۆکاری ئەو سنوورە دەستکردانەیە، ئەگینا لانیکەم لە داهێنان و بنەما کولتوورییەکاندا دەگەڕێنەوە سەر یەک بنەما و بنچینە و هەمووان لە دروستکردنی ئەو شتەدا کە ناوی لێ دەنرێ فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردەواری، دەستیان هەبووە. چونکە سەردەمانی پێش دابەش‌بوونی کوردستان، خەڵکی ئەو ناوچە لێکدابڕاوانەی ئێستا، بەبێ کۆسپ و لەمپەر هاموشۆی یەکتریان کردووە.

### بەیت و قەسیدە

قەسیدە یەکێکە لە فۆرمەکانی شیعری کلاسیک کە لە پێشدا لەنێو عەرەبەکان‌دا باو بووە و دوای ئەوەی خەڵکی ئێران دێنە سەر ڕێبازی ئیسلام، شاعیرە فارسەکانیش بە لاسایی‌کردنەوەی عەرەبان لەو جۆرە شیعرە دەهۆننەوە و شاعیرانی کوردیش هەروەتر. خۆی قەسیدە واتە شێعری مەبەستدار. شێعرێک کە تایبەت بۆ مەبەستێک نووسرابێت. دوکتۆر سیرووس شەمیسا لە کتێبی جۆرەکانی ئەدەب‌دا دەڵێ: قەسیدە یەکەم جۆرێکی شیعرە کە لە ئەدەبیاتی فارسیی دوای هاتنی ئیسلامدا بە لاسایی‌کردنەوە لە شیعری عەرەب هاتووەتە دی.

قەسیدە لە ١٥ هەتا پەنجا، یان شەست و جار هەیە تا حەفتا بەیتیش درێژ دەبێتەوە. خۆی قەسیدە لە ڕاستیدا شیعرێکە بۆ پەسنبێژی و پێداهەڵگوتن (مدح). قەسیدە فارسییەکان پەسنی دەسەڵاتدار و ئەمیرەکانی سەردەمی ژیانی شاعیران و شاعیر لە پێناوی ئەو قەسیدانەدا شاباشی وەرگرتووە. قەسیدە لە چەند بەشێک پێک دێ. بەشی یەکەمی قەسیدە پێداهەڵگوتنە بە هەڕەتی لاوێتی و تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەی تەمەن و بە عەرەبی پێی دەڵێن: "تەشبیب". بەو پێیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە، ژیانی دڵداری و خۆشەویستییە. بۆیە ئەم بەشەی قەسیدە هەر باسی عەشق و دڵدارییە. لە بەشی دووەمیدا کە پێی دەگوترێ "تەخەلوس" شاعیر ئەو باسە دڵدارییە بە بەیتە شیعرێک وا لێ دەکا بەبێ ئەوەی هەست بە دابڕان و پچڕانێک بکرێت بای دەداتەوە سەر پەسن و پێداهەڵگوتن بە میر یان پادشادا. بەشی سێهەمی هەمووی پێداهەڵگوتنە و بەشی کۆتایی یان چوارەمیشی هەر دوعاکردن و هیوای تەمەندرێژییە بۆ ئەو کەسەی پێیدا هەڵدەڵێ.

بەیتە کوردییەکان لەو ڕووەوە زۆر لە قەسیدە نزیکن. بەیت‌بێژ لە پێشدا کوڵ و کۆی دەروونی خۆی هەڵدەڕێژێ و بەخۆی هەڵدەڵێ و دوای ئەوە دێتە سەر باسە سەرەکییەکەی، کە پێداهەڵگوتنە بە قارەمانی بەیتەکە و لە هەندێ شوێندا بەیت‌بێژ یان گێڕەرەوە یان قارەمانی بەیتەکە لەناخی خۆیدا و لەگەڵ خۆی دەدوێ. د. ڕەهبەر مەحموودزادە لە وتارێکیدا "بەیتی کوردی لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیک‌دا" لەو بارەیەوە دەڵێ: "بەیتی کوردی مەدحی دەستەڵاتداران ناکا. وێکچوونی بەیت و قەسیدە، نەک لەم لایەنە نێوەرۆکییەدا بەڵکوو لە لایەنێکی فۆرمی و پێکهاتەیی‌دا زەق دەبێتەوە. بەیتە درێژەکان لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی چەندین بەشی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن کە مەنتیقی فۆرمیی و ناوەرۆکیی ئەم بەشە جۆراوجۆرانە تاڕادەیەک پێکەوە جوداوازییان هەیە. بەیت لە هەندێک بەشیدا بە وەسفی ناسک و ئەویندارانە شێوازێکی لیریک و غینایی بەخۆیەوە دەگرێ. لەم بەشانەدا زۆرتر وەسف و نزایەکی ئەویندارانە و پاڕانەوەیەکی دڵسووتاوانە لە قاڵبی مۆنۆلۆگدا بەدی دەکرێن."

لە باری نێوەرۆکیشەوە وێکچوونییەکی زۆر لە نێوان بەیت و قەسیدەی فارسیدا هەیە. دوکتۆر سیرووس شەمیسا لە کتێبی جۆرەکانی ئەدەبدا دەنووسێ: قەسیدە، فۆرم و قاڵبی واتا و ناوەرۆکی پاڵەوانێتی و حەماسییە و باسی پاڵەوانێک دەکا کە دەچێتە سەفەری پڕ مەترسی و هات و نەهات و بە تەنیا لەشکرێکی گەورە قەڵتوبڕ دەکات. شەڕەکانی ئەو پاڵەوانە لایەنی نەتەوەیی یان ئایینیان هەیە و پەلامار دەباتە سەر کافران یان دوژمنانی وڵاتەکەی.

دەبینین پاڵەوانی بەیتە کوردییەکانیش دەچنە ئەو جۆرە سەفەرانە. لاسەشۆڕ دەچێتە سەفەری مامەڕەش و لە سەر داوای "یای خەزاڵ" بە تووکی سمێڵی مامە ڕەش هەشتا چەپکە گوڵ چەپکە دەکات و بۆ یای خەزاڵی دەنێرێتەوە. شۆڕ مەحموود دەچێتە سەفەری بەڵخ و بوخارایە. ئەحمەدخانی میرسۆفی، باوکی لاسەشۆڕی باڵەکیان لە ڕێگای ماڵە خەزوورانیدا هەژدیهایەک لەتوپەت دەکات و چل چەتە و ڕێگر دەکوژێ و دواتریش لە دارستانەکەدا شێرێک دەکوژێ و کەوڵی دەکات. لە بەیتی سوارۆشدا سوارۆ دەچێتە سەفەری کاولە لەحسایە و نازدار حەیرانەکەی پێی دەڵێ: یاخوا خەبەری مەرگی تۆم بۆ بێ، بەڵام نەبیستمەوە کە تۆ سەری کەحێڵەکەی خۆتت لە بەر هەزار و پێنسەد سواران وەرگێڕاوە و بە تێکشکاوی و بەزیو گەڕاویتەوە و منت لە نێو ناسک و نازداراندا شەرمەزار کردبێ.

بەو پێیە بەیت و قەسیدە لە هەر دوو بواری فۆرم و نێوەرۆکدا وێکچوویان پێکەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکانیشیان زۆر لەوە زیاترن کە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێکی جیاوازییەکانیان دەکەین.

### جیاوازییەکانی نێوان بەیت و قەسیدە

دەکرێ گرنگترین و بنەماییترین جیاوازیی نێوان بەیتە فۆلکلۆرییەکان و قەسیدە لە کێش و سەروایاندا دەسنیشان بکەین. قەسیدە لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی لە سەر یەک کێشی دیاریکراو دەڕوات. میسرەعەکانی قەسیدە لە دەستپێکەوە هەتا کۆتایی لەسەر یەک کێش دەڕۆن، بەڵام کێشی بەیتەکان کێشی خۆماڵییە. کێشی بڕگەییە و میسرەعەکانی کورت و درێژن. بۆ وێنە:

***"ئەوە کیژ دەرێ سوار ئەگە دەچیە وان سەفەرێ***
***ئەوەت وەسیەت بێ لە سەر دەستی من***
***پەڕەوە لە چۆمی عوودێ لە دەریای عومانێ***
***ئەسپێکەخۆت باژوێ لە کەناری دەسواران***
***بریا سوار ئەمن خەبەری تۆم بۆ هاتبا کوژرابایەی***
***ئەوە درابایە بەر وەودای شیر و خەنجەر و قەناران***
***نەوەک ئەتۆ هەڵاتبای و سەرێ کەحێلێ خۆت وەرگێڕابا***
***لە بەر هەزار و پێنج سەد سواران چونکە ئەمنت خەجاڵەت دەکرد***
***لە کن شەدەشل و شلومل و چاوبەکل و ناسک و نازداران"***

وەک دەبینین هەر دێڕەی بڕگەکانی لە چاو بڕگەی دێڕەکەی دیکە کورتتر یان درێژترە. ئەگەر قەسیدە پشت بە کێشی عەرووزی دەبەستێت، ئەوا بەیتە فۆلکلۆرییەکان پشت بە کێشی خۆماڵی و لە ڕاستیدا مۆسیقای ناوەوە دەبەستن و لەوەیاندا لەگەڵ شێعری نوێدا لێک دەچن. قادر فەتاحی قازی لە وتاری "مەنزوومەی کوردیی لاس و خەزاڵ" کە زانکۆی تەورێز ساڵی ٢٠٠٠ بۆی چاپ کردووە لە بارەی بەندەکانی بەیت دەڵێ: بەندەکان (میسرەعەکان)ی بەیت چەند دێڕی هاوسەروان و بە گشتی دوو جۆرن. جۆری یەکەم ئەو بەندانەن کە دێڕەکانیان کورتن و هەر دێڕەی لە دە بڕگە تێناپەڕێنێ. جۆری دووهەم ئەو بەندانەن کە دێڕەکانیان درێژن و لەوانەیە دێڕێک، هەتا بیست و دوو بڕگەش درێژ بێتەوە.

وەک دەبینین لەو نموونەیەی سەرەوەدا کە لە دەقی بەیتەکەی سوارۆ وەرمان‌گرتووە، هەرکامە و لە ڕووی بڕگەوە لێک جیاوازن. بۆ نموونە:

ئەوە کیژ دەرێ سوار ئەگە دەچیە وان سەفەرێ (١٥ بڕگەیە)

ئەوەت وەسیەت بێ لەسەر دەستی من (١٠ بڕگەیە)

پەڕەوە لە چۆمی عوودێ لە دەریای عومانێ (١٤ بڕگە)



درێژەی هەیە ...

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:796 20 April 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


## بەر لە ماڵاوایی

# ئەرکی نەتەوایەتیی ئیمڕۆی شاعیر و نووسەرەکانمان

لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلاندا هەمیشە شاعیر و نووسەری ڕووناکبیر و پێشڕەو نەخشێکی گرینگ و بەرچاویان هەبووە و ئەرکێکی مەزن و پیرۆزیان بەجێ گەیاندووە.

یەکەم هاواری ڕزگاریی نەتەوەکەمان لە گەرووی شاعیرێکی مەزن و هەڵکەوتوو هاتۆتە دەر و لە چیا بەرز و سەرکەشەکانی کوردستاندا دەنگی داوەتەوە و باپیرە خەواڵووەکانی ئێمەی لە خەو ڕاپەڕاندوون و شیری پێ سوون و ناردوونی بۆ کۆڕی خەباتی ڕزگاریخوازی.

ئێستاش پاش ڕابردنی گەلێک مانگ و ساڵ، دەنگی نێر و دلێری «خانی» وەک وەحیی ئاسمانی لە گوێی تێکۆشەرانی نەبەزی نەتەوەی کورددا دەزرنگێتەوە و ئەو دەنگە زوڵاڵەیە ناهێڵێ وەنەوز و وێژینگ بدەن و خەو بیانباتەوە و لە کاروانی خەبات بەجێ بمێنن.

خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا ئیمڕۆ پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ. خەباتی گەلەکەمان خەباتێکە عادلانە و ڕەوایە بۆ ئەستاندنی مافی نەتەوایەتیی پێشێلکراوی خۆی. خەباتێکە لە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی و بەشێکە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و ئازادیخوازیی گەلانی جیهان. گەلی ئێمە تێدەکۆشێ بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی سەربەخۆ و دێموکراتیک و کوردستانێکی ئازاد و خودموختار لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا. گەلی ئێمە وێڕای گەلانی تری ئێران خەبات دەکا بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆری و تاراندنی ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەمان.

ئەرکی شاعیر و نووسەرە پێشکەوتووەکانیشمان لە هەلومەرجی ئیمڕۆدا پشتیوانیکردن و هاندانی تێکۆشەرانی ئەم قۆناخەی خەباتەکەمانە. ئەرکێکی گەورە و گرنگە، ئەرکێکی پیرۆز و خاوێنە و ئەرکێکی سووک و هاسانیش نییە.

شاعیر و نووسەرە نیشتمانپەروەرەکانمان لە قۆناخی ئیمڕۆدا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزە دەبێ لەنێو خەڵکدا بژین، لە کۆمەڵانی زەحمەتکێش و چەوساوەی خەڵک جوێ نەبنەوە. لە پێشەوە ئاگاداری وەزعی ژیان و بەڕێچوون و خەباتی ئەوان بن و هەست بە ئێش و ژان و ئازاریان بکەن. لە ژیانی ڕۆژانەی ئەوان ئیلهام وەربگرن و لەگەڵ تەجرەبە و زانستی خۆیان تێکەڵی بکەن و بیکەنە مایە بۆ نووسراو و شێعر.

شاعیر و نووسەری کورد دەبێ ئیمڕۆ قەڵەمی بە قازانجی زۆربەی گەلەکەمان بگەڕێ و بە زمانێک بنووسێ جووتیار و کاسبکار تێی بگا. دەبێ زمانی شوان و گاوان و سەپان بزانێ، دەبێ بۆ زەحمەتکێشان بنووسن و ئەوان هان بدا بۆ خەبات. نووسین و شێعری ئەوڕۆمان تا ساکارتر و بێ گرێوگۆلتر بێ، زیاتر خزمەت دەکا.

شاعیر و نووسەری ئیمڕۆمان دەبێ شوێنەواری شاعیر و نووسەرە پێشکەوتووەکانی جیهان موتالا بکەن و شتی تازە و نوێ فێر بن و لە تەجرەبەی ئەوان کەڵک وەرگرن و بەرگی کوردیی تەواوی لەبەر بکەن.
شاعیر و نووسەری ئیمڕۆمان دەبێ لە دژی ڕێوشوێنی کۆن و ناپەسند خەبات بکەن و لە کردەوەی دزێو ڕەخنە بگرن و ڕێگای ڕاستی ژیان بە خەڵک نیشان بدەن.

شاعیر و نووسەری کوردستان نابێ ئەوەندە بەرزەفڕ بن کە خەڵک نەیانگاتێ و لەژێرڕا تێیان هەڵبڕوانێ و لە قسەیان نەگا. لەبیریان نەچێ ڕۆڵەی ئەم گەلەن، لە باوەشی ئەو چیا و کەژەدا پەروەزە بوون و دەبێ پاداشتیان بدەنەوە، پاداشتێکی مەعنەوی و بەکەڵک، پاداشتێکی جوان و ساکار، پاداشتێکی بەنرخ و بێ پێچ و پەنا.


بەداخەوە ئێستاش لە کوردستانی ئێراندا نووسینی کوردی تاوانێکی گەورەیە و بۆیەش ئەرکی گرنگ و گەورەی ئەدەبی لە ئەستۆی شاعیرەکانە. شێعر هاسانتر دەستاودەست دەکا، زووتر لەبەر دەکرێ و چاکتر بڵاو دەکرێتەوە و کەمتر بەڵگە دەداتە دەست دوژمن. ناڵێین ئەرکی شاعیرە پێشکەوتووەکانمان لە هەلومەرجی ئێستادا کە دیکتاتۆری باڵی ڕەشی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، کارێکی هاسان و بێمەترسییە، بەڵام هەر ئەو قسەی شاعیری گەورە و ئازادیخوازی تورک «نازم حیکمەت» وەبیر دێنینەوە کە دەڵێ: «ئەگەر من نەسووتێم، ئەگەر تۆ نەسووتێی، ئەگەر ئێمە نەسووتێین چۆن ڕووناکی لە تاریکیدا پەیدا دەبێ».

شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانمان دەزانن گەلەکەمان ئیمڕۆ لە هەمیشە پتر پێویستی بە ورینگەی خەمڕەوێن و ئاسمانیی ئەوان هەیە. هەستی نیشتمانپەروەری و ئەرکی نەتەوایەتی و ئینسانی ناچاریان دەکا لە سزا و ئازار نەترسن و بێدەنگ دانەنیشن.

**(ڕۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە ٣٠، سەرماوەزی ١٣٥٢ی هەتاوی)**



# بنەماکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان




"بنەماکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان" نووسینی دکتۆر کامەران ئەمینئاوە چاپ و بڵاو بۆوە.

"بنەماکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان" کە دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان بڵاوی کردووەتەوە، بەرهەمێکی نوێی زانستی کتێبخانەی کوردییە و هەنگاوێکی گرنگ و پڕبایەخە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە سەرچاوە و بابەتی زانستی بە گشتی و زانستی پزیشکی بەتایبەتی.

دکتۆر کامەران ئەمینئاوە خەڵکی شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتووی وڵاتی ئاڵمانە. بەڕێزیان نووسەر و وەرگێڕێکی دیار و پڕکارە کە بەشێک لە نووسین و بابەتەکانی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چاپ و بڵاو کردووەتەوە. بەڕێزیان خاوەنی دەیان بەرهەمی زانستییە لە بوارە جیاوازەکاندا کە دیارترینیان: فەرهەنگی بیۆلۆژی ڕووسی- لاتین- فارسی کە لەڕیزبەندی فەرهەنگە یەکەمەکانە لە زمانی فارسی لەم بوارەدا. بەڕێزیان لە نووسینەکانیدا زانستی پزیشکیی بە زمانێکی ساکار بۆ خەڵکی ئاسایی شی کردووەتەوە و زنجیرە نووسراوی "فێر بین چۆن تەندروست بژین" یەکێکی دی لە بەرهەمە چاپکراوەکانی د. کامڕان ئەمینئاوەیە کە لەگەڵ "بنەماکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان" خوێندکارانی بەشە جیاوازەکانی زانستی پزیشکی سوودێکی ئێجگار زۆری لێ دەبینن و دەتوانرێ وەک سەرچاوەیەکی گرینگ پشتیان پێ ببەسترێ.

# پێشاندرانی «نانی پیرۆز»ی ڕەحیم زەبیحی لە ئەمریکا




فیلمی دیکۆمێنتیی «نانی پیرۆز» لە دەرهێنانی «ڕەحیم زەبیحی لە بەشی پێشبڕکێی سی و سێیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «بیگ ئسکای»ی ئەمریکا پێشان درا.

«نانی پیرۆز» دوایین بەرهەمی سینەماکاری کۆچکردووی کورد «ڕەحیم زەبیحی»، لە بەرهەمهێنانی سینەماکاری ناوداری کورد «توورەج ئەسڵانی» دەرهێنەر و بەرهەمی کۆمپانیای سینەمایی «ماد موڤی» لە دووەمین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا لە بەشی پێشبڕکێی «فیلمە نیوە بڵیندەکان» لە هەژدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دیکۆمێنتاری Big Sky لە وڵاتی ئەمریکا بە ناونیشانی یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی سینەمای بەڵگەفیلمی جیهان پێشان درا.

ناوی ئەم فیلمە کوردییە لەنێوان ١٠ فیلمی کاندیدی کۆتایی ئەم فێستیڤاڵەدا بوو کە جێگای متمانەی ئەکادیمیایی ئۆسکارە و ئەمساڵ لەلایەن دەرهێنەرانی فیلمی دیکۆمێنتاریی ٨٦ وڵاتی جیهان، ١٨٠٠ بەرهەم بۆ نووسینگەی ئەم ڕووداوە سینەماییە بەڕێ کرابوو.

«نانی پیرۆز» لە یەکەمین بەشداریی نێودەوڵەتی خۆیدا، لە بەشی پێشبڕکێی «فیلمە نیوە بڵیندەکان» Mid-Length لە سی و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ئەمستڕدام ـ «ئیدفا» IDFA لە وڵاتی هۆڵەند پێشان درابوو.

# هونەرمەندێکی کورد لە لایەن پاپای ڤاتیکانەوە خەڵات کرا

سڤێتلانە کەسییان، کچە هونەرمەندێکی کورد لەلایەن «پاپای ڤاتیکان»ەوە خەڵات کرا.

سڤێتلانە کەسییان، یەکێکە لە ئەستێرە ناودارەکانی ڕووسیە و جیهان و زیاتر لە ٢٥ ساڵە لەسەر شانۆ گەورەکانی جیهان بە دەنگە ئەفسوناوییەکەی گۆرانی ئۆپێرا دەچڕێ و چەند جارێک پاپای ڤاتیکان لە کۆنسێرتەکانیدا بەشدار بووە. پاپای ڤائیکان ناوبراوی بەهۆی خزمەتی هونەر و کولتوور خەڵات کرد و میدالیای «شاسواری سیلڤیستەری پیرۆز» و نازناوی «دامە»ی پێ بەخشیووە.

سڤێتلانەی بە ڕەگەز کورد یەکەم ژنە هونەرمەندی ئۆپێرایە لەسەر ئاستی جیهان لە مێژووی ڤاتیکاندا کە ئەو خەڵاتەی دەدرێتێ.

سڤێتلانە کەسییان، لە شاری باتومی گورجستان لەدایک بووە. و دواجار چووەتە ڕووسیە و خوێندنی لە پەیمانگای مۆسیقای میری تەواو کردووە. سڤێتلانە لە لێدوانێکیدا بۆ K٢٤ ڕایگەیاند کە بە تەمایە بۆ سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ گۆرانییەک بە زمانی کوردی تۆمار بکا.



# پڕۆژەی لەچاپدانی ١٠٠ کتێبی مێژوو جێبەجێ کرا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات زنجیرە کتێبێکی هزری و مێژوویی و سیاسیی بە ناوی "پڕۆژەی سەد کتێب" چاپ و بڵاو کردەوە.

حەسەن دانیشفەڕ، بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات لە لێدوانێکدا بۆ "کوردستان" ڕایگەیاند کە لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا یەکەمجارە پڕۆژەیەکی لەو جۆرە بە ئەنجام بگا. ئەو گوتی: بەرهەمە چاپکراوەکان، بەرهەمی قەڵەمی کورد و نووسەرانی بیانی و بەشێکیشیان وەرگێڕدراون و، سەرجەمیان سەرچاوەی بەسوود و باوەڕپێکراون و بایەخ و گرنگییەکی زۆریان لە گۆرەپانی ڕووناکبیریی کوردیدا هەیە.

"کوردستان" وێڕای دەستخۆشی لە کاک حەسەن دانیشفەر پێیوایە کە پڕۆژەی سەد کتێب، کەلێنێکی گەورە لە کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە.